وەتارێکی گرنگی سەرکردەی سەرکەوتن موهیب ڕوکن صدام حسین

ڕۆژگاری ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی

هاوکاری
التضامن

ساڵی ١٩٧٠
دامەزراوە

● پێنج شەممە ١٩٨٢/٦/٢٤ ژمارە ٦٤٣ ●
● الخميس ١٩٨٢/٦/٢٤ العدد ٦٤٣ ●

ڕۆژنامەیەکی لەفتانیە
٨ لاپەڕە
٥٠ فلسە

لەم ژمارەیەدا

● دەقی وتارەکە میژوویی سەرکردەی فەرماندە ل ٢ .
● تشرین . چیرۆک لە نەوەی ئەلانەوە . زنانەوانی ل ٣ . ل ٦ .
● لەبەر ڕووناکی ڕووداوەکانەدا ل ٥ .
● عیراقی ئەمڕۆ ل ٨ .

سەرکەوتن وڕێبەری میژووتان گۆڕی

ئێوارەی یەك شەممەی ڕابووردو بەریز سەرەکی فەرماندە سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان لە وتارێکی میژوویی سەرتاپا گیریدا ڕای گەیاند کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریاری داوە بەردەوام ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی دەسەلمێنێ و لەماوەی دە ڕۆژیشدا دەست دەکرێ بە کشانەوەی هێزەکانی عیراق بەرەو سنووری دەولەتی .

ئەمەش دەقی وتارە میژوویەکەی سەرکردەی کاروانی سەرکەوتومان (صدام حسین)ە :

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

برایانی عیراقی مەزن

سڵاوی سەربەرزیو شەرافەتمەندیتان لێ دەکەم ..

سڵاوی سەربەرزیو پیرۆزی .. ئێوەی خەڵکی عیراق لەسەری سەرەوە تا دوورترین شوێنی خوارەوە شایانی ئەم سڵاوەن .. شایانی ئەوەیشن ئیستایشو لەمەودوایش زیاترتان بەسەرا بوترێ .. کاتێ کە مێژوو ڕووداوەکانی ئەمڕۆ تۆمار دەکاو مانی پیاوانو ئەم گەلە مەزنە دەدا .

بە یارمەتی خوا ... کارێکی گەورەی واتان کرد ئیستاو لە دوارۆژیشدا ناوێکی گەورەی هەیە .. بۆ یەکەمجار لەمێژووی هاوچەرخی ئەتەوەو بەلکو لەڕووتانی ئەوتەنی عەرەبەوە پێش چەند سەدەیەك تائیستا توانیوتانە دەستکەوتێکی وا گەورە دەستخەن دانسقەبێ لەجۆریاو گەورەبێ لەکاریا .

وا لە بیست مانگ زیاتر بەسەر ئەو جەنگەدا تێپەڕی کەچوونە ناویەوەو ئیستایش بە سەربەرزیو تواناوە ڕاوەستاون لەگەڵ ئەو هەموو قوربانیانەدا کەبەزۆر هەڵمانبژاردوە .. جەنگەکەمان جەنگی بەرگریە بەڵام ئەوان ویستیان زیانتان پێبگەیەنن بۆ ئەوەی ورەتان پێبەردەنو سەرکەوتن لەچاوەکانتانو ... لەدڵو بازووتان بدزن .

برایینە .. ئازایانەو شەرافەتمەندانە شەڕتان کرد .. لەپێناوی خاکو ... سەربەرزیتانو .. کەسوکارو نیستاو دوارۆژی وڵاتەکەتان شەڕتان کرد .. لەپێناوی شەرەفی نەتەوەو سەربەرزی عیراقدا .

برایان .. هەر لەسەرەتاوە وتمان ئەو شەڕەی کە زۆرمان لێکرا تێیچین شەڕێکی بەرگریانەیە .. بەڵام جۆرێکی تازەبابەتی شەڕی بەرگریە چونکە ئێمە دەستەوسان نەوەستاین بەرامبەر دەستدرێژی .. نەمانهێشت دوژمنی زۆردار هێرش بەرێتە سەر وڵاتمانو شارەکانمان وێرانکاو سەری گەلەکەمان شۆڕبکاو پاشان دەست بکەینە گریان بەسەر وێرانەکانمانا وەك هەندێ لە حاکمە زۆردارەکان پێیان خۆشە بەرامبەر بەزایونیزمی زۆردار بیکەن .. ئەوانەی بەداگیرکردنی خاکەکانیان قایلبوونو شەرەفیان ئەتك کراوەو خەریکی پارانەوەو سەرشۆڕین .. و شیر بەرز ناکەنەوە بۆ ئازادکردنی خاکەکەیانو دەستخستنەوە سەربەرزیان .. ئێوە ئەمەتان نەکرد .

ڕۆڵە سەربەرزەکانی عیراق .. ئێوە شیرتان هەڵکێشاو کە دەستدرێژیتان کرایە سەرو بەتەواوی ئاشکرابوو کەوتنە حەنگەوە .. ئەمە هۆیەکی ئەو کینەیەبە کە ئێمە لەدڵەکان هەیانە بەرامبەرتانو ئەو حاکمە گومان لێکراو بێمێزانە هەیانە بەرامبەرتانو پاڵەوانیەکانتان بێهێزیو سەرشۆڕیانی دەرخست .. ئێوە دەزانن ئێمە دەستمان بەشەڕ نەکرد .. بەڵکو ڕژێمی تاران دەستدرێژیو شەڕەکەی دەستپێکرد .. ئەم ڕژێمەی کە دەستە گۆمان لێکراوەکانی سیاسەتی ئێوە دەوڵەتان هێنایە کار ، بێ ئەوەی لەگەڵ نیازە ئاشکراکانیا بگونجێ ناڕەوایانە عیراقی بە دوژمنی یەکەمی داناوە .. عیراق وڵاتێکی موسوڵمانی ئازادی سەربەخۆیە دڵسۆزانە دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم تێدەکۆشێو لەم تێکۆشانەیشیا قوربانی گەورەی داوە کەوابوو ئەوانەی شیعاری ئیسلامیان بەرزکردوەتەوە بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ دەکەن . برایان ئەمە ساختە چیەتیە .. حوکمدارانی تاران ئەم شیعارانەیان بەشێوەیەکی ساختەچیانە هەڵگرتوە بۆ ئەوەی خەڵکی پێبخەلەتێنن و پیلانە پیسەکانیانیان پێ بەرنەسەر کە لەلایەن زایۆنیزمو دوژمنانی نەتەوەی عەرەبەوە ئامادە کراون .

● **عیراقی بەهێز**

ویستیان ئاشووب لەعیراقدا بەرپابکەنو وێرانی بکەنو کەرت کەرتی بکەنو بیکەن بەچەند وڵاتێکی لەڕی سەر بە ئێرانو زایۆنیزمو دوژمنانی نەتەوەی عەرەب .. ویستیان سەربەخۆیی عیراقو یەکێتی یەکەی تێکدەنو ئەو بینا بەرزەی کە بە خوێنو ئارەق دروستمان کردوە بیڕووخێنن دوای ئەوەی وای لێهاتوە بەهێزو پتەوو ساغو سەلیمو پێشکەوتوو بوەو جێگایەکی بلندی لەناو عەرەبو مرۆڤایەتیدا دەستگیربوە . ڕژێمی گومان لێکراوی خومەینی باش ئەزانێ عیراق ئەو بەستە پتەوەیە کە باڵی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب دەپارێزێ .. و ئەگەر توانی ئەم بەستە بڕووخێنێ - نەخوازەللا - وا دەتوانێ تەماعەکانی بهێنێتەدی و باڵی دەستەڵاتی خۆی لەگەڵ زایۆنیزمو دەستەڵاتی وڵاتە بێگانەکە تەماعکارو مەلاس دەرەکان بێنێ بەسەر کەنداوی عەرەبو دوورگەی عەرەبو بەڵکوو هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا .

ئەوانە پێش ئەوەیش بێنە سەر حوکم شەڕیان بەعیراق دەفرۆشتو کەحوکمیشیان گرتە دەست پیلانەکانیان پەرەپێداو پەیمانی ساڵی ١٩٧٥یان شکاند وەك چۆن لەپێش ئەمانەوە شای ئێران پەیمانەکەی١٩٢٧یی شکاندو وایان لێهات پێیان دەوت گومان لێکراوەکە - هەوڵو تەقەللای وێرانکاری دژی عیراق دەستی پێکرد .. دانمان بە خۆمانا گرتو پەنامان بردە بەر ئەڤڵو دووربینیو هەندێ براو دۆست کەوتنە بەینەوەو هەوڵی دامەزراندنی پێوەندییەکی ئاساییان لەنێوان عیراقو ئێراندا کرد بەڵام سەرنەکەوتن چونکە ڕژێمی ئێران لەخۆی بایی بوربو .. و هەر سوورایشبوو لەسەر ڕێبازە دوژمنانەکەی دژی وڵاتو گەڵو نەتەوەمان . زۆر لەسەرخۆ لەهەموو هەڵوێستە دوژمنانەکەی ئێران بێدەنگ بووین بەڵام وای لێهات نەمانتوانی لەچوارچێوەی سەربەرزیمانا قبووڵی بکەین . بەڵام کە حوکمدارانی تاران دەستیان کرد بە ئامادەبوون بۆ هێرش بردنە سەر عیراقو هێزەکانیان لەسەر سنوورو خاکمان کۆکردەوەو هێزە ئاسمانییەکانیان ئامادەکرد بۆ لێدانی شارو دەزگا گرنگەکانمانو بنکە ئاسمانییەکانمانو کە دەستیشیان کرد بە بوردمان کردنی شارەکانی سەرسنوورمان لەناو ئەوو خاکانەماندا کە داگیریان کردبوو لە زین القوسو سیف سعدو هێلەو خضرو پاش ئەوەی تاقە دەروەکەی دەریامانیان لێگرتین کە ئەمانگەیەنێتە جیهان .. بێدەنگ نەبووینو نەیشئەبوو بیدەنگبینو پشتمان بەخوا بەستو بەرەنگاری سەرچاوەی دەستدرێژییەکەو هێزە چەپەڵەکانی بووین بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان بپارێزین چونکە باوەڕمان بە ڕەوایی هەڵویستمان بوو پشتمان بەگەلەکەمان دەبەست .

بەم جۆرە ئازایانە چووین بەڕووی کۆبوونەوەی سوپای دوژمنەوە کە لە خاکماناو لەسنوورمانا

بڕوانە ل : ٢

لەبەر ڕووناکی وتارە میژوییەکەی سەرەکی فەرماندەدا

عیراقی ڕاستگۆ... عیراقی سەرکەوتوو

عیراقی هەمیشە ڕاستگۆ ، هەمیشە سەرکەوتووە ، عیراقی کوردو عەرەب ، عیراقی بیناکاری بڵندی لوتکە، هەمیشەو لە هەموو جەنگە مەزنەکانیا دژی ئەوانەی قینیان لە بڵندی عیراقە ڕاستگۆ بووە ، بۆیە سەرکەوتوو بووە ، وڵاتێك ، شۆڕشێك کە لە زمانی سەرکردەوە ڕاستگو دەبێت ، کاروانەکەی بەرێگای ڕاستدا دەروات ، کاروانی سەرکەوتنو بەرەو لوتکەیە،(صدام حسین) ی ڕاستگۆ ، ڕۆڵەی کوردو عەرەب، پاڵەوانی دەستکەوتە مەزنەکانی: ئۆتۆنۆمی کوردستان، خۆمالی کردنی نەوت ، پێشیل کردنی هەموو ئەو پیلانانەی دژی سەربەستی عیراق کران ، ئەمجارەش ڕاستگو ، بە باوەڕەوە ، لەگەڵ گەلەکەی کوردو عەرەب لەگەڵ هەموو فێر خوازیکی سەر ڕووی زەمینماتە قسە ، بە توندیو وەك شێری باوەڕ بوو بە خۆ بەروو دوژمنەکانی عیراقی لوتکە هاتە قسە ، وتی هەموو ناکوکیەکانی دنیای سەیری ئەمڕۆ گەلە کۆمەکیان لە ماوەی هاندانی خومەینی جادوو گەرەوە لە سەربەستیو سەربەرزی عیراق کرد ، بەڵام عیراقی خۆ ڕاگرتو ، عیراقی هەستاوەی ڕۆشتو بەرەو لوتکە هەموو خەونەکانی ئەوانەی گۆڕ کرد . بەڵی ، چونکە عیراق، لە زمانی سەرکردەی کاروانەوە ، لە باوەری گەلەوە ، لە یەکیتیو یەك ریز وەستانیاو لە کاروانی بیناکاریو جەنگیندا ، ڕاستگۆو بە باوەڕە ، هەمیشەش سەرکەوتوو سەربەرز دەبێتو بۆ پێشەوە .

● هاوکاری ●

ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابردوو

● **دەستی ڕێزنان لەهەنگاوەکەی عیراق**

هەموو هێزە خێر خوازەکانی دنیا ڕێزیان نا لە هەنگاوە مرۆڤایەتییە پیاو چاکیەکەی عیراق بەوەی بریاریدا هێزەکانی لەئێران بکێشتەوە تا بیانوو بەدەست ڕژیمی ئێرانەوە نەمێنێ کونگرەی ڕێکخراوی ئیسلامیو ئەمینداری جامعەی عەرەبیو سەرەکاتی چەند وڵاتێکی عەرەبیو بێلایەن ئەسی ڕێزیان ناوە لەم هەنگاوە ئازایانەی عیراقی شۆڕش .

● × ●

گەلی فەلەسینی خۆراگرتو

تا ئیستا بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینو هێزە نیشتمانیەکانی لوبنان مەردانە بەرووی هێزە داگیرکارەکانی زایونیەکاندا دەجەنگن لەکاتێکدا ڕژیمی سوریا پشتی کشێ دەکات لەبەردەم هێزەکانی زایونی داگیرکاردا قسەکەریکی عەسکەری زایونی دوژمن دانی بەوەدا ناوە کە چەکدارەکانی بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین بەتوندی دەچن بەگژ هێزەکانی دوژمنداو پیرێ دوو هێرشی زایونیەکانیان لە خوارووی بەیروت تێك شکاندوە .

● × ●

● **دژی ڕژیمی خومەینی**

پێری هەزارو پێنج سەد کەس لەپاریسدا لەسەر داوای کۆمەڵی قوتابیە موسوڵمانەکانی دۆستی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق خۆپیشاندانیکیان دژی کردەوە نالەبارو جانەوەرانەکانی ڕژیمی خومەینی ڕێکخستو بۆ ئەوەی هاوکاری خۆیان لەگەڵ گەلانی ئێراندا دەربڕن کە دژی ڕژیمی خومەینی ئێدەکۆشن .

● × ●

چەنگاوەرە سەرەکانی سوپای عیراق قەڵغانی بەرگری کردن لە سەربەستی و سەربەرزیمان

لەو ڕۆژەوە کە بەیاننامە میژوییەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچووە دوای ئەوەش وتارە میژوییە گرنگەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین،هێزە دلێرەکانی سوپای عیراق لەبەرەکانی جەنگدا ڕووبەڕوی ڕژیمی ئێرانی ڕەگەزپەرست خۆی بەستۆتەوە بە ناوەڕۆکی ئەو بەیاننامەیەو ووتە گرنگە میژوییەکەی سەرەکی فەرماندەو هیچ چالاکیەکی عەسکەری نەتوانداوەو تەقەی لە هێزەکانی ئێران نەکردو بەڵام، دوژمنی ڕەگەزپەرست بە پێی هەڵویستی دوژمنایەتیو چاوبرسیەتی پوچەڵی ، چەندان جار هێزەکانی ئێمەو شاری بەسەری تۆپباران کردوە ، کە ئەمە هێزەکانی سوپای عیراقی ناچار کردوە . وەلامیان بدانەوەو سەرچاوەکانی دەستدرێژیان سەرکوت بکات .

لە بەیاننامەکانی : ٧٤٤ تا ٧٥٠ ئەوە ڕاگەیەنراوە .. هێزە دلێرەکانی سوپای عێراق ، دەقی بەیاننامەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو ناوەڕۆکی وتارە میژوییەکەی سەرەکی فەرماندە جێبەجێ دەکات ، بەڵام کە هێزەکانی دوژمن دەستدرێژی دەکەنە سەر هێزەکانمانو شارەکانمان ئاگرباران دەکەن ، هێزە مەردەکانمان ئازایانە بەرپەچی سەرچاوەکانی دەستدرێژی دوژمنیان داوەتەوەو زیانی سەرومالی زۆریان پێگەباندونو ژمارەیەکی کوژراو بریندارو بەدیلگیراو لە هێزەکانی دوژمن بووەو سەرەڕای ئەو زیانەی لە ئالەتی شەڕی دوژمن دراوە .

سەربازە جەنگاوەرەکانی سوپای عیراق ، کە ئەمە چەند ڕۆژە لە سەربریاری بەرپرسیارانەی سەرکردایەتی لەخاکی ئێران دەکشێنەوە بۆ سەرسنووری دوەلی بەڵێن نوێ دەکەنەوە کە مەردانە وەك هەمیشە وابوون بەرگری شێرانە لە سەربەستیو سەربەرزی عیراقو بەختەوەری گەلەکەی بکەنو هەموو بستە نەرزێك گورستانی دوژمنو خەونە چنوکە چەپەڵەکانی دەبێتو عیراقی لوتکە هەربەرەو سەرکەوتنی بەردەوام دەڕواتو ئالای سەرکەوتنمان نانەوێو چارەنووسی دوژمنیش هەر ڕووەشیو دۆڕاندنە .

Institut kurde de Paris

وەتارە مێژووییەکەی سەرکردەی سەرکەوتن صدام حسین ... «پاشماوە»

گۆڕبوونەوەو هێزەکانی دوژمنمان بەرەو دوا پـال پێوەناو تاقوولایی حاکی ئێران راومانناو بەم جۆرە خاکو شارەکانمان پاراست ٠

● **نامانەوێ خاکیان داگیرکەین**

برایان هێزە ئازاکانی عیـراق ئەرکـە بەرگریەکانیان لەشەش ڕۆژدا بەجێهێنـاو دەستەڵاتی خۆیان کێشا بەسەر هەندێ خاکو شارو شوێنی زۆر گرنگدا لە ناو ئێراندا و پاراستنی عیراقی دابین کردو دوای چەند هەفتەیەکـی کەم لـە دەستپێکردنی شەڕ هێزەکانمان بە تەواوی وازیان لە پێشکەوتن هێنا لە خاکی ئێراندا ٠٠ هەندێ کەس ئەو کاتە دەیانوت بۆ عیراقیەکان ئەم شارە یا ئەو شارە یا ئەو جێیە داگیر تاکەن ٠

ئێمەیش بە ئاشکرا ئەمانوت ئێمە نیـازی داگیرکردنی خاکو شاری ئێرانمان تیە هەر بۆ مەبەستی داگیرکردن یا هێشتنەوەی بە دەستمانـەوە ٠٠ ئێمە لەبەر ئەوە ناچاری ئەوە بووین پەنابەرینـە بەر ئەم ڕێگایە چونکە ویستمان بەرگری بکەین لـە وڵاتمانو عیراق ئەو قووڵاییە جوغرافیایەی نیە کـە وامان لێبکا بتوانین لە خاکی خۆمانەوە سنوورمـان بپارێزین ٠ ئێمە ئامادەین هەموو کاتێ لە خاکـی ئێران بکشێینەوە ئەگەر ئێران دان بە سنوورو مافو سەربەرزیو مافمانا بنێ لە هەڵبژاردنـی ئـەو ڕژێمە سیاسیو کۆمەڵایەتیەی کە دەمانـەوێ ٠٠ ئەوسایشو ئیستەیش ئێمە ئەمە لە هەڵوێستـی توانای لەشکریەوە دەڵێین کە هیچ گومانـی تێدانیە ٠ بەڵام ڕژێمی ئێران لەگەڵ شکانی سوپایدا هەر سووربوو لەسەر ڕێبازە دەستدرێژیەکـەیو ئارەزووی گرەوی لەسەر ئەوە دەکرد کە شـەڕو بەردەوامبوونی ئامانجەکانی دێنێتە دی ٠

برایان ئێمە لەسەرمان نووسرابوو کە شـەڕ بکەینو ٠٠ شەرێکی ئازاو بەشەرەفانە بکەیـن ٠٠ لەسەرمانبوو بارێکی ئاناسایی وا ببینین کە لـە زۆرانبازی نێو دەوڵەتانا شتی وا ڕووی نەدابێ ٠٠ کە بڕێتیە لەوەی دەوڵەتێك ناچاربێ بچێتە ناو خاکـی دەوڵەتێکی ترەوە بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێو لە هەمان کاتیشدا هەموو ڕۆژێ بڵێ کەوا ئامادەم لەو خاکـە بکشێمەوە بێ هیچ مەرجێك ئەوە نەبێ دان بـە سەربەرزیو مافەکانما بنرێو بەس کەچی دەوڵەتـە شکاوەکە نەیەوێو هەر سووربێ لەسەر بەردەوامبوونی شەڕو هەر خەریکی هەڕەشەو بـێو ئارەزووی لووتڕەندنەناو کاروباری ناوخۆی عیراقو دەوڵەتەکانی ناوچەکە دووبات بکاتەوە ٠٠ لـە هـەموو ئەو گفتوگۆیانەدا کە لەگەڵ ئەوانەدا ئەمانکرد کـە دەبانوبست بکەونە بەینمانەوە لەگـەڵ ئێرانـدا حوکمدارانی تاران ڕەفزیی ئەوەیاندەکرد باسـی گفتوگۆ بکرێو بە ئاشـتیانە بگەینـە ئەنجامو ئەیانوت ئەبێ لە گزەڕەپانی شەڕدا چارە بدۆزرێتەوە٠٠ زۆر لەو برایانە کە خەریکی هەوڵو تەقەلابوون داوای ئەوەیان لێ دەکردین هەندێ نەرمی پیشانبدەیـن لێرەو لەوێدا ٠٠ لە پێناوی ئامادەکردنی بارێکـی وادا کە لاکەی تر قەناعەت بکاو شەڕ ڕاوەستێنی بـە گوێی ئەمەیشمانکرد ٠٠ بە گوێی ئەو بانگـەی سەرەکی باکستانمان کرد کە لە تشرینی بەکەمـی ١٩٨٠ دا دەریکرد بو ئەوەی لە لایەکەوە شـەڕ ڕاگرین ٠٠ هەروەها ئامادەییمان پیشاندا بۆ بانگەوازی چەند لایەکیتر بەوەی بۆ ئەوەی نیازپاکی دەرخەیـن لە هەندێ شوێن بکشێنەوە ٠

● **دەسنیشانکردنی دەستەریژی کەر**

بەڵام ڕژێمی ئێران بەمانە هیچی قایل نەبوو ٠٠ هەر سووربوو لەسەر بەردەوامبوونی شەڕو تـا ئیستایش هیچ بەیاننامەیەکی ڕەسمی لە کاربەدەستێکی ئێرانو بە تایبەتی لەوانەوە دەرنەچـوە کـە بڕیاردەرکردنیان بەدەستە لە ئێرانا ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئێران دان بنێ بە سنووری زەوی یا ئاوی نێـوان عیراقو ئێرانا ٠

دوژمن زۆر باسی پێویستی دیاریکردنـی دەستدرێژیکەرو تاوانبارکردنی دەکاو ئێمەیش ئەو لیژنانەمان ئاگادارکرد کە کەوتوونەتە بەینەوە کـە ئێمە ئامادەین بۆ ئەم شتە ٠٠ لە نۆزدەی مانگـی مارتی ١٩٨٢ یشدا بە نامەیەکی نووسـراو بـە سەرەك احمد سیکۆتۆریمان گەیاند کە وا عیـراق حەزی لە دامەزراندنی لیژنەیەکی ئیسلامی هەیـە بۆ ئەوەی بگەڕێ بە شوێن ڕاستـیاو ئـەوە دەسنیشانبکا کە دەستدرێژی کردوەو پێش ئەمەیش سەرۆکایەتی جووڵانەوەی بێلایەنمان ئاگادارکرد کە وا عیراق ئامادەیە باسی ئەمە بکاو ٠٠ لێکۆڵینەوەیەکی تێکڕا بکا لەبارەی ئەو لایەوە کە دەستی کردوە بـە دەستدرێژیو شەڕ ٠٠ لە بیستو چواری نیسانـی ڕابوورودویشدا پێشنیارێکمان لە نامەیەکی ڕەسمیدا دایە خوا لێخۆشبوو مەلیك خالید بەو ناوەی کـە سەرەکی کۆنگرەی ئیسلامییەو بەسـەرەك احمـد سیکۆتۆری بەو ناوەی سەرەکی لیژنەی هەوڵـی چاکەو وتمان تیایا کە لیژنەی ئیسلامیو کۆنگـرەی ئیسلامی ناوگژیبکا لەو ناوکۆکیەدا کە لە نێوان عیراقوئێراندامەیە ٠٠ و عیراق ئامادەیە چی بڕیار بدەن بە گوێیان بکا ٠٠ پێشنیارێکی هەمە چەشنیشمان دایە سەرەکی جووڵانەوەی بێلایەن سەرەك کاسترۆ لە ٢٥ی ئایاری ١٩٨٢ دا ٠

لەو وتارەیشمدا کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی لە ١١ ی نیسانی ١٩٨٢دا خوێندمەوە بڵاوم کردەوە کە عیراق ئامادەیە هەموو هێزەکانی لە خاکـی ئێران بکێشێتەوە بێ هیچ مەرجێکی پێشەوە ئەگەر ئەوە بە تەواوی مسۆگەر بکرێ کە ئێران بـەردەوام ـ نابێ لەسەر دەستدرێژی بۆ سەر عیراق ٠

ئێمە ئەم بیرانەمان بە گیانێکی ئیجابـیەوە لەگەڵ لیژنەی ئیسلامیو لیژنەی وڵاتە بێلایەنەکانو نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باس کردبوو ٠ لەم دواییەیشدا لیژنەی هەوڵی چاکـی ئیسلامیمان ئاگادارکرد کە وا ئامادەین بانگەوازەکەی جێبەجێبکەینو بچین بۆ مەککەی موکەررەمە بۆ ئەوەی بگەڕێین بە شوێن چارەیەکی ڕەواو شەرافەتمەنـدا بۆ ئەم ناکۆکیە ٠٠ بەڵام ڕژێمی ئێران بانگەوازەکەی لیژنەی ئیسلامی وەك هەموو هەوڵو بانگەوازەکانـی تر ڕەفزکرد ٠ ڕژێمی ئێران گوێی نەدایە هەموو ئەم هەوڵیستانەو هەر سووربوو لەسەر شەڕو ڕەفـزی ئەوەیکرد هیچ جۆرە بەڵێنێك بدا لەبارەی دانان بە سنووری بەینی عیراقو ئێرانو گەیشتن بە هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکی ئاشتیانەو مەرجی وای دەرئەخست کە ئەیزانی عیراق پێی ڕازی نابێ چونکە مەرجێکـی وابوون مانای سەرشۆڕکردنبوونو لەگەڵ ڕێبـازی سەربەرزیو قانوونی نێو دەوڵەتانو پێوەندی نێـو دەوڵەتانا ناگونجێنو زیان بە شەرەفی عیراقو مافـی دانیشتوانی دەگەیەنن لە هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانـی خۆیانا ٠

ئەم هەڵوێستە مانای چیبوو ٠٠ ئەوە نەبێ دەبێ گیروگرفتەکانی سەرسنوورو مافەکان هەرنەبـێ بە چارەنەکراوی بهێڵرێنەوە تاوەکو ڕژێمی ئێـران هەر بە چاوە تەماءکارە بەرفراوانەکەی خۆیەوە بـۆ ئەو تامانجە گومانلێکراوانەی خۆی ئیشبکا کە پێی سپێرراون ٠

هەڵوێستی ئێران لەوە زیاتر هیچ مانایەکی تری نیە ٠٠ ئەمە تاقە مانای هەڵوێستی ئێرانە کە لەگەڵ ئەوەدا هێزەکانی عیراق لە خاکیایەتـی نایـەوێ سنووری ئێرانو سنووری عیراق دەسنیشان بکـاو کارپش لەمەدا ڕانەوەستا بەڵکو کـاربەدەسـتە کەورەکانی ئێران قسەی وایان بڵاودەکردەوە کە دان بە سنووردا نانێنو دەیانەوێ دەستەڵاتی خۆیان بەسەر وڵاتە ئیسلامییەکانی تردا بکێشن بەو بیانووە درۆیەی کە ئەوان نوێنەری ئیسلامنو لەڕاستیستدا ئـەوان دوورترین کەسن لە بیروباوەڕو کردەوەی ئاینـی ئیسلامی پیرۆز ٠

ڕژێمی خومەینی گرەوی لەسەر ئەوە دەکرد کە بەردەوامبوونی شەڕ نەبێتە هۆی کزکردنی عیـراقو وای لێ دەکا بتوانێ بێتە ئەدیوی سنوورمانـەوەو نیازە نەوسنەکانیو ئامانجە گومانلێکراوەکانـی جێبەجێ بکا ٠٠ ئەگینا ئەبێ چۆن مانای سووربوونی لێك بدەینەوە لە سەر ئەوەی نەیەوێ خاکەکەی ئێران وەربگرێتەوە هەر بەوەی بەڵێنـی ڕێزگرتنـی سەربەرزی عیراق بدا ٠

● **ناکۆکی سەیر**

ئەم شەڕەی کە ڕژێمی تاران بەرپای کـردوە دژمان شتی سەیری وای دەرخستوە گرانەنبوو تێیان بگەین ، بەڵام سەیربوون ٠٠ ئەم ڕژێمە گومانلێکراوە کە بە فێڵو فڕ بەنسە بێ وچان جنێوی بە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادەداو گاڵتەی بە یاسا نێودەوڵەتییـەکان دەکردو بە شێوەیەکی وا دەجووڵایەوە لە شـێوەی قەوارەی زایونی زیاتر لە هیچ نەدەچوو لە گـوێ نەدانە پێوەندییەکانی نێو دەوڵەتاندەداو گاڵتەکردن بە هەمو ئەو داب و نەریتانەی کە پێوەندی نێو گـەلان ڕێك دەخەن وەك ڕێزگرتنی سەربەرزی خەڵکـیو لووت نەڕەندنە ناو کاروباریانەوە ٠٠ لـەگـەڵ ئەوەیشدا لای زۆری وا هەیە لەوە دەچێ کە بیروباوەڕی سیاسیو بەرژەوەندی ستراتیژی نێوانیان ناکۆکییان تیابێ کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا چاودێری ئەم ڕژێمەیان دەکردو یارمەتی مادیو سوپاییو سیاسیو ئیعلامییان پێشکەشی دەکرد ٠

قەوارەی زایۆنی چەكو جبەخانەو پارچـەی پێویستو شارەزاییو زانیاری پێشکەش ئێران کردو لە هەمان کاتیشدا ڕژێمی سووریا چاوی خۆی لەمـە دەنووقاندو هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی خومەینیدا دەکرد دژی عیراق ٠ هەر لەو کاتەدا کە ڕژێمی خومەینـی چەكو پێویستییەکانی لە سەرچاوەکانی ڕۆژئاواوە وەردەگرت حکوومەتی کۆریای سەرەوە لە سەرەتای شەڕەوە پردێکی ئاسمانی بـۆ ئـەم ڕژێمـە ڕێكخستبوو کە جنێو بە وڵاتە سۆشیالیستەکاندەداو چەكو جبەخانەو پسپۆڕی ئەدایە ٠ وڵاتـی وا لای ئێرانی گرتوە کە لەسەر مەردوو ئۆردوگا ناکۆکەکـە ئەژمێرێنو دوو ڕژێمی عەرەبیش بەلای کەمەوە چی توانایەکی سوپایـیو پووڵـداریو سیاسـیو ئیستخباراتییە کە هەیانە بێ شەرمانەو بە شێوەیەکی ئاشکراو ڕوون بۆ یارمەتی ئێرانیان تەرخانکردوە ٠٠ ئەمە بێجگە هەڵوێستی چەندەها حزبو جووڵانەوە لە ناوچەکەدا کە هەزار ناکۆکی لە نێوانیانا هەیە ٠٠ بەڵام هەموو کۆبوونەتەوە بۆ پشتگرتنی ڕژێمـی خومەینیو دەستدرێژیو پیلانی بۆ سەر عیراق ٠

سەیریش ئەوەیە هێزە گەورەکان هەر خەریکی سەیرکردنی ئەو ناکۆکییە خوێناوییەن کە ئـەم ماوە درێژە لە نێوان ئێمەو ئێراندا بەردەوامـەو هیـچ جۆرە هەوڵێکیان نەداوە بۆ ڕاوەستاندنـی شەڕ هەرچەندە هەمیشە خێرا هەوڵی ڕاوەستاندنـی ناکۆکییە سوپایییەکانی جیهان دەدەن ٠٠ کە چەند ڕۆژێ یا چەند هەفتە بە زیاتر ناخایەنن ٠٠ هەرچەندە ئەم ناوچەیە کە شەڕی تیایە زۆر ناسکەو پێوەندی بە بەرژەوەندی نێو دەوڵەتانیانـەوە هەیـە ٠ زیانی هاوچەرخی نێو دەوڵەتان بارێکی وای نەدیوو کە شەڕێك دووساڵبێ بەردەوامبێ هیـچ جۆرە هەوڵێکی بۆ نەدرێ بۆڕاگرتنی هەرچەندە لە یەکێـك لە گرنگترین شوێنەکاندایە ٠

● **بە تەنها شەڕتان کرد**

عیراقییە پاڵەوانەکان ٠٠ تاوا بـەم جـۆرە بەرەیەکی پان دژتان پێکهات ٠٠ پڕ بوو لە هەمـوو ناکۆکییەکانی باری عەرەبو دەوڵەتان ٠٠ بەڵام ئێوە حیساباتی هەموو لایەکتان شێواندو سەلمانتان کـە ئەو باوەڕەی هەتانە بە مەسەلەکەتانو بەرگرێکردنتان لە وڵاتو نەتەوەکەتان تای تەرازووی ئێوەی سەرخستوە ٠

ئێران لە پانتاییو دانیشتواندا لـە عیـراق گەورەترەو لە زۆر ئەلقەی هونەریشدا پێش عیراق کەوتوە ٠٠ لە چەکدا ٠٠ لە جبەخانەی سوپاییدا ٠٠ لە پیشەسازیداو لە لاکانی تریشدا ٠٠ بەڵام لەگـەڵ ئەوەیشدا عیراق بەو باوەڕەی ڕۆڵەکانی هەیەتیو بە ئازایی هێزە چەکدارەکانیو بەوەی کە شۆڕشـس توانیویەتی دەستیبخا توانی بەسەر ڕژێمی خومەینیدا سەربکەوێ لەگەڵ ئەو هاوکاریە گومانلێکراوەیشدا کە لە بارو دۆخێکی وا گراندا شەڕتان دەکـرد ٠٠ ئێوە بە گژ دوژمنێکی لە خۆتان گەورەتردا چوونو بە گژی هاوکاریەکی پیسدا چوون کە زۆر لە دەوڵەتو لا دوژمنەکانی تێدابوو ٠٠ چوون بە گـژا شعاری ساختەو درۆو دەلەسەداو بیستویەك مانگ لـە خاکی دوژمندا لە شەڕابوون لە گەلیا دوای ئـەوە سوپاکەیتان لە قووڵایی خاکەکەی خۆیا ڕاونا تـا ئەحوازو چوونە خەفاجیەو سەرپێلیزەهاو و گەیلانو گەیشتنە قەراغ دیزفولو شاری شووش و شـاری غەرب و دەستەڵاتتان نابوو بە سەر زیاتر لە بیست هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشەی خاکیا کە ئەکاتـە دوو ئەوەندەی پانتایی لوبنانو هێشتا سوپا بەجەرگە کەتان دەستی بەسەر چوار شاری ئیراندا گرتوە کـە بڕێتین لە قەسریشیرینو سـۆمارو مـەهرانو خەسرەویو خاکێکی زۆر ٠

لەمە هەموویا هەر خۆتان شەڕتان دەکرد ٠٠ هەندێ برای عەرەب بە سوپاسەوە لایی گرتیـن ٠٠ بەڵام ڕاوەستانەکەی لە کاری تەواوی ناو گۆڕەپانی کاری سوپاییدا ئەوە پووچەڵ ناکاتەوە کە بە تەنهـا شەڕتانکردوە بێجگە لە ژمارەیەکـی کـەم لە برا ئازاکانتان لە داوەتەلەبە عەرەبەکان کە غیرەتیـان نەیهێشت بەشداری نەکەن لەم شەڕە نەتەوەییە ئازاو بەشەرەفەدا لە کاتێکدا هاوسوێندەکانی ئێران لـە عەرەبو غەیری عەرەب بە ڕەسمیو ئاشکراو بە هەموو شێوەیەك لەگەڵیا وەستان ٠ ئەمە هۆی بنەڕەتـی ئەوەیە بتوانێ ئەو زەویو زارەی کە گێڕایەوە بەشەر بیگێڕێتەرە ٠

جا ئەگەر ئەو پشتیوانییە فراوانو ئاشکرایـە نەبوایە بە توانای تەنیا خۆی نەیدەتوانی هێزەکانمان لە جێگای خۆیدا بحوڵێنێ هەر وەك ئەمە لە مـاوەی ساڵی یەکەمی شەڕدا ساغبووەوە کاتـێ هەمـوو هێرشەکانی ئێرانییەکان بۆ سەر هێزەکانمان تێکشکا٠

برا مەزنە عیراقییەکان

هەر ئەوڵایەنانەی لەسەرەتای جەنگەوە تا ئەمڕۆ دژتان یەکیان گرتو لەگەڵ ناکۆکیو جیـاوازی قازانجیان یارمەتی ڕژێمی ئێرانی سەرنەکەوتـوو ڕوخاویاندا تاوەکو هەڵیبستێننەوە سەرپێو خـۆی بە پێوە بگرێو شەر دژتان نەوەستێنێو ببێتـە سەرچاوەی تۆقاندنو توندو تیژی لە ناوچەکەدا ٠٠ هەمان ئەو هێزانە ئەمڕۆ ئەنجامی شـەڕەکانـی نێوانمانو نێوان ئێران وایپشان ئەدەن کە شکاندنی عیراقەو سەرکەوتنی ئێرانە ٠

ئەوانە ڕاستی سەرەوخـوار دەکەنـەوەو مەعلوماتی درۆزنانە بڵاو دەکەنەوەو پڕۆپاگەنـدەی ساختە دەکەن تا بگەنە ئەو ئەنجامەی بێهێزکردنـی مەعنەویاتی عیراقو نەتەوەی عەرەبی تێدابێ ٠٠

ئەوانە هەموو ڕاستییە جەوهەریەکانیان لەم هەڵوێستەدا لەبیر دەبەنەوە ، ئەوانە ئەوە لەبیـر دەبەنەوە کە ڕژێمی خومەینی دەستی کردە دەستدرێژی کردنە سەر عیراقو ئەو بوو داوای داگیرکردنـی عیراقی ئەکردو ئەوبوو داوای گۆڕینی ڕژێمـە شووڕشگێڕییەکەی عیراقی دەکرد ٠ ئەوان ئـەوە لەبیر دەبەنەوە کە عیراق لە سـەرەتاوە ئارەزووی پەیوەندی سروشتی لەگەڵ ئێرانو پەیوەنـدی هاوسێیەتی باشی ئەکرد ٠٠ ئەزان وا بۆ کارەکـە چوون کە عیراق ئەیەوێ لەسەر حسابـی ئێران بەربڵاوی بکاتو لەمەشدا سەرنەکەوتووە ئەمەش لەکاتێکدا کە هەمووان ئەزانن کە ڕژێمی خومەینـی بوو کە تا ئیستاش هەر باسی سەپانی دەسـەڵاتو توانای لەعیراقو وڵاتانی ناوچەکەدا ئەکات ٠٠ ئـەو لەم بەرنامەیەیدا سەرنەکەوت نەك عیراق ٠٠ ڕژێمی خومەینی بوو بە درێژایی دوو ساڵ لە دەرگاکانـی ناوخۆیدا کوشتار ڕوویدا تاوەکوتەلیسمەکـەی پووچبووەوە ٠٠ ئەوبوو کە زیانی گەورەی لێکەوت ٠٠ تەنانەت ڕاستی هونەری سوپاییشان پێچەوانـە هەڵگێڕاوەتەوە کە شارەزاکان ڕاستییەکانی ئەزانن٠٠

وای بۆ چوون هەموو جوڵانێکی ئێران هەرچەندە پچووکیش بێ سەرکەوتنەو ٠٠ ئەمەشـس لەگـەڵ ئەوەدا بوو تەقلای ئەوەیان ئەدا کە لە پایـەی دەسکەوتە سووپایییەمزنەکانی عیراق کەمکەنەوە ٠

ئەیانوت سووپای عیراق لە هاوینا چـوە ناو خاکی ئێرانەوەو لە زستاندا تووشی نارەحەتی ئەبێو لە لیتاوی عەرەبستاندا نوقوم ئەبێ ٠٠ سـووپای عیراقیش بە هاوینو پایزو زستان ، هەشت وەرز بە توانانو ئازایانە جەنگا ٠

سووپای عیراق توانی بگاتە دوورترین خاڵ کە لە کردەوەکانی ئەبلولی ١٩٨٠دا نەخشی بـۆ کێشرابوو ٠٠

ئەمەش لە کاتێکدا ئێران تەقەللای ئەداو ئیستاش بە درێژایی بیستو یەك مانگ تەقەللا ئـەدات ئەوزەویانە بگەڕێنێتەوە کە عیراق لەو ماوە کەمەدا داگیری کردبوونو ٠٠ تا ئیستاش نەیتوانیوە کـە بیانگەڕێنێتەوە ٠

● **زیانی ئێران گەورەیە**

لە هەموو شەرێکدا ، ئێران زیانـی گەورەی لێدەکەوت کە ناکرێ هەر حکومەتێ بەرگەی بـەر پرسیاری وڵاتەکەی دەگرێو بەتەنگ هاووڵاتیەکانیەوە دێ بەرگەی بگرێ ، ئێران بەهەزاران هـەزار لاوو پیرو منداڵی پاڵپێوە دەنا تا لە کێڵگە لە غماویەکانداو بە گوللەی بەرگری عیراق بکوژرێن ، زۆر لـە چەکدارەکانی هێزە جەنگاوەرەکانمان هەتا تەقەمەنی تەواودەکرد دەجەنگی ، جا مانای ئەمە لـە ڕووی چەندیەتی ئەو زیانەوە لە دوژمن دەکەوێ دەیزانـن ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سەربرینخانەیەی حوکمڕاکانـی تاران دروستیان دەکرد ناوی سەرکەوتنیان لێدەنا هەموو ئەو گەلانەی کە جەنگاونو هەمـوو ئـەو شارەزایانەی مانای شەڕ دەزانن وەك زۆران ستراتیژی دەتوانن بگەنە سەرئەنجامێکی مەوزوعی کە ئەوەیـە عیراق لەم ڕوو بەڕوو بوونەوەیەدا سەرکەوت چونکە توانی ئامانجەکانی بەرگری بەجێ بهێنێ لە کاتێکدا ڕژێمی ئێران شکاو شکاندنێکی میژوویی و عەسکەری شکا ، چونکە لەبەدی هێنانی ئامانجی دوژمنایەتـی کاریو خۆفراوانکردنیا سەرنەکەوت ٠

عیراق لە ماوەی بیستو یەك مانگا توانـی بەرپەچی دەستدرێژیکاری ئێران بـۆ سـەر خاکو شارەکان بداتەوەو شەڕ بگوێزێتەوە بۆ نـاو خاکی دوژمن ، لەگەڵ ئەومشدا کە ئێران توانی هەندێ بەشی گرنگی خاکەکەی بەشەڕ بسەنێتەوە ئەمە لـە ڕاستی سەرکەوتنی عیراق ناگۆڕێ ئەگەر نیەتـی ئێرانمان بەر لەشەڕو کاتێ شەڕ بە بەر چاو وەرگرتو لەگـەڵ نیسـبەتی ئێران بەرامبـەر عیراق لـە ڕووی دانیشـتوانو پانتایـی خاکەوە ، یان ئەگەر نیسبەتی زیانی هەردوولامان لـە شەڕدا بە ئەفرادو ئابوریو کەرەستەی جەنگ بـە بەرچاو خست ٠ یان ئەگەر ئەومان بەرچاو خست کە شەرکەری ئێرانو سەربازی ئێران لە خاکەکـەی خۆیدا شەڕی دەکردو سەربازو جەنگاوەری عیـراق لەدەرەوەی خاکەکەی خۆی دەجەنگی ٠

ئەوانەی لێکدانەوەو مەعلوماتی ساختە بـڵاو دەکەنەوە بێگومان ئەم ڕاستیانە دەزانن بـەڵام نایانەوێ بوترێ وڵاتێکی عەرەبی وەك عیـراقو سوپایەکی عەرەبی وەك سوپای عیراق توانـی ئەم هەموو دەستکەوتانە بەجێبهێنێو بەرگەی شەرێکـی گرت بیستو یەك مانگی خایاندو لە چوارچیـوەی ڕۆژگارێکی عەرەبی ودەولی زۆر خراپدا وەك دەستمان بۆ کێشا ٠

دیار بوونی ئەم دەستکەوتانە گۆڕانێکی ئەساسی لە حسابی سەنگی هیزدا لە نێوان ئەتەوەی عەرەبو نێوان زایونی دوژمنو چاوچنۆکەکان بەرامبەر خاکی عەرەب دروست دەکات ٠

ئەوانە تەقەللای ئەوە دەدەن بە عیراقیەکـانو عەرەبەکان بڵێن ئێوە لەبەردەم ڕژیمی خومەینـیدا شکان ، لە کاتێکدا شکاو هەڵاتو ئەو ڕژێمە شەقو شرەیە کە هیچ هویەکی مەبدەئیو واقعی بۆ بەردەوامیو مانەوەی لە خاکی ئێران نەماوە ، دوای ئەوەی پوچەڵیو هاوسوێندی لەگەڵ زایونیەکان دەرکـەوتو دوای سیحرەکەی وەك وتمان بەتاڵکرایەوەو وەك ڕژێمێکی دواکەوتوو بێهیز دەرکەوتو وەك دڕندەیەك گەلانـی ئێران قینیان لێی دەبێتەوەو خەباتی لێ ڕزگاربوونـی دەکەن ، دوای ئەوەی هەندێ لە دەوڵەتە گەورەکـان سەرمرای هەندێ دەوڵەتی ناوچەکە لە بەردەمیاو لە بەردەم هوسەو چاوچنۆکیو ئامانجەکانیدا دەلەرزین ٠

● **هەڵویستی دوژمنان**

دوژمنان بێ لە سەر هەندی تێگرایی شەڕەکان دادەگرن کە لە نێوان ئێمەو ئێرانـدا ڕوویانداو سەرئەنجامی دوایی ئەو شەڕانە لـە بیردەکـەن ، بەشێوەیەکی تایبەت پێ لە سەرزیانەکانمان لە ڕووی بەدیلگیراوەکانەوە دادەگرن ، بەتایبەتی لە شەڕەکەی محمرە ، بەڵام ئەوانە نیسبەتی زیانی ئێرانیـەکان بەئەفرادو کەرەستەوە ئاڵێن لەو شەڕەداو لـە شەڕەکانی تردا ، ئێمە دەزانین ژمارەیەکـی زۆر دیلمان دا لە شەڕەکەی محمرەو بەر لەوە لە شـەڕی شووش ـ دیزەفوڵدا ، بەڵام ژمارەی بەدیلگیراو تاقە هو نیە لەو حسابانەی شەڕی پێ هەڵدەسەنگێ ، لـە جەنگی دووەمی جیهانیدا ملیونەها دیل لە هەردوو لا هەبوون ، هەردوو لای شەڕکەر ، سەرکەوتوو شـکاو ژمارەی بەدەیانو سەدانو هەندێ جار ملیون دیلیـان لە شەڕی بگرەو بەردەدا دەدا ، ئەوانە نایانەوێ باسی ئەوە بکەن کە عیراق هەزارانی شەڕکەری لە سەرەتای شەڕدا بەدیل گرت کە هەڵمەتی دەبردو سوپای ئیرانی لە قولابی خاکی ئێراندا ڕاودەنا ، بەڵام ، جەنگ، هەر جەنگێ ، بە سەرئەنجامی دوایی هەڵدەسەنگێ نـەك بەبەك لابەنو کەرت لە لقەکانی ، عیـراق لـە سەرئەنجامدا سەرکەوت لەم جەنگەداو لە پاشـە ڕۆژیشدا پشت بە خوا سەردەکەوێ چونکە ئـەم زۆرانبازییە زۆران بازی ستراتیژییە لە نێـوان ئامانجو ئامانجی دژواردا ، لە نێوان ئـارەزودا بـۆ بەئاشتی ژیانو کارکردنی ڕاستەقینە بـۆ بیناکـاری عیراقی مەزنو سەربەرزو سەقامگیرو لە نێـوان ئارەزووی خۆ فراوانکردنی چاوچنۆکانە لە سـەر حسابی عیراقو نەتەوەی عەرەب ، عیراق ، سوپاسـی بۆ خوا توانی ئاسایشو ڕێزی بپارێزێو پارێزگاری سەربەستی هەڵبژاردن بکاتو دیسان توانـی دەستکەوتەکانی بپارێزێو کاروانـی ڕاپەرینـو پێشکەوتنی بەردەوامبێ لە هەموو ڕوویەکەوەو لـە هەموو ڕۆژگارەکاندا بە ڕۆژگاری جەنگەوە ٠

بڕوانە لە ٥

برایان :

Institut kurde de Paris

گۆرانیەکی بۆ سەردەکی

شیعری : ئاوات حسین

ئەی خۆشەویستی ئەل
ئەی سەرەکی مەزن
کاتێ بزە ئەتگرێ و ئەتبینم
زارۆکەکان ماچ ئەکەیت و
سێبەری خۆشەویستی و سەربەرزی
بەسەر خەلکا پەخش ئەکەیت ،
وا هەست ئەکەم
گالیسکەکانی خەم و کارەسات تێپەڕین و
کۆنە ژیانەکە ، رۆچوو ..
دەستمان بەبنیادنانی
ژیانێکی نوێ و ژیارێکی نوێ کردوە ...
ئالەو ساتەدا :
گوڵاڵەکان کەوتنە سەما
ئاسمان بارانی بزەی دابارانده سەر منالان
شۆرەسوارە موژدە بەرەکە هاتەوە
خێر و خۆشی و بەهار و ئاسوودەگی
بۆ هێنایین ..
بەری چاومان گەش ئەنوێنێ
سەرۆك صدام ، فێری وانەکانی
سەرکەوتن و بەرگەگرتن و بنیادنانمان
ئەکات .. !

لە چالاکی یەکانی نووسینگەی ئافرەتان لە هەولێر

کچانی کورد لەوتزاوە لە بیرۆکی خاك و ئاوات و خۆشەویستی دەردەن

ناظم دلبەند

بشری حسین وێنەکانی گرتووە

● هەڵوێستی پیرۆزی کچانی کورد لە کوردستاندا ، گەورەترین داستانی ئازایەتیمان بۆ دەگێڕێتەوە ، ئێوارەیەك لەم ئێوارانەدا دەنگی شیعری کچان جارێکی تریش ئەو خۆشەویستیە پاکەیان بۆ خاك و نەتەوەو زۆر لێ کراوی دووپات کردەوە .

● ئەم کیژۆلە هێمنەی کە هەمیشە . عاشقی ئەو وولاتەیە ، ئەفینی خۆی بۆ هەڵدەرێژێ و لەگەڵ سەرفرازیدا لە رەشبەلەکدایەو کە خوێنیش بوو بە هەوێن ، ئەوا کچە شاعیری کورد .. «کوردستان جەلال » خوێنی زۆر لە لا هەرزانە .. بۆیە ، لە شیعرێکا بۆ جەنگاوەرە ئازاکانی کوردستانی ئێران بە نێوی « لە نەورۆزی مەهابادا لە تەنها نامەیەك »دا دەڵێ :ـ

تۆ رۆژگارێکم دێنیتەوە یاد ...
کە چاوی پڕ حەزت نەدەنووقا لە ئاستما ..
تۆ بەهارێکم دێنیتەوە یاد ..
خۆت بوویتو لە باوەشما .
بزەت دەهات ..
کەچی رۆژگار کۆچی کردو
چاوی بەهار لە پەرچەمی سورتا تۆرا
لە چیاتی حەز
فرمێسکی تامەزرۆت بەخشی ...
لە چیاتی ملوانکەیەك ..
سەد پەتی سێدارەت بینی
لە گەردەنی بوکی یەك شەوەی «مەهابادا»
زۆر سرودی چاو بە خوێنت بوونە میوان
لە ئەشکەوتی خەمی گەورەی کارەساتا ..

● مێژوو رەنگدانەوەیەکی پیرۆزو گەشەدارە، بۆ گەیاندنی پەیامەکان بە ئاسمانی عەشقی خاك و میژوو «کاوە» و « نەورۆز » . هەزارەهای وەك ئەوانی دروست کرد ، بۆیە کیژۆلەی شاعیری کورد بەهارێکی بێ پرانەوە ... مرۆڤ مێژووی دروست کردو لە سەرسینگی چلەنیرگزیداو خۆشەویستی خۆی بۆ هەڵرشتو خوێنی خۆی بۆ کردە سەدەفە ... ئینجا «ئامینە ئەسعەد» لە هۆنراوەکەیدا بە نێوی «نەورۆز» دەڵێ .

کوتکی «کاوە»
لە ناو دڵی گەورەی لاوان
لافاوی خوێن هەڵ دەستێنێ
مۆمی تەمەن
گشت ساڵی نوێ
بە ئاگری
گڕی «چوارچرا»
داگیرسێنێ ..
مژدەی نەورۆز
بۆ گەلی کورد
لەسەر باڵی کۆتری سپی
بنەخشێنێ ..

● گۆڤەند موکریانی ... ئەو دەنگە تیژە بوو کە لە ناو ژانی هەزارەها مرۆڤی زوڵم لێ کراودا لە دایك ببوو ، شیعری بۆ ووتن . نەخێر داوای فرمێسکی نەدەکرد ، پێشوازی لە سەرفرازیو عەشقی خاك دەکرد بۆیە بە کچانی «سابلاغی»ی دەوت ...ـ

خۆ دەزانن
گەڕی شایی و زەماوەندی
لە «سابلاغی»
خوێنی دەوێ ...
خۆ دەزانن ...
دەژگیرانی لەمەودواتان ..
تفەنگی چاوی خۆر دەبێ ... .

● پەڕینەوە لە هەواری بێدەنگیمانو دەربڕینی خۆشەویستیمان بۆ عەشقی ئەم خاکەو بەرگرتنی خەونە گەشەکانمانو دەربڕینی پیرۆزترو پیرۆزتر... «ئاوات بەرزنجی » لە هۆنراوەکەیدا وتی :ـ

نەورۆز وانەی هیوای گەش و چاوەنواڕی
فێر کردین ..
خەندەی تۆراوی لەسەر لێوان ئاشت کردموە ..
فێری کردین تا خوێن نەرژێ ئازادی
وەدەست نایێ ...

سۆزان حسین .. ئەمینەو گەلێکی تر لە کچان ئەو هەستە پاکانەی خۆیان دەربڕیو مێژووو داستانی خۆشەویستی ئەم خاکەیان ئاشنا کردەوە ...

چمکێك لە مێژوو

تاڵە رەزوویەك لە کلاڤەی ژیاننامەی شێخی گەورەدا ..

● غفور ●

گەڕان بەلاپەڕە نەزانراوەکانی مێژوودا ، ئاووڕدانەوە لە ڕابوردوی پرشنگداری گەلەکەمان ، هەڵدانەوەی پەردەی نەزانین لە ڕووی سپی کەلەپیاوانمان ، هەوڵدان بۆ دەرخستنی ژیاننامەی ڕۆشنبیرانو سەرەکیو زاناو دانای شاسواری ڕێگای پێشکەوتن و ئازادیو نیشتمانپەروەری بە ئەرکێکی مەزن و فەرمانێکی گرنگ دائەنرێ کە پێویستە لەسەر ڕۆشنبیران بیگرنە ئەستۆیانو بۆ بە جێهێنانی ئەنجامدانی کۆشش بکەن .

لە چاوگێڕان بە نوسینو یادداشتی پیاوە بێگانەکاندا نەزانراوەکانی مێژوودا ، ئاووڕدانەوە لە ڕابوردوی پرشنگداری گەلەکەمان ، خەرمانی زانینو زانستی گەلەکەمان پێی بەپێزو برشتدارو دەوڵەمەند ئەکا. هەروەها لە دووپات کردنەوەیدا .. گوڕو گوژم بە کاروانی پێشکەوتن ئەدا .. تێشووی هوشیاری بە ئاگاهاتن بە گوێی ڕۆڵەکانیدا ئەداو پەندو ئامۆژگاریەکانیان ئەبێتە پاڵ پێوەنەرو ڕووناك کەرەوەی ڕێگای سەرکەوتن لێرەدا ئەمانەوێ چاوێ بە کتێبی یادداشتی سندرسن پاشادا بخشێنین کە لەم ماوەیەدا کەوتە بازاڕەوە کە باس و خواسی وا دێتە بەرچاو کەلە گێڕانەوەیدا نەك تەنها سوودو کەلك بە خوێنەر ئەگەیەنێو دڵو دەروونی ئەهەژێنێو بەس بەلکو گەنجینەی سامانی کەلەپوور، خەرمانی زانینو زانستی گەلەکەمان پێی بەپێزو برشتدارو دەوڵەمەند ئەکا. هەروەها لە دووپات کردنەوەیدا .. گوڕو گوژم بە کاروانی پێشکەوتن ئەدا .. تێشووی هوشیاری بە ئاگاهاتن بە گوێی ڕۆڵەکانیدا ئەداو پەندو ئامۆژگاریەکانیان ئەبێتە پاڵ پێوەنەرو ڕووناك کەرەوەی ڕێگای سەرکەوتن لێرەدا ئەمانەوێ چاوێ بە کتێبی یادداشتی سندرسن پاشادا بخشێنین کە لەم ماوەیەدا کەوتە بازاڕەوە کە مامۆستا سلیم طە تکریتی وەرگێڕی بە ناوبانگی عێراق لە ئینگلیزی یەوە کردوویەتی بە عەرەبی .

سندرسن پاشا یەکێکە لەو دکتۆرە بە ناوبانگانەی ئینگلیز کە لەگەڵ لەشکری داگیرکەری ئینگلیزدا لە سەرەتای ساڵی ١٩١٧ وە هاتۆتە عێراق کە لە دواییدا بووە بە دکتۆری تایبەتی بنەماڵەی شا فەیسەلی یەکەم.

کە لە مانەوەیدا بۆ ماوەیەکی درێژ لە عێراقدا لەپاڵ فیصلو دارودەستەیدا دەرفەتێکی لەبارو هەلو مەرجێکی گونجاوی بۆ ڕەخساوە کە بتوانێ لە دڵو مێشکیدا خەرمانێ لە یادگارو ڕووداوو بیرەوەو ڕای جۆراوجۆر کۆ بکاتەوەو تا بەشێوەی یادداشت پێشکەش بە خوێنەری ئینگلیزی بکا هەر لەم دوایییەشدا مامۆستا سلیم طە تکریتی یش لەبەر سوودو کەلك لێوەرگرتنی کردی بە عەرەبیو خستیە بەردەستی خوێندەوارانی عەرەب .

هەرچەندە سندرسن پاشا بەپێوانەی بەرژەوەندی ئینگلیز بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی تێکڕا ڕووداوەکانی عێراق ئەچێو یادداشتەکەی بە تێکڕا لە گۆشەی سوودو کەلکی بەریتانیاوە نووسیوە بەڵام ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆ ئەتوانن لە ناوەختی باسەکەدا ڕاست لە چەوت جیا کەنەوەو تێکڕا نوسینەکە لە بێژەنگ بدەنو بە سەنگو بەردی ئەمڕۆ بیکێشن کورد واتەنی لە هەر مویەك مویەك بکەنەوە.

لە خوێندنەوەی سەرتاپاگەری ئەم یادداشتەدا زۆر بابەتو باسو خواسی گرنگ ، بایەخدار ، تایبەتیو زەق دێتە بەرچاو کە ئەرکی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنو ساغ کردنەوەو یا بەر بەرچ دانەوەو ڕاستکردنەوەی ئەکەوێتە سەر ئەستۆی تێکڕا ڕۆشنبیران .. بەڵام ئەوەی ئێمە بە پێویستی ئەزانین کە بیخەینە پێش چاوی خوێندەوارانی وە بە بیرو ڕای خۆمان هەڵیسەنگێنینو لیکی بدەینەوە لە چەند دێڕێ تێناپەڕێ ... کە سندرسن پاشا لەسەر کوردو شێخی گەورە نوسیوێتی کە وا لە خوارەوە بڵاوی ئەکەینەوە تا خوێنەری بەڕێز کەلکو سوودی لێوەربگرێو تا بەوێنەی بەلگەنامەو سەرچاوەیەکی مێژوو بخرێتە ڕوو وە بمێنێتەوە .

سندرسن پاشا لە یادداشتەکەیدا لە دووو جێگادا باسی کوردو شێخ محمودی نەمر ئەکا . لە لایەك کە کاتێ کۆلێجی پزیشکی بۆ یەکەم جار لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧ دا لە بەغدا ئەکرێتەوە . شیاوی باسە هەرگیز تێکۆشانی گەلی عێراق لە دەوری دوابڕاودا بەرامبەر ئینگلیزو دەزگای بێڕەزای بۆ ڕزگاری نیشتمانی لە پێناوی پێشکەوتنی وڵات لە هەموو مەیدانەکانی ئابووری ، زانیاری ، کۆمەڵایەتی ، کشتوکاڵیدا ساتێ نەوەستاوە بۆیە ئینگلیزو دارودەستەکەی لە ژێر پاڵەپەستۆی ڕایی گشتی کۆمەڵانی خەڵکیدا ناچار بوو کە بڕیار لەسەر کردنەوەی کۆلێجی پزیشکی بدا کە لە سەرەتای دانانیدا دکتۆر سندرسن پاشا بەڕێوەبەری گشتی ئەم دەزگایەی گرتە ئەستۆو کە بۆنەیەوە دەڵێت :

یەکەم جار بە بۆنەی کردنەوەی کۆلێجی پزیشکی ـ یەوە بڕیاری وەرگرتنی ١٢ قوتابی لە دەرچوانی قوتابخانەکانی عێراق درا بۆ ئەم کۆلێجە کە ئەم دەستە قوتابییە لە ٨ قوتابی عەرەبو ٣ قوتابی جولەکەو یەکێکی فەلە پێك هاتبوو لە دواییدا سندرسن پاشا لەسەر قسەکەی ئەڕواو دەڵێت لە بەرئەوەی کە ناوچەی کوردستانیش لەو ناوچانە بوو کە پێویستییەکی زۆری بە تەندروستیو خەستەخانە هەیە بۆیە زۆر پێخۆشحال بووم کە بڕیاری وەرگرتنی قوتابییەکی کوردیش لەم کۆلێجەدا درا. کە ئەم قوتابییەش یەکێ بوو لە خزمەکانی شێخ محمود .

سندرسن پاشا لەسەر باسەکەی دەڕواو لە لایەکی تریشەوە دەڵێ : پاش چەند ساڵێك شێخ محمود بۆ بە نیشتەجێیو هاتە بەغدا وە یەکێك بوو لەوانەی کە بە هۆی نەخۆشییەوە ئەهاتە لام یەکەم جار بوو کە بۆ چارەکردن هاتە کنم دەستم کرد بە تەماشاکردنی دیم کە زیادە گۆشتێ لە پشتیدا هەڵتۆقیوەو بێم پرسی ئەم زیادە گۆشتە چییەو کەی پەیدا بووە .. لە وەرامدا ووتی : ئەوە فیشەکی گوللەیەکی بەریتانیایە وە دوایی لەسەر قسەکەی ڕۆیو ووتی : ئەم فیشەکەش وەکو ئێوە وایە (واتە ئینگلیز) چونکە ئێوەش کە ئەچنە جێگایەك هەرگیز چوونە دەرەوەتان بۆ نییە مەگەر شەیتان دەرتان کات . پاشان بەئەشعە تەماشام کرد بۆم دەرکەوت کە گوللەکە لە پشتیدا ماوەتەوە جا لەبەر ئەوەی کە کەرەسەی پێویستی وامان نەبوو نەمانتوانی دەری بهێنین بۆیە هەر لە جێگای خۆیدا مایەوە . ئەم کاتەی کە سندرسن پاشا باسی ئەکا ئەکەوێتە پاش ساڵەکانی سی یەوە ڕێکەوتی ئەو ماوەیە دەکا کە شێخی گەورە پاش ڕاپەڕینەکەی شەشی ڕەشی ئەیلولو شەڕی ئاوباریك بە دەست بەستەیی لە بەغدا لە گەرەکی ئەعظمیە جێنشین بووو ئەمەش ئەو ڕاستییە پیشان ئەدا کە شێخی گەورە بە دەست بەستەیش لە بەغدا لەڕاییو هەڵوێستی دژ بە ئینگلیز نەهاتۆتە خوارەوەو هەمیشە پەنجەی تاوانباری بۆ درێژ کردوونو تێکڕا هۆی دواکەوتنو کارساتی ناهەمواری وولاتی خستۆتە ئەستۆیانو هەر ئەم ڕێبازو هەڵوێستەش بووە بە هۆی ڕێز گرتن لێیو جووڵانەوە بە نەرم ڕەوی لەگەڵیا وەلە دواییدا کە دوکتۆری دەرباریش ناچار بکا ڕێزی لێبگرێو بە سەرەکی شۆڕشگێر ناوی ببا وەلە پاڵ ئەو نەخۆشانەدا دای بنێ کە پێویستە بە شێوەیەکی تایبەتی تەماشاو چارەی بکا .

زمانەوانی ...

ڕاناو لە کرمانجی ژوورودا جهناف دکرمانجی یا ژوری دا

صادق بهاءالدین ئامێدی

بەشی دوەم

× ب ئەرێ ژی : ئەز نە دێ شکێنم . ئەم نە دێ شکێنن . هند .

٢ ـ جوینا دووێ یا جهنافێت کەسی دکرمانجیدا دگەل قان کرنێت (کار ـ فعل) ژێری ب تنێ دئاخفتنیدا ب کارتێت :

(١) کرنا هەبوینێ (فعل التملك) د هەمی دەمان و ب هەمی ئاوایان .

(أ) ـ دەمێ بۆری : مە هەبو . تە هەبو . وی هەبو. وێ هەبو . ژ بو یەکینی . مە هەبو (هەبون) . وە هەبو وان هەبو (هەبون) . ژ بو پرینی . وەك : من کوڕەك هەبو . مە کوڕ هەبون .

تە پسپوری هەبو . وە پسپۆری هەبون . وی کتێب هەبو . وان کتێب هەبون . وێ جل و کنج هەبون . وان جل و کنج هەبون .

ب ـ دەمێ نهو : من هەیە. مە هەنە . تە هەیە . وە هەنە .

وی هەیە. وێ هەیە . وان هەنە .

رەز هەنە تە ئاشەك هەیە وان ئاشی هەنە. وی (وێ)دێ هەبت . وان دێ هەبن .

(٢) ـ کرنا دەربازا بۆری (الفعل الماضی المتعدی ـ کاری تێبەری رابردوو) ژ «چاندن»: من چاند . مە چاندن . تە چاند وە چاندن .

وی (وێ) چاند . وان چاندن .

(٣) ـ کرنا دارخازی (فعل الطلب) د هەمی دەمان و ب هەمی ئاوایان .

أ ـ دەمێ بۆری : من ڤیا. مە ڤیان . تە ڤیا . وە ڤیان.

وی (وێ) ڤیا . وان ڤیا. وەك : من ڤیا بچم . وە ڤیا بچن .

ب ـ دەمێ نهو : من ڤیت . مە دڤیت دڤیتن . تە دڤیت . وە دڤیت (دڤیتن) . وی دڤیت . وان دڤیت (دڤیتن) .

ج ـ دەمێ پاشی . من دی هەبت مە دێ هەبن تە دێ هەبت دەمێ پاشی :

من دێ ڤیت . مە دێ ڤین . ژ نما بیشتا (بەر روی کرنا) هەر دو جوینێت جهنافێت کەسی د کرمانجیدا ب نمونەڤە ب من وەرە ئەو دویماهی یێت کو وەکی پاشپرتا (پاشگرا) ب سەر کرنا بوینێ ، کرنا نەدەرباز و کرنا دەرباز د دەمێ نهو و پاشیدا ، تێنە بەردان وەکی (هاتم) ، (دهێم) و (دێهێم) نەجهنافێت پێڤە نوبسیایی (متصل ـ لکاو)نە، لێ بەلێ ئەو نیشانێت کەسێت جوینا یەکێ با جهنافێت کەسی نە ، ب سەر کرنا بوینێ و نەدەرباز هند. ... تێنە بەردان ، کو ژ بو کەسێ یەکێ یەکینی یێ پەیڤەر (متکلم) (ئم)ە ، نیشا کەسێ دووێ یەکینی یێ گوهدار (مخاطب) (یی)یە. نیشا کەسێ سێ یەکینی یێ نەدیار (غائب) (فتحە ـ ئە)یە، و نیشانێت کەسێت پرینی چ پەیڤەر ، گوهدار یا نەدیار (ئن)ە(٦) .

ئەڤ نیشانەنە ژی ، ب هزرا ژ بنگەهێ خو ژ کرنا بوینێنە کو ب ئی جۆرەیی نە :

ئەز ـ م . تو ـ یی . ئەو ـ ە . ژ بو یەکینی ئەم ـ ن . هون ـ ن . ئەو ـ ن . ژ بو پرینی . گرۆڤێ (بەلگەیێ) ڤێ بۆ چۆنێ ژی ب کار نەهاتنا کرنا (فعلا)نە بێ جهنافێت کەسی د ئاخفتنیدا وەکی زمانێت ئوروپی ژ بلی کرنا فەرمانێ (امری) نەبیت ، دێ بێژی : هەرە (برو) ،بخو ژ بویەکینی ، هەرنێ ، بخون ، ژ بو پرینی (کۆ) و بچنێ . دگەل گۆریار و رویدانێت کارا (فاعل) ل نك پەیڤەر و گوهداران نیاس بیت . کو دێ دکرنا نەدەرباز ددەمێ بۆری دا بێژی : ئەز هاتم. ئەز هاتمە. ئەز هاتبوم . ئەز دهاتم . ئەز هاتباما (بهاتام) . د دەمێ نهودا دێ بێژی : ئەزێ دهێم . ئەز دهێم . و دەمێ پاشیدا : ئەزێ دێ هێم . ئەز دێ هێم. بەلێ د کرنا دەرباز د دەمێ نهو و پاشیدا ژ نڤیسین : دەمێ نهو : ئەزێ دنڤیسم . ئەز دنڤیسم . د دەمێ پاشیدا دێ بێژی: ئەزێ دێ نڤیسم. ئەز دێ نڤیسم .

بەلێ دکرنا دەرباز د دەمێ بۆریدا ، د کرنا هەبوینێ و کرنا دارخازیدا دهەمی دەمان و ب هەمی ئاوایان کو د گەل جوینا دووێ یا جهنافێت کەسی دئاخفتنیدا ب کار تێن ، ئەو دویماهی یێت وەکی پاشپرتان ب کرنێ یان ژی رها وێڤە تێنە گرێدان و د گەل جوینا یەکێ یا جهنافێت کەس د ئاخفتنیدا ب کار تێن پێڤە ناهێنە نویساندن، هەر وەکی د نمونێت هاتینە پێشکێش کرندا دیار دبیت :

(١) : د کرنا هەبوینیدا دێ بێژی : من هەیە . مە هەنە . تە هەیە وە هەنە . وی (وێ) هەیە . وان هەنە .

(٢) : د کرنا دەربازا بۆریدا دێ بێژی : من نڤیسی مە نڤیسی (نڤیسین) تە نڤیسی (نڤیسین) وی (وێ نڤیسی) وان نڤیسی (نڤیسین) دڤیت . مە دڤیت (دڤیتن).

(٣) : د کرنا دارخازیدا دێ بێژی : من دڤیت . مە (دڤیتن) . تە دڤیت . وە دڤیت (دڤیتن) . وی (وێ) (دڤیت. وان دڤیت (دڤیتن).

Institut Kurde de Paris

لەگەڵ پزیشکی تایبەتی نەخۆشیەکانی پێست "دکتۆر ئەنوەر مەعروف"

ئامادەکردنی ـــــــ محمد صالح عبدالکریم

دکتۆر ئەنوەر کەریم مصرف یەکێکە لەو پزیشکە کوردانەی کە لەبەغداد ئەنیشن و شارەزایی یەکی تەواوی هەیە لە نەخۆشی یەکانی پێست و ڕۆژی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی دەچنە لای و سوود لەئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی وەردەگرن ... بۆ ئەم مەبەستەش وەکو لەژمارەکانی ڕابوردوودا گفتمان پێدان، هەرجارەی یەکێك لەو بەڕێزو پایەدارانە بەسەر بکەینەوە.. وا مجارەش ڕۆژنامەی هاوکاری چووە لای دکتۆر ئەنوەری بەڕێز لە (عیادە)کەیدا لەسەر شەقامی ڕەشید - بەرامبەر گۆڕەبانی غرێری و.. ئەم پرسیارانەمان لێکرد.

● **ئەوەی زیاتر پاڵ بە خەڵکی یەوە دەنێ کە ڕوو بکەنە لای پزیشکانی نەخۆشی پێست، ئەوەیە تووشی خووراندنێکی بێزارکەرو ئازاراویە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێ نماییتان چی یە؟**

● خووراندن گرنگترین نیشانەکانی نەخۆشی پێستە، ئەمەش لە بواری زانستەوە بە جۆرێك لە ئازاری بەشەکانی کۆتایی ئەو دەمارە فرمانانەی کە لە پێستدا بڵاوبوونەتەوە ناو دەبرێت، وە ئەمەش زیاتر بەرەو زیادی دەچێ کاتێك مادەی (هیستامین) و ئەو مادانەی کە وەکو ئەم وان لە نێوانی شانەکانی پێستدا دەردەهاوێژرێن، وە سەری دەمارە فرمانەکان (نهایات الاعصاب) ئەم زیادی خوراندنە دەگوێزنەوە بەرەو بڕبڕە مۆخ (النخاع الشوکی) بە هۆی ئەو دەمارانەی کە ئازار دەگوێزنەوە، کاتێك ئەم خووراندنە ئەگاتە دەماغ نەخۆشەکە حەز بە خوراندن دەکات، ئەو کاتەش بە شێوەیەکی خۆنەویستی دەست دەکات بە خوراندن وەك بەرکارێك. شتێکی ئاشکرایە زۆر لە نەخۆشی یەکانی پێست خووراندنیشی لەگەڵ پەیدا دەبێت، لەوانە ئەو نەخۆشیانەی کە بە هۆی هەندێ مشەخۆر (طفیلی)ەوە پەیدا دەبێت، یاخود بە هۆی هەندێ مادەی ناتەباوە کە جۆرە حەساسیەتێك دروست دەبێت، جاری وایش هەیە خوراندن بە هۆی دڵەڕاوکێی دەروونی یان دڵتەنگی یان هیلاك بوونی مێشکەوە دروست دەبێ. هەندێ جاریش خووراندن بە هۆی نەخۆشی یەکانی ناوەوەی وەك شێرپەنجەو ئەو جۆرانەوە تووشی مرۆڤ دەبێت. ئامۆژگاری و ڕێنماییمان بۆ ئەوانەی کە تووشی نەخۆشی پێست و خووراندن بوون ناتوانین یەکسەر نەخۆشی یەکە دیاری بکەین، ئەمیش بە هۆی گەلێ هۆوە، بەڵام لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، سەرلێدانی پزیشکە تایبەتی یەکانی پێست و بەجێهێنانی هەندێ کاروباری فەحسی تاقیگەیی بۆ زانینی هۆیە سەرەکی یەکانی نەخۆشی یەکە، جاری واش دەبێ کە نەخۆشی یەکە زۆر بە ئاسانی دێتە پێش چاو، هەندێ جاریش نەخۆشی یەکە هێندە گران دەبێ پێویستی بە قووڵبوونەوە دەستنیشانکردن هەیە پێش تەشەنەکردن و پەرەسەندنی نەخۆشی یەکە.

● **زۆر جاران، یەکەم سەردانی زۆر لە ئافرەتان بۆ لای پزیشکی تایبەتی نەخۆشی یەکانی پێست، بەتایبەتی ئافرەتە گەنجەکان، زۆر ڕوو ئەدات.. ئامۆژگاریتان بۆ ئەو کێژانە چی یە؟!**

و: سەردانی ئەو کێژانە بۆ لای پزیشکانی تایبەتی نەخۆشی یەکانی پێست، گەلێ هۆی هەیە، لەوانە:

١ - زیپکە.

٢ - قژ ڕووتانەوەو هەڵوەرینی.

٣ - پێکهاتنی پەڵەی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر ڕووخسار یان لامل، کە ئەمەش بە نەخۆشی (پەڵە - الکلف) ناو دەبرێت.

٤ - حەساسیەت لە ڕووخساردا، کە بە زۆری لە کاتی بەکارهێنانی مادەی ئارایشتو خۆجوانکردنا پەیدا دەبێت.

بە نیسبەت زیپکەوە، هەموو گەنجێك بە کوڕو کچەوە کاتێ کە ئەگاتە تەمەنی هەرزەکاری، هۆرمۆنەکان دەست دەکەنە دەرهاویشتیکی سەرومێ بۆ یەکەمجار، ئینجا ئەو کەسانەی کە پێستیان چەورە بە زۆریی تووشی زیپکە دەبن. لە کاروانی دەرکەوتنی ئەم زیپکانە لە دەمو چاوێکی ساف و لوسدا، کێژ تووشی جۆرە ترس و تێرامانێك دەبێت کە پێویست بەوە ناکا بکەوێتە ئەو ترسەوە، وە ترسی شێواندنی دەمو چاوی، دەست دەکاتە ووشینی زیپکەکان تاکو ڕزگاری ببێت لێیان، وە بەمەش نازانێ کە هەڵەیەکی گەورە بەرامبەر خۆی دەکات، ئامۆژگاریم بۆ هەمووان ئەوەیە، کە یاری نەکرێت بەو زیپکانە چونکە بەمە زیپکەکان پەرە دەستێن و شانەکانی پێست تووشی فەوتان دەبن، بۆ ئەمەش یاری پێ نەکرێت و سەرلێدانی بەردەوامی پزیشکی تایبەت لەم چارە سەرەدا شتێکی پێویستە هەروەها نەخواردنی ئەم شتانەش پێویستن: شیرینی - چەوری - چەرەس. هەروەها نەخۆش هەر لای یەك دکتۆر بچێت چاکژە نەك هەر ڕۆژی دکتۆرێك.

● بەڵام بە نیسبەت قژڕووتاندنەوەشەوە، قژیش وەکو هەر بەشێکی تری زیندووی لەش تەمەنێکی دیاری کراوی هەیەو پەرە دەستێنێ و درێژ دەبێ و پاشانیش دەمرێت. جاری وا هەیە ڕێك دەکەوێ بە شێوەیەکی زۆر قژ تووشی ڕووتاندنەوە دەبێت.. ئینجا ئەو ئافرەتانەش زۆر لە قژیان دەترسن، وە قژیش گەلێك جۆری هەیە، هەیانە چەورە، هەیە لووڵە، یان خاوە.... هتد هۆیەکانیشی ساکارن و، چارەسەرکردنیشی شتێکی ئاسانە. بەڵام لە کاتێکدا کە ئەم ڕووتاندنەوەیە بۆ چەند مانگێك بەردەوام دەبێت وا چاکترە ئەو کەسە بچێتە لای پزیشکی تایبەتی نەخۆشی یەکانی پێست، تاکو چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە.

● بە نیسبەت نەخۆشی پەڵەی ڕەنگاوڕەنگ یان قاوەیی یان ڕەشی سەردەمو چاوو لامل بە زۆری هۆیەکەی بەیوەندی بە تیشکی خۆرەوە یاخود مادەی خۆجوانکردن و بۆن و هەروەها لاسەنگی هۆرمۆنەکانەوە هەیە، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا دەتوانرێت چارەسەری ئەم نەخۆشی یە بکرێت کەوچی ماوەی چارەسەرەکە زۆر دەخایەنێ.

● **ئامۆژگاریتان بۆ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ماددەی کیمیایی چی یە؟**

و: وەکو لە وەڵامی پێشوودا بۆمان دەرکەوت کە زۆریی بەکارهێنانی ماددەی خۆجوانکردنی وەکو پۆدرەو کرێم و سووراو و سپیاو... هتد هەروەها تایەت و ماددە کیمیایی یەکانی تریش، ئەمانە دەبنە هۆکارێکی یاریدەدەر بۆ کەوتنەوەی نەخۆشی یەکانی پێست بە هەموو جۆرەکانی یەوە، ئامۆژگاریمان بۆ هەموو خەڵکی بە تایبەتی ئافرەتان، کەمی بەکارهێنانی ئەو ماددانەیە.

ئەستێرە ئاسمانی

بە هۆی (کۆلۆمبیا)وە گەشت دەکرێ؟!

دوای سەرکەوتنی سەفەرەکانی مەکوکی هەوایی ئەمەریکی (کولومبیا)ی تەجریبی، ئێستا وەکالەتی بۆشایی ئاسمانی (الفضاء)ی ناسا ئامادەیە لە ئایینەدا سەفەری بازرگانی بکات، بەو بۆنەیەشەوە لەم ماوەی دواییدا دەستی کردووە بە ناونووسکردنی ئەوانەی کە ئارەزوویان لەم چەشنە سەفەرەیە، ئەوەی کە دەبێتە تەنکوچەلەمە لە ڕێگای ئەم دەزگایەدا، ئەوەیە کە چۆن گەڕۆکەکان ڕابێنن لەسەر ڕاهاتنی ساردو گەرمای ئاسمان، ئەم وێنەیەی کە لە بەر دەستماندایە لە شووشە کراوەو ئەتوانێ گەڕۆك بپارێزێ لە تەنگانەی سروشتی کە ڕوودەدات، بەم جۆرە تەنها ئارەحەتیەك کە بمێنێتەوە، ئەوەیە کە گەڕۆکەکان خۆیان لەسەر ئەوە ڕابێنن کە بۆ ماوەیەك لە ناو کوخە شووشەییەکەدا بمێننەوە.

گەورەترین مۆتۆڕ (محرك)ی هەوایی

ئەم مۆتۆڕەی لە وێنەکەدا دەردەکەوێ، گەورەترین مۆتۆڕە لە جیهانداو بە هێزی ئەو هەوایە کار دەکات کە دەیجوڵێنێ و ئەمیش لە لایەن خۆیەوە ئامێرە بە یەکەوە نووساوەکانی ناو خۆی دەبزوێنێ و دەیانخاتە - کار، درێژی تیرەڕاخراوەکەی ١٠٠ مەترەو ئەتوانێ سێ ملیۆن واط کارەبا بدات و بەشی ناحیەیەکی بچکۆلانەی ٤ هەزار کەسی دەکات.

بومەلەرزە!

سمکۆ طالب داود

زۆربەی پسپۆڕەکان لەجیهاندا وا دانەنێن کە بوومەلەرزە لەئەنجامی لێکخشاندنی زەوی یەوە پەیدا ئەبێت، کەهەریەکێکیان لەژێر ئەوی تریانەوە بەناو یەکا ئەچێ، وەبەپێی ئەم بیردۆزەیە زاناکان هۆی هەر یەکێك لەو دوو بوومەلەرزەیەی کە لەدوو ساڵی پێشوودا لەخواروی ئیتالیاو ناوچەی (الجبل الاسود) یۆگسلافیدا ڕوویاندا، دەڵێن: کەچینێکی زەوی لەئەفریقیا زیاد لەپێویست لەژێر چینەکەی ئەوروپا - ئاسیاوە، هەڵخلیسکا لەئەنجامدا لەق بوونی زەوی و هەردوو بوومەلەرزەکەی لێیەوە پەیدابوو.

هەروەها هەیە لەنێوان زانایاندا سەرپێچی ئەم بیردۆزەیە دەکات و دەڵێن بوومەلەرزە لەئەنجامی جوڵانەوەو هەناسەدانی زەوییەوەیە، لەنێوان ئەو زانایانە دوکتۆر پرانیسلاف جیریتش مامۆستا لەپەیمانگەی جێتوالوجیا لەبولگراد لەبارەی بیردۆزەی چینەکانی زەوی یەوە دەڵێ:

« بیردۆزەیەکی ناووردبینە، ئەگەر بێتوو بوومەلەرزەکان بەهۆی لێکخشاندنی چینە کیشوەری یەکان وئوقیانووسی یەکانەوە ڕووبدات، ئەوا ئەبێ ئەم بوومەلەرزانە لەڕووبەرێکی زۆرفراواندا دەرکەون نەك تەنیا لەیەك جێگادا، ئەوەی لەشاری ناپولی ئیتالیدا ڕوویدا، بۆنموونە: وائەگەیەنێ کە چینەکەی ئەفریقیا ئەگەر بەیەکا چوونەکەی لەژێر چینەکەی ئەوروپا - ئاسیا تەواوبێ، ئەبوایە ئەم بوومەلەرزەیە بەدرێژایی چەند هەزار کیلۆمەترێك ڕدوخێنەر بوایە نەك بە تەنیا لە ناپۆلیدا.

زەوی هەناسە ئەدا:

بەگوێرەی ئەم ڕایە دوکتۆر جیریتش دان پیانەنانی خۆی بەو بیردۆزە ڕائەگەیەنێ کەدەڵێ: - توێکڵێ زەوی پێکهاتووە لە ٦-١٢ چینی زۆر گەورە، هەروەها دەڵێ کە لایەنگیرەکانی بیردۆزەی چینە گەورەکان وائەڵێن کەچینی کیشوەری و چینی ئۆقیانووسی هەیە وەئەسنووراوی هەر چینێك لەنێوان (١٠ - ١٥) کیلۆمەتردایە بەڵام ئێمە وادەبینین کەچینی زەوی پێکهاتووە لە کۆمەڵەچینی لەژمارە نەهاتوو لەو پارچانەی کە قڵیشی قوولەو ڕووکار جیایان ئەکاتەوە، ئەمەش وا ئەگەیەنێ کە گۆی زەوی ئەشوبهێتە ئەو ڕێگایەی کە بەبەرد تەنراوە، هەروەها پێتوانە ڕووبەریی یەکان دەریان خستووە کەتوێکلی زەوی پێکهاتووە لەپارچەی بچووکی زۆر کە نازانرێ بەتەواوەتی ژمارەیان چەندە.

وە بەپێ ئەمەش دوکتۆر جیریتش وادەبینێ کەهۆی بوومەلەرزەکان ئەوەیە کەزەوی هەناسە ئەدا، وەئەمەش لەئەنجامی گۆڕانە گەرمی یەکان لەناوەوەی زەویدا ڕوو دەدا کەپارچە گەرمەکان بەرز دەبنەوە بەرەو توێکڵ و ئەم جووڵەیە بەپێی پلەی بەهێزی دەگۆڕێ، ئەگەر زۆر بەهێزبێ ئەوا بوومەلەرزە ڕوو ئەدا یان بورکانێك دەگرێتەوە.

عیشك چی تیدایە؟

ئامادەکردنی: سیفەر

● × ●

● ئەم مێشکەی تۆ مەتەڵێکی سەیرو واق ورهێنەرە.. !!

ڕاستە: تۆ لەسەر شانتا تۆپێك ئیسفانو گۆشتت هەڵگرتوە بەڵام ئایا ئەزانی قورسایی ئەو تۆپە (١٤) هەزار بلیۆن شانەیە..!

هەرشانەیەکیش بڕێ یە لە: کەرەستەیەکی لینیو بڵو شلك و نەرمو بەشێوەیەکی وارێك وبێك و وردو جوان ئیش ئەکات، کە تائێستا هەزاران زاناو دکتۆرو پسپۆری خستوتە ناو دڵەڕاوکێو بەدوای وەڵامێکا ئەگەڕێن..!

مێشك بڕێتی یە: لەسێ بەشی زۆر ئالۆزو سەرەکی و هەریەکەی دەوری گەلێ ئەرکی وائەگێڕێ، کە هەزاران عەقڵی تازەی ئەلیکترۆنی ئەو ئەرك و کارەی بۆ نالوێ:

١ - خرکەی دووکەرتە: ئەم بەشە (٩) قەوارەی مێشکتەو هەموو فەرمانەکانی (بیرکردنەوەو یادو هەستو سۆزو بینین و بیستن)ی تێدا جێ بەجێ ئەکرێت.

٢ - مێشکۆکە: ئەکەوێتە پشت ملەوەو ئەرکیشی بەندە بەرێکخستنی هاوسەنگی و کۆنترۆڵکردنی جوڵانەوەی لەش.

٣ - درکەرەك: ئەکەوێتە ناوەڕاستی مێشکەوەو ئەرکیشی ڕێکخستنی سوڕی خوێن و لێدانی دڵو هەناسەیە.. لەم ڕشتەیە (١٢) جووتەرەگی هەست دەرئەچێتو زانیاری بۆ مێشکت ئەبات..!

بەم پێیە، کاتێ کە تۆ (زگت) ژان ئەکا، وانیە زگت هەستی پێ بکات، بەڵکو ئەو (شانە دیارێکراوانەیی) مێشکتە کە هەست بەو ژانە ئەکات.. هەروا چاوت، گوێچکەت، گورچیلەت، پشتت، زراوت، زمانت، هەروا ددانتو قورگت.. تاد...!

کاتێ کە حەزو ئارەزووت ئەچێتە سەر ئەشمیلەیەکی جوانو، پڕ بەدڵ ئەڵهای ئەکەیتو سەرو ساڵو گیرفانت لەپێناویا بەخاراج ئەدەیت...! ئەوا تۆ بە (مێشك) ت ئەوە ئەکەیت نەك بە (دڵ)..!

واتە: تۆ (مێشکداری) ئەکەیت نەك (دڵداری)..! چونکە لەنێو مێشکتا جۆرەها شانە هەیەو لە (حەز)و (ئارەزو) و (سۆزوجۆش) بەرپرسیارە..!! هەروا لە (ڕق) و (توڕەیی) و (زەبر) و (جارسەختی) و.. و.. و..!! هەر بەو پێیەش، ئەو (رادار)ەی کە لەژێر پیستتا خۆی مەڵاس داوەو پەرش و بڵاوبووە، سات دوای سات، ئەو شتانە بۆ (مێشکت) ئەباتو لەوێشدا ئەبێ بەچەند فەرمانێکی (عصبی) و (کیمیاوی) و لەبەرزترین ئاستا کارەکان جێ بەجێ ئەکرێن..!

ئەمەو هەروا مێشکت دەورێکی گەورە، زۆریش گەورە لە (خەون بینین)دا ئەگێڕێ.. لەخەونا: ئەخۆی، ئەفڕی، ئەبینی ئەبیستی، شەڕئەکەی، پێ ئەکەنیت، ئەگریت.. بەواتایەکی تر: گەر (١٠) سەعات بنووی، ئەوا (٢) سەعاتی ئەو نووستنە، خەونەو خەونی تیا ئەبینی..!

● جگە لەمەیش شانەکانی مێشکت دەفرێکی زۆر زڵو (ئەرشیف)ێکی زۆر زۆر بەربڵاوی (زانیاری)یەو تائێستا سەدەها باری سەرنجی زانستی، لەلایەن زانایانەوە بۆ ئەم مەبەستە ڕەخساوە، لەوانەیش (تەفسیری کیمیاوی).. هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش، تۆژینەوە تازەکانی زانست، هۆیەکانی هەندێ نەخۆشی سایکۆلۆژی وەك (شیزۆفرینیا - دلگوشراو - شێتی... تاد) ڕوونگردۆتەوە، کە لە بنجا ئەگەڕێتەوە سەر تێکچوولی هەندێ تێکچڕژانی کیمیایی، لە تەیمانەڕەگەکانی مێشك.. بەمەیش گەلێ شێوازی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانە لەبەردەم زاناو زانستا سەرەوالا لەکراوەتەوە..!!!

هەڵمەی مرۆڤایەتی بۆ نابینا کان..



سەرژمێرە ڕەسمی یەکان وا ئەئەیەنن ئەمڕۆ زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کوێر لە جیهاندا هەیە. کۆمەڵی مەلیکی کوێرانی کۆمەنوێلس لە بەشداری کردنیا لە ساڵی جیهانی پەککەوتەکاندا دەستی دایە هێرشێکی پێنج ساڵی کە ١٫٥٠٠٫٠٠٠ پاوەندی ئەستەرلینی تێ ئەچێ بۆ ڕزگارکردنی ٦٠٫٠٠٠ منالی هیندی کە بەهۆی خراپی خۆراکەوە کوێربوون.

ئەم هێرشە (٤٠) پرۆژە شایانی باسە ئەو پرۆژە ئەگرێتەوە لە (١٦) ناوچەدا. وایش دیارە کۆمەڵەکە پزیشکیانەی کۆمەڵەکە لەو باوەڕەدایە هێرشەکە پار لە (١٨) وڵاتا جێ بەجێی سەرنەکەوێ چونکە لەشێوەی کرد بوو بە هۆی ئەو هێرشەدا ئەکرێ کە چاککردنەوەی چاوی بوو بەهۆی لەناوبردنی ١٦٥٦١٨ کەس.

ناوۆله لەهیندا. نەوەی گرنگترین هۆی کوێربوون لە هیندا خرابی خواردەمەنی و کەمی فیتامین (أ)ە لە خۆراکی منالانا لە یەکەم قۆناغەکانی ژیانیانا.

زانایان لەم پانزە ساڵەی دواییدا ئەوەیان زانی کە کەمی فیتامین (أ) هۆی یەکەمی ڕاستی کوێریی یە. لەسەردەمی پێشوودا منالان بەهۆی نەخۆشی و کەمی گشتی پرۆتینەوە ئەمردن پێش ئەوەیی کوێری ببێتە تەنگوچەلەمەیەکی پزیشکی و کۆمەڵایەتی. بەڵام پێشکەوتن لە چاودێری کردنی منالا ئەوە ئەگەیەنێ کە نیستا زۆری وامەیە لە هەندێ کاتا لەجیاتی ئەوەی بمرن ئەژین بەکوێری.

دکتۆر ب. ا. شاه مامۆستای پزیشکی منالان و سەرۆکی ئەندروستی منالان لەکۆمەڵی ج. ح. لەئەخۆشخانە حوکمەکان کۆلێجی پزیشکی کرانەتادا لە بۆمبای ئەڵێ کەمی فیتامین (أ)ی.

لەناو ئەو منالانەدا ئەگاتە ئەوەپەڕی کە تەمەنیان لەنێوان ساڵێك و پێنج ساڵدایە. ئەمەیش ئەوە ئەگەیەنی لەناو سەد ملیۆن منالا لەهیندا کە لەم تەمەنەدان نزیکەی (٨) ملیۆن منال ئەنالێنن بەدەس کەمی فیتامین (أ) و شەو کوێری یەوە. لە هەزارەها باریشدا گلێنەی چاو بەخراپی تووش بوە.

دکتۆر شاه لەوە ئەترسێ پلەی تووش بوون لەو کۆمەڵگایانەدا کە گرانە سەرژمێری تەواویان لێوە دەست بکەوێ لەمە زۆر زۆرترین.

ئەم بەڵایە بە خێرایی هێرش ئەباو لە چەند ڕۆژێکدا ڕووناکی چاو ئەکوژێنێتەوە. ئەمەیش زۆرتر لەهاوین و ئەومانگانەدا ڕوونەدا کە دوابەدوایی باوەرزی یەکاندا دێن بەهۆی زۆربوونی بێ نیشی و بڵاو بوونەوەیی ئەخۆشی و کەمی خواردەمەنی هەرزانی پڕ لەفیتامین (أ)ەوە. ئەو کوێری یەی کە لەحراپ خۆراکی یەوە پەیدا ئەبێ پێوەندی یەکی زۆری هەیە بە سك چوونی زۆر سوورێژەو سیل و کرمی سکەوە. کەم هەن هەر هیچ نەبێ تووشی چاوکزی نەبن و چاریەکی ئەمانەیش بەتەواوی کوێر ئەبن.

بێجگە لە ئازارو ئەنجامە کۆمەڵایەتی یەکانی ئەم بەڵایە، دکتۆر شاه ئەڵێ ئەم نەخوشی یە زیانە ئابووری یەکەیشی ئێجگار گەورەیە. ئەگەر وادابنێین هەر منالێکی کوێر ڕۆژی دوو ڕوپیەی ئەوێ بۆ خۆراك و پۆشاکی وا ئەو چل و دوو هەزار منالەی هەموو ساڵێ کوێر ئەبن ڕۆژی (٢٧) ملیۆن ڕوپیەیان لەکۆمەڵگا ئەوێ و بە درێژایی تەمەنیان هەزارەها ملیۆن ڕوپیە لەدەست کۆمەڵگا ئەدەن.

بەڵام تیمارکردن لە بارەگایەکی وەك بارەگای مادۆرایدا بۆ هەر کەسێ لەماوەی دوومانگدا هەرتەنها (١٠٠) ڕوپیەی پێ ئەوێ.

هەر بەتەنیا هیند دووچاری ئەم بەڵایە نەبوە هەرچەندەیش گەورەترین ژمارەی منالی کوێری هەیەو ئەنالێنن بەدەس کەمی خۆراکەوە.

دەیان هەزاران منالی واهەن لە ئەفریقاو ئەمەریکای لاتینی و وڵاتانی کاریبی. کۆمەڵی مەلیکی کوێرانی کۆمەنوێلس هیواداره هێرشەکەی ببێتە نموونەیەك لەوڵاتەکانی جیهانداو لەسەری بڕۆن بۆ لەناوبردنی کوێری خۆراك خراپی. ئەگەر ئارەزووی پتەو ئەم دەردەیش لەناوببرێ وەك چۆن ناوله لەناوبرا.

Institut Kurde de Paris

ووتارە مێژوویی‌یەکەی سەرکردەی سەرکەوتن صدام حسین ... « پاشماوە »

ئەم جەنگە تاقی‌کردنەوەیەکی گران بوو بۆ سەر بەخۆیی عیراق‌و دەستەڵاتی بەهێزتان لە سەربەستی‌دا، ترسناکی ئەو هاوسوێندیەم بۆ روونکردنەوە کە لەم شەڕەدا دوژمنان گەلەکۆمەکەیان کرد. ئەو هاوسوێندیە چاوی لە بوونی عیراق بری بوو ، لە پاشە ڕۆژی عەرەب ، بەڵام لە ناو ئامانجە بنەڕەتیەکانیدا ، پەڵەخستنی دەستەڵاتی سەربەستی‌و سەربەخۆیی‌یە لە عیراقداو ناچارکردنی بۆ وازهێنان لە هەڵویستی سەربەخۆیی ڕاستەقینەو بەهێزی‌و چونە ناو شەپۆلی دابەش دەکەن‌و هەر بەشێکی دەکەن بە کلکێکی کەرتە دەوڵەتیەکان دوای‌ئەوەی خوا نەکردە عیراق مل کەچی بێگانە ، ڕژیمی ئیران کە بەدرۆ دروشمی سەربەخۆی بێ لایەن بەرزدەکاتەوە کەوتە گوماوی مساوەمات‌و هاوپەیمانی لەگەڵ زۆر لایەندا لەپێناوی ئەوەی لە سەرپێی ڕاوەستێ‌و پیلانە تاوانکارەکانیا دژی عیراق‌و نەتەوەی عەرەب .

ئەو ڕژێمە گومان لێ‌کراوە خیانەتی کرد بەرامبەر هەموو ئەو دروشم‌و بیروباوەڕانە کە پروپاگەندەی پێوە دەکرد گوایە باوەڕی پێیانە ، خیانەتی کرد بەرامبەر مەسەلەی فەلەستین کە زۆر خۆی پێوەهەڵدەکێشا دوای ئەوەی دەستی لەگەڵ زایونیەکان تێکەڵ‌کردو خیانەتی کرد بەرامبەر بیروباوەری سەربەخۆی‌و سەربەستی کە مساوەمەی لەگەڵ هەموو لایەن‌و شەپۆلە دەوڵەتیەکان کرد ، خیانەتی کرد بەرامبەر بیروباوەری بزوتنەوەی بێ‌لایەن کانێ هەڵویستی دوژمنایەتی‌و قین لەدڵی وەستابۆ بەدی هێنانی مەبەستە خۆ پەرستیەکانی ، دوایش خیانەتی کرد بەرامبەر یەکیتی تێکوشانی وڵاتانی ئوبێك کە دوای ساڵانی دوورو درێژی تێکوشان دژی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان‌و وڵاتە چەوسێنەرەکان دروست بوو ، کانێ ڕژیمی ئێران ئەم بازاڕەی شکاند کە ڕێکخراوە کە دیاری کردەو کەوتە بارزگانی گومان لێ‌کراو بەنەونەوە لەبازاری ڕەشداو ڕێکەوتنی گومان لێ‌کراوی بەست کە ئەمە هەڕەشەیە بۆ سەر یەکیتی ڕێکخراوەکەو ئوسلوبی کارکردنی .

● **بیرو باوەڕەکانمان چەسپاند**

بەڵام ئێوە ئەی ڕۆڵەکانی رافدین ... لەگەڵ ئەو ئابلوقەدانەش کە زۆر کەسان ویستیان فەرزی‌کەن بەسەرتانا ... وەلەگەڵ ئەو پەیمانکاری‌یانەی کە دژی ئێوە بەستران‌و هەموو ئەوانەی لەنیشتمانی عەرەبداو لەنێو دەوڵەتاندا دژی ئێوەن تیایدا کۆبوونەوە ، بەڵام ئێوە هەر بەسەربەستی‌و سەربەخۆیی مانەوە ... کۆڵنەدەرو سەربەرز بوون .. ئیرادەتان لەدەستی خۆتاندایە .. بڕیارتان لەویژدان‌و مێشکتانەوە هەڵدەقوولێ ... هەروەها پارێزگاری بیروباوەڕو ئەو پێودانگانەی کە بڕواتان پێی هەیە کردووەو بەقەد تاڵە موویەك لێتان لانەداوە .. پارێزگاری یەکێتی عیراقتان کردووە بەگەڵ‌و زەوی‌یەکەیەوە .. بناغەکانی گەشبینی پاشەڕۆژو بەردەوامی پڕ شانازیتان لەگەڵ ڕابوردووی پیرۆزدا چەسپاندووە . عیراق شانازی دەکات بەوەی کە بەتەواوی سەربەست‌و سەربەخۆیە .. کاتێکیش دەربارەی بێ‌لایەنی ئەدوێ لەرووی بیروباوەڕو سیاسەتیشەوە ، ئەم بیروباوەڕانە بەتەواوی تەجسید دەکاو ئەوسیاسەتەش بەدڵسۆزی‌و ئەمانەتەوە بەجێ دەهێنێ . هەر ئەمەشە کەرێزی لەلای دڵسۆزان‌و پیاوچاکان لەنەتەوەکەماندا‌و لەجیهاندا بۆ دروست کردووین ، وەوای لێکردوون کە عیراق هەڵبژێرن بۆ میواندارێتی‌و پێشوازی کردنی کۆنگرەی حەوتەمی وولاتانی بێ‌لایەن‌و بۆ بەجێهێنانی ئەرکی خۆمان لەم بزوونەوەیەدا کە خۆ لەگەڵ یەکخستنی ئێمە لەگەڵیا خۆی لەخۆیدا تەعبیرێکی ڕاستەقینەی هەڵویستی نیشتمانی‌و نەتەوەیی سەربەخۆمانەو تەعبیرە لە بەرژەوەندی‌یە بنچینەیی‌یەکانمان .

بارو دۆخی جەنگ بیروباوەڕو سیاسەتی جێگیری ئێمەی لەق نەکردووە .. ئارامان گرت‌و بەرگەمان گرت‌و سەرکەوتین‌و هەر سەرکەوتووی تاقیکردنەوەش دەبین بە پشتیوانی خواو بیروباوەڕەکانمان دەپارێزین .. هەڵوێستۆ سەربەستیانە شمان ، ئەوەش دەستکەوتێکی مەزنەو لەو دەستکەوتانەی تر کەمتر نی‌یە کە لەم جەنگەدا بەدەستمان هێنا .. مێژوو شایەتی ئەوە دەدات کە هیچ دەوڵەتێك لەم جیهانەدا نەیتوانیوە کە جەنگێکی وا فراوان‌و درێژی وەك ئەو جەنگەی کە ئێمە دژی دوژمنی فارسی کردمان ، بکات .. ئەمە سەرباری ئەو هەموو یارمەتی‌و هاوکاری‌یەی کە لەگەڵیدا کراوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جەنگە وای نەکرد کە ئێمە بەك تۆز لەسەربەستی‌و ئیرادەی سەربەخۆمان بێینە خوارێ .

وە بێ ئەوەی کە پشت ببەستێ بە هیچ کۆمەڵەیەك بان تەپارێکی دەولیەوە بەتایبەتی لەکاتێکا کە چەك‌و تەقەمەنی‌و تەجهیزاتی لەدەرەوە هێناوە . ئێوە ئەی عیراقیە سەربەزرەکان .. ئەوەکانی بابل‌و ئاشورو دەوڵەتی مەزنی عەباسی‌یەکان .. پارێزگاری سەربەرزی‌یە مێژوویی‌یەکەی خۆتان کردووەو ئێوە ڕۆڵەی ڕاستەقینەی ئەم گەلە مەزنەبوون .. پارێزگای ئێستای ڕووناکی خۆتان کردووە .. بەسەربەستی‌و سەربەخۆیی مانەوە .. بێ هێزو لاواز نەبوون ... پشتتان بە کەس نەبەست ..

برایان ... سیاسەتی سەربەخۆیی ئێمە ، مانای دافڕان‌و دوورەپەرێزی ناگەیەنێ ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ، وە لەپێداویستی‌یەکانی سیاسەتی سەربەخۆییمان ئەوەبە کە فراوانترین پەیوەندی لەگەڵ وولاتانی جیهاندا دروست بکەین ، ئەوەبوو بەمە هەستاین .. بەوەش ڕێزو تەقدیری دۆستانمان بۆ خۆمان بەدەست هێنا‌و هاوکاری‌یان لەگەڵماندا لەزۆر مەیدانەوە درێژەی کێشا .. هەروەها بڕوامان بەبیروباوەڕەکانی بێ‌لایەنی‌و سەربەخۆیی مانای وانی‌یە کە ئێمە بەشوێن دوژمنایەتی‌و دوژمنکاریدا بگەڕێین بەبێ هیچ هۆو بەهانەیەك .. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم بیروباوەڕانە وامان لەسەر پێویست ئەکات کە دۆستایەتیمان فراوانترو پتەوتر بکەین لەگەڵ جیهاندا .. وە دووربکەوینەوە لە خرۆشاندنی دوژمنکاریەتی لەگەڵ وولاتاندا .. بێجگە لەو دەوڵەتانەی کە پیلان دەگێڕن دژی ئێمەو نەتەوەکەمان‌و هەڕەشە لە بەرژەوەندی ئاسایشمان دەکەن .. هەروەها ئەم سیاسەتە وا پێویست دەکات کە هەموو تواناکان بخزێنە کار بۆ بێ‌لایەنکردنی ئەوەی دەتوانرێ بێ لایەن بکرێ لەدوژمنان ، ئەگەر بێتوو ئەوان ئاماده بن بۆ ئەوە لەسەر بنچینەی پەیوەندی هاوسەنگی وەها کە کار نەکاتە سەر بەرژەوەندیمان‌و نەیهێنێتە خوارەوە.. هەروەها هەڕەشە لە ئاسایش‌و سەربەخۆیی‌و خەباتی نەتەوایەتیمان نەکات .

● **تاقیکردنەوەمان بڕی**

بارودۆخی جەنگ ، تاقیکردنەوەیەکی قورس‌بوو لەم مەبدانە ئاڵۆزەدا ، وە سوپاس بۆ خوا کە شۆڕشەکەنان بە مەبدەئیەتی پتەوو شارەزایی قووڵ‌و لێهاتوویی‌و ئەو سەلیقەیەی کە بە هۆی کۆمەڵێك تاقیکردنەوەی نیشتمانی‌و نەتەوەبی‌یەوە دروست بوو لە لای توانی ئەو تاقیکردنەوەیە ببڕێ‌و، ئێستاکەش هەر ئەم تاقیکردنەوەیە دەبڕێ‌و بە پشتیوانی خوا سەرکەوتنی تیا بەدەست دەهێنێ ..

برایان ... ئەی جەنگاوەرانی بەشەرەف .. ئەی عەرەبە ئازاکان لەگشت شوێنێ ... وا پێویست بوو لەسەرمان کە بەشەرەف‌و ئازایەتی‌یەوە بجەنگین بۆ بەرگری کردن لە خاك‌و گەل‌و کەرامەت‌و ژیانی‌ـ بەختەوەرانەمان .. ئەو مەترسیەی کە ڕژێمی گومان لێکراوی تاران هێنای ، ئەو ڕژێمەی کە لەگەڵ زایۆنیزم‌و دوژمنانی ئەنەوەدا ڕێك‌کەوت ، ئەو مەترسیە عیراقی تەنیا لەدەرەوەی سنوورەکانیەوە تووشی هەڕەشە نەکرد ، بەڵکو مەترسیەك بوو ئامانجی نێکدانی عیراق‌و دابەشکردنی بوو . . ئامانجی بلاوکردنەوەی ناکۆکی‌و ئاژاوەبوو لەنێوان ڕۆڵەکانیا .. ئەوەشی کە ویستراد‌ژی عیراق بکرێ وەنەبێ شتێکی شاراوەو بێ‌نێنەیشتن بێ .. ئەوەتا لەبەردەمماندا دەبینین چی ڕوویداو چی ڕوونەدا لە لوبناندا .. چی ڕوویداو چی ڕوو نەدا لەهەندێ لە وولاتە عەرەبییەکانی تردا .. دوژمنانی ئەنەوەی عەرەب ، ئاژاوەو ناکۆکی‌یان لە لوبنان نایەوە .. کردیانە تاقیگایەك بۆ گوێزانەوەی ئاژاوە بۆ نیشتمانی عەرەب ... ئەوانیش دەیانزانی کە ئەگەر عیراق بەبەهێزی‌و یەکبوون‌و سەربەخۆیی‌و پێشکەوتوویی بمێنێتەوە ، ئەوا ئەوسا دەبێتە هۆکارێکی بنچینەیی بۆ گۆڕکردنی ئەم ئاژاوەیەی زایۆنی لە لانکەکەی خۆیدا .. بۆیە هەوڵی پیلانگێڕانیاندا دژی عیراق .. لەدوای شۆڕشەوە ئەوان هەوڵی ئەوەیان داو هەوڵی بەکارهێنانی بارزانی بەکرێگیراویاندا لەسەرەتای حەفتاکانەوەو تاکو ساڵی ١٩٧٥ بۆ ئاژاوە نانەوە لە عیراق‌و دابەشکردنی .. هاوکاری کردنی نێوان دەزگاکانی زایۆنی‌و بارزانی بەکرێگیراودا شتێکی ڕوون‌بوو ... وەك ئەو هاوکاری‌یەی کە ئەمڕۆ کە لەنێوان ڕژێمی خومەینی‌و قەوارەی زایۆنیدا دەکرێت ... پیلانەکەی بارزانی بەکرێگیراو لەگەڵ هەڵگیرساندنی ئاژاوە لە لوبناندا لەیەك کاتدابوو... بەڵام هۆشیاری شۆڕش‌و هۆشیاری نەوەکانی‌و ئیرادەی بەهێزی‌و توانای بەرزی بۆ ئابلۆقەدانی گشت پیلان‌و پلانەکانی زایۆنی‌و دوژمنان ، وای لێکردین کە بتوانین کە ئەو پیلانە لەگۆڕ بنێین‌و پارێزگاری یەکێتی عیراق‌و دەسەڵاتی‌و سەربەخۆیی‌و توانای بووژانەوەو پێشکەوتنی بکەین .. پاشان دوژمنان گەلێ هەوڵی تریاندا بۆ پێچانەوەی شۆڕش‌و ئیفراکردنی تاکو واز لە خەتی نیشتمانی و نەتەوەیی سەربەخۆی خۆی بهێنێ‌و هەوڵی ئەوەیاندا کە لەناو شۆڕشدا ئاژاوە دروست بکەن ، تەنانەت لەناو حزبیشدا .. بەڵام هەموو پیلان‌و پلانێکیان سەری نەگرت لەسەر بەردی یەکێتی نیشتمانی ووردوخاش‌بوو .. وە بە هۆی هۆشیاری ڕۆڵەکانی عیراق‌و ئازایەتی خەباتگێڕە بەعسی‌یەکانەوە هەڵگرانی پەیامی خەباتی نیشتمانی‌و نەتەوەیی هەموو پیلانە گلاوەکانی دەرەوە پووچ کرانەوە .

● **فێڵبازو جادووگەرەکان**

پاشان تەیاری سیاسی دەوڵی خومەینی هێنایە کایەوە ، هێنایە سەر تەختی حوکمڕانی ئێران تاکو لەو ڕێگەیەوە ئەو ئامانجانە بێنێتە دی کە کەسانی تر بۆیان نەهێنایە دی .. ئەوەبوو گەلێك وەسف‌و پیاهەڵدان‌و موبالەغەی درۆی زۆریان بۆ کرد ... وایان خستە بەرچاو کە ئەو هێزێکی وا گەورەو گرانە کە ئەتوانێ وەزعی ناوچەکە بگۆڕێ ... تەنانەت هی هەموو جیهانیش هەرکاتێك بیەوێ ... خومەینی ، تەنیا جادووگەرێك نی‌یە کە لە وولاتی فارسدا ئیدیعای تایبن بکات ، ئەو وولاتە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك‌و بەنایبەتی پاش ئەوەی ئیسلامەتی تیا بڵاوبۆوە ، گەلێك جادووگەرو فێڵبازی تری لەوانەی کە ویستوویانە تایبن بشێوێنن بەخۆیەوە دیوە .. ئەوانە دەیانویست تایبن بشێوێنن ، بەوەی کە گوایە سوورن لەسەری‌و ئیجتیهاداتی خۆیان هەیە تیایدا .. هەروەها تێکدانی نەتەوەی عەرەب لەژێر جۆرەها دروشم‌و هۆدا .. مێژووی عەرەب‌و ئیسلام پڕە لەڕووداوو بەڵگەنامەی وەها بۆ ئەوە ... خومەینیان هێناو وایان خەیاڵ کرد کە ئەو لە توانایدا هەیە پلانەکانیان جێبەجێ بکات ... بەڵام گەلی عیراق کە باوەڕی تەواوی بە ئیسلام‌و تایبنە ئیسلامی‌یەکان هەیە ، هەر لەسەرەتاوە دەرکی بەم کارە گلاوە کردووە ، خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئاماده کردووەو پێی هەڵ نەخەڵەتاوە هەر وەك زۆر کەسی تر پێی هەڵخەڵەتاوە ... گەلێك لە وولاتان‌و حیزبەکان‌و کەسانی زۆر شوێن ئەو شەپۆلە کەوتن.. هەندێکیان بە هۆشیاری‌یەوە تاکو خواستی گومان لێکراوی خۆیان بهێنە دی ، هەندێکی تریش بەناهۆشیاری‌و گیانی هەڵپەرستانەو بڕوا نەکردن بەخۆوە .

ئێمەی گەلی عیراق ، پاسەوانانی دەرگای ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب ، پێویستە لەسەرمان کە دژی ئەم بایە زەردە بوستین .. هەر وەك باووباپیرانمان لەوەپێش‌و بۆ چەندان سەدەو لە کاتی هێرشەکانی فارس‌و تەتەرا دژی وەستاون .. هەروەها دژی تەیارەکانی شعوبیەتی گومان لێکراو وەستاون کە دژی ئیسلام‌و عەرەب‌و عیراق بوون .. وا پێویست بوو کە ئەم جەنگە بکەین‌و ئەوەبوو بە پشتیوانی خوا کردمان‌و سەرکەوتین‌و هەر سەریش دەکەوین تیایدا . بەرگەی گەلێ قوربانیدانی پیرۆزمان گرت ... گەلێ لە پیاوانمان ، ڕۆڵە چاکەکانمان لەدەست داو بوونە شەهیدی بێ‌گوناه .. پیاوانی گەلەکەمان، ئەو ئازایانەی کە ئالای عیراقیان هەڵگرت‌و خوێنیان لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا پێشکەش کردو چاویان لە عیراقی سەربەرزو ئازیزو بەهێزو پێشکەوتوو بوو ..

● **سەرکەوتین‌و بردمانەوە**

هەروەها پارەمان لەدەستدا .. بەرگەی ناخۆشیمان گرت لەم جەنگەدا .. بەڵام ئێمە سوپاس بۆخوا ، وا هەست دەکەین کە سەرکەوتووین .. سەرکەوتووین ، چونکە ئەوەی کە ویسترا دژی عیراق بکرێ لە پیلان‌و ئاژاوە ، زۆر گەورەتر بوو لەو قوربانی‌و ئەو زیانانەی کە بەخشیمان ... سەرکەوتین‌و هەر سەریش دەکەوین ، بە پشتیوانی خواش سەربەخۆیی‌و کەرامەت‌و سەربەستی‌و ئاسایش‌و یەکێتی وولاتەکەمان دەپارێزین .

با وای دابنێین ، ئەگەر خوانەخواستە پیلانەکەی خومەینی کە تیایدا لەگەڵ زایۆنیزم‌و دوژمنانی نەتەوەدا ڕێك کەوتبوو سەربکەوتایە ئەوسا چی بەسەرعیراقدا دەهات .. تاقیکردنەوەی لوبنانی بریندار لەبەر دەمماندایە .. ئەم وولاتەی کە زروفی نەیهێشت خۆی بپارێزێ‌و پیلانەکان دوورخاتەوە .. ئەم وولاتە زۆری لە ڕۆڵەکانی لەدەستدا .. لە ئافرەتی ، لە منداڵ ، هەروەها لە ئابووری‌یەکەی .. لە ئاسایشی .. وە لە دابین‌بوون‌و دەسەڵات‌و کەرامەتی .. چەندان ئەوەندەی کە لە دەستی ئەدا ئەگەر بهاتایە وەزعی سروشتی‌و تەواو بوایە وەك عیراق‌و بەرپەچی پیلانی دەدایەوە بەهێزو هۆشیاری‌یەوە لەسەرەتاوە هەر وەك عیراق بەربەرچی ئەو پیلانگێری‌یەی دایەوە .

وبستیان شەڕ بگوێزنەوە بۆ ناو عیراق .. بۆ شارەکانی عیراق .. بۆ شەقامەکانی عیراق .. بۆ دەرگاکانی ناوەوەی .. ئەوسا دەیان هەزارمان لێدەکوژرا .. بەڵکو سەدان هەزار لەپیاوو ژن‌و منداڵ‌و پیر ... ئەوسا شارەکانیان وێران دەکردین .. گەلەکەمانیان یەکسالا دەکردەوە بووژانەوەو پێشکەوتنیان دەپلیشانەوەو ئەم بنیاتنانە بەرزەیان تێك دەدا ... دەیانویست عیراق بکەنە چەند پارچەیەکی پچکۆلەی ناکۆك لەگەڵ یەکدا ... دژی یەکتری بجەنگن ... یەك ئەوەی‌تر بهاڕێ .. لەواقیعیشدا مل‌کەچی پەیمانی فارس‌و زایۆنی‌و چاوچنۆکی دوژمنانی‌تری نەتەوە بێت .

برایان .. دەیانویست ئەمە بەعیراق بکەن .. ئەوەشی دەیانویست بەنەتەوەی بکەن وەکو ئەمەبوو ، یان زۆریش لەمە گەورەتر ... لێرەدا هیچ مانایەکی تر نی‌یە بۆ ئەو بایە زەردەی کە خومەینی هێنای ... ئەو بایەی کە دەزگاکانی زایۆنی‌و ئیستیعمار بەرەو تارانیان برد ... ئەو دەزگایانەی کە چەك‌و تەقەمەنی‌و شارەزایان دەدایە کاتێك عیراق بەرەنگاری بۆوەو بەهێزو ئازایەتی لەگەڵیا جەنگی . بێ‌ئەوەی ئەم خواست‌و ئامانجانە بۆیان بێتە دی .. ئێوە ئەی عیراقیە سەربەرزەکان سەرکەوتن ... پێلانگێڕیتان لەگۆڕنا .. لەوەشدا نموونەیەکی بەرزتان بۆ مانای ئازایەتی‌و قوربانیدان‌و کۆڵنەدان‌و هۆشیاری بەرزو شعوری بەرز بە لێپرسینەوە پێشکەش کردو هەروەها لەوەدا قوربانی گەورەتان دا بەڵام ئەوە هەمووی بۆ پاراستنی عیراق‌و گەلی عیراقبوو .. بۆ پاراستنی یەکێتی عیراق .. بووژانەوەی عیراق .. وە بۆ سەربەخۆیی عیراق .. کاتێکیش ئەوانە دەبنە تاکە ڕێگایەك بۆ بەرگری کردن لەم هەمووە ، وە کاتێك کار هەر ئەوەبێ کە بەرگەی زیانی لەمە گەورەتریش بگرین‌و هەموو دەسکەوتە مەزنەکانمان وون کەین‌و هەروەها سەربەستیمان‌و سەربەخۆیی‌و ئاسایش‌و دەسەڵات‌و شەرەفمان ... ئەم جەنگەتان جەنگێکی نیشتمانی نی‌یە تەنها ... بەڵکو جەنگێکە لەپێناوی نەتەوەدا .. ئەگەر ئەو بەستە پتەوە تان لەسەر بەری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب دروست نەکردایە ، ئەوا ئەو بایە زەردە خومەینی‌یە زایۆنی‌یە ، هەموو وولاتانی عەرەبی ڕۆژهەڵاتی ڕاپێچ دەکردو نیشتمانی عەرەب هەمووی دەبووە قۆناغێکی نوێ کە ئەویش قۆناغی چەند دەوڵەتێکی کۆمەڵێك تایەفەی ناکۆك لە نێوان خۆیاندا دەبوو ... ئەو کاتەش مل‌کەچی دەسەڵاتی فارس‌و زایۆنی‌یەکان‌و هەموو هێزە دەولیەکان دەبوو .. ئەوەش دەبووە کۆتایی پێهێنانی بوونی عەرەب‌و پاشەڕۆژی عەرەب‌و هیوای عەرەب بەسەربەستی‌و بووژانەوەو یەکێتی وە بۆ ماوەیەکی درێژ کە سەدان ساڵ دەخایەنێ ..

ئەی عیراقیەکان ، ئەمەیان دەویست کە پێتانی بکەن .. ئەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب ، بەڵام ئێوە شەڕتان کرد .. سەرکەوتن‌و ڕێڕەوی مێژووتان گۆڕی .. قوربانیەکانتان بە هەدەر نەچوون .. بەڵکو ئەمڕۆکە تۆمارێکی مەزن لەمێژووی ئەم نیشتمانەدا پێك‌دێنێ .. وە لە مێژووی ئەم گەلەدا .

● **جەنگی بنیاتنانی عیراق**

بەنیسبەت ئێمەشەوە .. لەعیراقی خۆڕاگرتوودا ، ئەو جەنگەی کە لە ئەیلولی ١٩٨٠ەوە دەستی پێکرد ، درێژبوونەوەی جەنگی سەربەستی‌یە لە شۆڕشی بیستدا .. وە لە شۆڕشی مایسی ١٩٤١دا وە لە شۆڕشی یەکەمی تەموزدا .. وە لە شۆڕشی دووەمی تەموزدا .. هەروەها درێژبوونەوەی جەنگی پاك کردنەوەو لەناوبردنی سیخوڕان‌و جەنگی خۆماڵی کردنی نەوتە .. وە جەنگی بنیاتنانی عیراقە .. وە جەنگی پارێزگاری کردنی یەکێتی نیشتمانی‌یە ... ئەم جەنگە جەنگێکی نیشتمانی‌یە بە هەموو ماناکانی جەنگی نیشتمانی‌یەوە .. هەروەها درێژبوونەوەی جەنگەکانی سەربەستی‌و سەربەخۆیی‌یە کەوا گەلی عیراق لەپێناوی رزگاربوونیدا لەکۆتی بێگانە بەرپای کردوون . هەروەها لە هۆکارەکانی یەکاڵابوونەوەو پەرت‌بوون‌و لەبارودۆخی دواکەوتنە ، ئەم جەنگە جەنگێکی نەتەوەیی یە لەو جەنگە گەورانەی کە ڕێڕەوی مێژووی گۆڕی‌و دەگۆڕێ ..

ئەگەر گومان لێکراو‌و بەکرێگیراوان‌و دەروون نەخۆشەکان ، کە لە دوایانەوە دەزگاکانی ئیستعماری‌و زایۆنی وەستاون ، ئەمڕۆکە هەوڵ ئەدەن کە لە پایەی ئەم جەنگە مێژووی‌یە کەم بکەنەوە ، ئەوا نەتەوەی عەرەب لەگەڵ ئەو نەخۆشی‌و ئاڵۆزی‌یەی کە ئێستاکە هەیە ، پێویستە نرخی مەزنی مێژووی ئەم جەنگەی کە عیراق وخەڵکی عیراق کردی بەدیار بخات ..

زۆر لە دڵسۆزان‌و بەشەرەفەکان لەرۆڵەکانی نەتەوە هەستیان بەوە کرد ... پاشان ڕۆژێك دێت کە تیایدا ئەم جەنگە گەورەیە هەڵبسەنگێنرێت هەڵسەنگاندنێکی ئیجابی قووڵی گشتی‌و گشت لایەنی لەهەموو نیشتمانی عەرەبدا ..

ئەی برا عیراقیە سەربەرزەکان ..

ئەی خوشکە عیراقیە سەربازەکان ..

ئێمە هەموو دەست پێشکەری‌یە ئاشتیخوازانەکانی کە عیراق پێی هەستا بۆمان ڕوون‌کردنەوە ..

ئەم هەڵوێستانەمان لەهەموو زرونێکداو لەشوێنی هێزو تواناوە هەبووە .. وە لەپایەی هەست‌کردن بە لێپرسینەوە بەرامبەر گەلەکەمان‌و بەڕژەوەندی‌یە بنچینەیی‌یەکانمان .. وە لە پایەی هەست‌کردن بە لێپرسینەوە لە پلەیەکی بەرزدا بەرامبەر ئیلتزاماتی نەتەوەییمان .. وە لەپایەی هەست کردن بە لێپرسینەوە بەرامبەر بزوتنەوەی بێ‌لایەنی کە ئێمە خۆمان دەخەینە پاڵی بەهەموو دڵسۆزییەکەوە لە قۆناغی داهاتووشدا لێپرسراوێتی سەرکردایەتی کردنی دەگرینە ئەستۆ ... وە لەگەڵ دەستپێکردنی داگیرکردنی خوارووی لوبنان لەلایەن زایۆنی‌یەوە لیژنەی ئاشتی ئیسلام داوای لە عیراق‌و ئێران کرد کە بە خێرایی شەڕ بوەستێنن ... ئێمە بەدەنگ ئەم داوایەوە چووین‌و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەیاننامە مێژووی‌یەکەی خۆی لە بەرەبەیانی ١٠ی حزیراندا دەرکردو تیایدا ئامادەبوونی عیراقی پیشان‌دا بۆ وەستاندنی شەڕو کشانەوەی هێزەکانی لە خاك‌و شارەکانی ئێران‌و پەنا بردنە بەر تەحکیمی کۆنگرەی ئیسلامی‌و یان بزووتنەوەی بێ‌لایەنی ، یاخود ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە وولاتە یەکگرتووەکان بەڵام ڕژێمی ئێران ئەم بانگەوازەی ڕەفز کردو سووربوو لەسەر بەردەوامی جەنگ .

برایان ... عیراق کە بەئازایەتی‌و مەردانە شەڕی کردووە ، پێویستی بەوە نی‌یە کە لە ئازایەتی‌و کۆڵنەدا ناتاقی‌بکرێتەوە .. ئەمەش زیاتر لە دوو ساڵ جەنگدا دەردەکەوێ کەوا هی تر هەن چەند ڕۆژێ بەرگەی ناگرن‌و بە شوێن چارەسەردا دەگەڕێن ... وەستانی شەڕ ، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دوژمنەی شەڕی لەگەڵدا دەکەن ، هەر ئەوە کە فەرزی دەکات لەسەریان شەڕی دژ بکەن ، تاکو دەست لە خاکەکەیان‌و خاکی عەرەب دەکاتەوە . بەڵام ئێمە ، لە پایەی هەست کردن بە لێپرسینەوەوە وا پێویستە هەندێ بڕیاری وا بدەین کەوا هەل لەدەست دوژمن بدات .. وە هەموو بیانووو بەهانەیەکی پووچ بکەینەوە .. وە هەروەها ئەو پیلانە گلاوەی کە دژی عیراق‌و نەتەوەی عەرەب پێکەوەونرێ پووچ بکرێتەوە ، ئەوەبوو کە یەکێك لە لایەڕە هەرە خەتەرەکانی لەداگیرکردنی دوژمنی زایۆنیدا بۆ لوبنانی خۆشەویست دەرکەوت .. وە عیراق ئێستاکە سەرقاڵی حاڵەتی جەنگە .. ئێرانیش سوورە لەسەر بەردەوامی جەنگ لەگەڵ ئەو هەموو دەستپێشکەری‌یە پڕ لەدڵفراوانی‌و مەزوعی‌و مەنتیقی‌یانەوە ... لێرەدا لێدانی دەزگا ئەتۆمی‌یە عیراقیەکان لەبیر ناکەین لەلایەن زایۆنیەکانیەوە لەکاتی جەنگداو لەسەر بناغەی گرەو کردن لەسەر بەردەوامی جەنگ .. وە لە چوارچێوەی ڕێك‌کەوتندا لەگەڵ ڕژێمی خومەینی گومان لێکراو .. وا پێویست بوو کە عیراق سەرقاڵی ئەم جەنگە بێت تاکو دوژمنی زایۆنی‌و هێزەکانی تریش پلانەکانی خۆیان لە لوبنان‌و ناوچەکەدا دەهێننە دی .. ڕژێمی خومەینیش حسابی تەواوی دایە زایۆنیەکان بەرامبەر ئەو یارمەتیەی کەوای لەچەك‌و تەقەمەنی‌و پارچەی یەدەك‌و زانیاری‌و شارەزاییەوە .. هەروەها ئەوانەشی کە داوای دژوەستانیان دەکرد لەڕووی دوژمنی زایۆنیدا بەشێوازە شانۆیی‌یەکەی خۆیان ، پاش چەند ڕۆژێك ، بەڵکو پاش چەند سەعاتێك لە کوشتار تفەنگەکانی خۆیان بێ‌دەنگ کرد .. ئەوانە هاوبەشیەکی بنچینەیی‌یان کرد لە بەردەوامی جەنگداو لەبەردەوامی سەرقاڵبوونی عیراقدا بەجەنگەوەو هەروەها هەڵوێستی دوژمنانەیان دژی عیراق زیاتر کردو گەلێك گیروگرفتیان دروست‌کرد ..

بڕوانە ل ٧

Institut kurde de Paris

له تیری پێکانه

کافره‌تێک

ئەلکساندەر بلۆک
وەرگێڕانی محەمەد بەدری

بەڵێ ..
گشت ئازارەکانی سەر ئەرزم چێشت و
زۆر بە شەیدایی تەماشای کوتاییم ئەکرد ..
بەڵام نە .. هەردو دەستم لەکار کەوتن
من ئێستاکە زۆر بێزارم و
وێنەی ئەم بێزاریەش پێمەوە دیارە ..
لە وەرزی بەهارێکدا لەناو گۆڕستانێکدا ئەگەڕام
چاوم بە گردۆلکەیەکی بچووك کەوت ..
دەبا لە گەڵ ئەم گۆڕە بچکۆلەیە
دەربارەی چونیەتی ژیانم بدوێم ..
گوڵە رازاوەکانم لە گەڵ خۆما هێنا
بۆ ئەوەی دەمەو ئێوارە لە سەر گۆڕەکە دایان بنێم.
لە ناکاودا چاوم بە پیاوێك کەوت
وردە وردە لێم نزیك ئەبووەوە
سەیری دەم و چاومی ئەکرد
لەو سەیرکردنەی کە بە رێکەوت هەستم پێ کرد
تواینم شتێکی تایبەتی بخوێنمەوە ..
نە .. من ئەوەتا لەم دونیایەدا تەنیام
بۆیە خۆم لێ لاداو روێشتم ..
ئایا دەم و چاوم لەو کاتەدا
نیشانەی بەزەیی پێوە نیشتبوو ؟
یاخود
تۆ بڵێی دەم و چاوە بێزارەکەمی پێ سەیر بوو بێ؟
یاخود ..
هەر ئەو تەنیاییە بێ پاڵی پێوە نابێ
کە لێم نزیك ببێتەوە ؟
نە .. نە ..
پێویستە چاوەکانم بنووقێنم :
ئەو زەلامە کەتەیە وادیارە ، خەفەت بارە ،
من رێگە بەم بێزاریە نادەم
ئەوانەی یەکتری ناناسن کۆبکاتەوە
ناهێڵم من و ئەو پێکەوە ببەستێ ..
کوت و پڕ بە وەم زانی کە لە دوامەوە راوەستاوە ..
منیش بۆ بەرهەڵستی کردنی خۆم ئامادە کردبوو ..
لە ناکاو گوێم لێ بوو
زۆر بە کزی و هێمنی هەندێ وشەی دەرئەبڕی ..
(مەترسە ، ئا لەم گۆڕەدا منالەکەم
نێژراوە ....)
بۆیە داوای لێ بوردنم لێ کردو لە پاش ئەوەی
گوڵەکانمی دایەوە ووتی :
(ئوڵە ئانت لەبیر کرد ..)
(بە بۆنەی ئەم بەیەکگەیشتنەمان
ئەم گوڵانە پێشکەش بە منالەکەت ئەکەم ..)
زۆر بە ساردی شانی راوەشاند و ووتی :
(تۆ لەو زیاتر پێویستیت بەم گوڵانە هەیە)
بەڵێ دان بەو تاوانەدا ئەنێم ..
لە کاتی خواحافیزیدا کە تەماشای کردم ئەوەی
هەرگیز لە بیرم نەچێتەوە ئەو
ڕەردەخەنەیە بوو کە بە سەر لێوەکانیەوە
نیشتبووەوە ..
بۆیە تا دوا رۆژی ژیانم لەو نابوورم ..

هەڵبژاردەیەکە لە دەبی میللی گەلان

وەرگێڕ لە رووسیەوە د. کاوس قەفتان

لە رۆژانی زۆر کۆن و دێرینەدا ، لەو رۆژانەی پلنگ و مێش و مەگەزی ئەخواردو فێری گۆشت خواردن نەبووبوو ، لەو رۆژانەدا سەرزەمین تووشی بێبارانی و وشکی یەکی رۆژانەدا سەرزەمین تووشی دارستانەکان سووتان و درەختەکان سیس بوون جۆگەکان وشک بوون . گیانلەبەرانی دارستانەکان کەوتنە بەلادا هاتن و مردن . ئەم وشکی و بێ ئاوو خواردەمەنیە لە هەمووان زیاتر کاری کردە سەر گامێش . چونکە لەش زل بوو هەتا بڵێی بە مێز بووو فێری ئەوە بوو بە ئارەزووی خۆی بخوات و گژو گیایەکی زۆر پاکژ بدات . بەڵام وا هەموو شتێك وشك بووو لە بەیانیەوە تا ئێوارە ئەسوورێتەوە گەڵایەکی سەوز ، گیایەك بەدی ناکات هاواری وورگی برسی پێ دەم کوت بکات .

هاتە ئەهات ، رۆژ بە دووای رۆژدا گامیشەکە ئەتووایەوە لاواز ئەبوو ، بەڵام رۆژێك هەروا ئەسوورایەوە لە برسانا خوی لەسەر لاقەکانی پێ نەئەگیرا ، لە پڕ گەیشتە سەر رووبارێك لەوەوپێش نەیدیبوو . پەلەیەك زەوی سەوزی بە دی کرد . لەناو ئەو شینایینەدا چەند بەرانە کێوی یەك ئەلەوەرین . لە سەرەتادا بەرانەکان کە گامیشە زەبەللاحەکەیان دی سڵەمینەوە و ترس دای گرتن . بەڵام کە دیان چەند لاوازو بێ هێزە ، پەلاماریان داو بە ئاسانی راویان نا .

ئەو گامێشە قورەبەسەرە بە شەرەشەق خۆی گەیاندە پلنگی پادیشاو گەورەی دارستان . پلنگەکە لە بەر سێبەری درەختێکدا پاڵی لێ دابۆوە و بە ئەوەپەری ئارەزوو نیشتیهاوە کوللەو سیسرکی ئەخوارد .

گامێشەکە لە بەردەم پلنگەکەدا وەستاو ووتی :

ـ هەی خاوەن دەسەڵاتی هەرەگەورەی دارستان . وا خەریکم لە برسانا ئەمرم ، رزگارم کە لە مردن . بە بەرانە کێوی یەکان بڵێ ریگام بدەن لەو پەلەسەوزەی سەر رووبارەکە بلەوەڕێم .

ئەوسا مەرجبێ ژیانم بکەمە مولکی تۆ .

پلنگەکە بەزەیی بە گامێشەکەدا هاتەوەو بەم جۆرە وەلامی دایەوە :

ـ وەرە با بڕۆین . کێ ڕای ئەوەی ئەکەوێ تۆ لەگەل منا بیت و پەلامارت بدات .

بەم جۆرە بە جووتە لێیان دا رۆشتن تا گەیشتنە رووبارەکە . بەرانەکێوی یەکان هەر ئەوەندەی پلنگی پادشای دارستانی بە تووانا و بە دەسەڵاتبی دی ، پرش و بلاو بوونەوەو هەر یەکەیان بەلایەکدا تێ ئەقاند . بەم جۆرە پەلە سەوزەکە بۆ گامێشەکە مایەوە .

لەم رۆژەوە پلنگەکەو گامێشەکە بوونە هاوڕێی گیانی بە گیاتی گامێشەکە لەبەر ئەوەی پلنگەی لێوە نزیك بوو لە کەس نە ئەترساو پشتی لێ کردبووە. پلنگەکش کە ئەیدی گامێشەکە بە ئارەزووی خۆی ئەسوورێتە سوەو گژو گیاکان ئەشکێنێ و ئەشێلێ و بەوە کوللەو سیسرکی بۆ دەر ئەخات ، خۆشی و شادی دای ئەگرت .

زۆری نەبرد گامێشەکە بووژایەوە هێزی پەیدا کردەوەو قەلەو بۆوە . بەڵام لە پڕ شتێك رووی دا. رۆژێك کاتێك پلنگەکە ئەچوو ئاو بخواتەوە ، مەیمونێکی عەجوولی بەدی کرد ، لە هەلبەزو دابەز نەئەکەوت . مەیمونەکە ووتی :

هەی گەورەی دارستان ، گووایە تاقەتت لە کوللەو سیسرک خواردن نەچوو ؟ ئەڵێن بە شەوان تەنانەت کێچەکانی ناو لەشی خۆشت ئەخوێت . وا دیارە نازانیت و ناگات لەوە نییە کە گۆشتی گیانلەبەران سەد ئەوەندەی مێش و مەگەز خۆشترە .. بەینی خۆمان بێ ، خۆشترین گۆشت لە جیهاندا گۆشتی گامێشە . هەر یەك جار تاقی بکەرەوە ئەوسا ئەزانی درۆم لەگەڵدا نەکردووی . پلنگەکە گوێی لە مەیمونەکە گرت ، چووە ژێری ، لەوە ئەچوو مرخی لە گۆشتی گامێش خۆش کردبێ . دووایی ووتی :

ـ لە رۆژانی ووشکەرۆییدا گامێشەکە پێی ووتم کە ژیانی ئەو هی منە باشە ، هەر ئەمرۆ ئەیخۆم .

ئەمەیی ووت و خێرا بەرەو پەلە سەوزەکە کەوتە ڕێ . لەوێش گامێشی قوربەسەر کە ئاگای لەم کەین و بەینە نەبوو ئەلەوەڕێ. پلنگەکە چووە لای و ووتی :

ـ لە بیرتە بەڵێنت دامێ ئەگەر لە برسێتیت رزگار بکەم ژیانی خۆتم پێشکەش ئەکەیت . ئەوە ئەو رۆژە هات بەڵێنەکەت بهێنیتە دی. نیستە نانی نێوەڕۆ بە تۆ ئەکەم . گامێشەکە هەر ئەوەندە ئەم قسانەی پلنگەکەی بیست ، هەموو لەشی لە تووڕەییا گرژبوو ، چاوەکانی بوونە گۆماوی خوێن ، ماسوولکەکانی بوونی بەردو ئەوە نەبوو پێستی لەش نەدڕێ ، شاخە رەقە تیژەکانی ئاراستەی پلنگەکە کرد . خۆی بۆ شەڕی ژیان و مردن ئامادە کرد .

پلنگەکە خۆی لاداو بە تووڕەییەوە زریکانی .

دووایی گامێشەکە هێرشی بردە سەر تەپۆلکەیەك ، بە یەك دانە جووتەشاخ کردی یە ملیونەها تۆزی بچووك .

پلنگەکە بە تووڕەییەوە ووتی :

ـ درۆزن ، کەلەك باز ، گوایە بەڵێنت نەدامێ ژیانت هی منە ؟ کێ بوو تۆی لە برساومردن رزگار کرد ؟

گامێشەکە وەلامی دایەوە:

ـ بەڵێنەکەی من ئەوەی ئەگەیاند کە من هەمیشە لە پێناوی تۆدا ژیانی خۆم بەخت بکەم ، لە دوژمنان بتپارێزم . لە مردن نەترسم.

ـ هەی بێوەفا ، من پیویستیم بە یارمەتی تۆ نییە ـ پلنگەکە قیرانی ـ ئەوە بزانە لەم کاتەوە گۆشتت ئەبێتە خۆراکی من . ئیتر قەت دەم لە میش و مەگەز نادەم گۆمانیە ئەمرۆ بێیان سبەینی ئەبێ تامی گۆشتی تۆبکەم و تاقی بکەمەوە . ئەمەی و وت بە تووڕییەوە کلکی لە زەوی خشان و رۆشت و خۆی وون کرد .

کە گامێشەکە بە تەنیا مایەوە ، دڵ تەنگی دای گرت. فەرموو ئەوە خۆشەویسترین هاوڕێی بووە دوژمنی .

پلنگەکەش سەرو دڵی خۆش نەبوو . لای نەنگ بوو ئەو هاوڕێیەتیەی لە دەست بچێت . بەڵام مەیموونە دوو رووەکە ئەوەی بە هەموو دارستانەکەدا بڵاو کردبۆوە کە پلنگەکە نیازی هەیەو بگرە سوێندی خواردووە گامێشەکە بخوات . لە بەرئەمە پلنگەکە بۆ ئەوەی ژێر دەستەکانی بە چاوێکی کەم ڕێزەوە سەیری نەکەن ، ئەگەرا بۆ هەڵێك گامێشەکەی تیا بە گیر بهێنێ و بیخوات .

بەڵام ڕاوکردنی گامێشەکە شتێکی وەها ئاسان نەبوو . پلنگەکە سێ جار پەلاماری دا، بەڵام لە هەر سێ جارەکەدا گامێشەکە شاخەکانی بۆ ئامادە ئەکردو پیایا ئەچەقاند . لەشی پلنگەکە لە هەموو لایەکەوە کونیان تێ نەبوو .

دووایی پلنگەکە ناچار بوو لە پشتەوە پەلاماری بدات . بەڵام گامێشەکە ئامادە بووو خۆی وەرئەگیراو شاخەکانی ئاراستەی پلنگەکە ئەکرد .

پلنگەکە بۆی دەرکەوت کە بێ سوودەو بۆی ناکرێ گۆشتی گامێشەکە تاقی بکاتەوە . ئەوسا ناچار پەنای بردەوە بەر مەیموونەکە .. هەر ئەوەندەی پلنگەکەی دی مەیموونەکە ووتی .

ـ وا دیارە هاتوویت بۆ ئەوەی سوپاسی نەسیحەتە باشەکەم بکەیت . دەی بڵێ گۆشتی گامێشەکەت بە دڵبوو ؟

ـ گامێشەکە ئەوەندە گەوج نییە وا بە ئاسانی خۆی بدا بە دەستەوە بیخۆن ـ پلنگەکە بە قریشکەوە ئەمەی ووت ـ بەڵام هەر چۆنێك بێت ، ئەبێ بزانم تامی گۆشت چییە !؟ ئەمەی ووت و پەلاماری مەیموونەکەی داو خواردی .

پلنگەکە گۆشتی مەیموونەکەی بە دڵبوو. لەو رۆژەوە پلنگەکان وازیان لە خواردنی مێش و مەگەز هێناو کەوتنە راوکردنی گیانلەبەر ـ رەکان . لە ناو هەموو گۆشتی ئەو گیانلەبەرانە گۆشتی مەیموونیان بە دڵەو لا خۆشە .

لەو رۆژەشەوە گامیشەکان هەمیشە لەوە ئەترسن لە دارستانەکاندا تووشیان ببێت بە تووشی پلنگەوە . بێ وەستان ئاوڕ ئەدەنەوەو سەیری دەوروپشتی خۆیان ئەکەن و ئەڵێن :

ـ تۆ بڵێی لە پشتمانەوە، پادشای دارستان ـ پلنگ ـ خۆی حەشار دابێت .

زمانەوانی ... "پاشماوە"

د بەرسفا ئێ بۆ چۆنا براەر د . وریایی ، ئەز دبێژم : کرن (فعل) د کرمانجیدا هەکە دەرباز (متعدی) و د دەمێ بۆری دا بت ، نە چو جهناف (زەمیر) و نە ژی نیشانێت کەسی هەر وەکی هاتینە دەست نیشانکرن ب کرنێ یان ژی رها (رادیکالێ) وێ فە ناهێنە نویساندن . وەك : ژ ژێدەرێ (خوارن) : من شیف خوار. مە شیف خوار. نە شیف خوار .. وە شیف خوار . هەر وەسا ژ ژێدەرێ نفیسین : من نفیسی . مە نفیسی . تە نفیسی وە نفیسی هتد .

بەڵێ هەکە کرن (کار) نەدەرباز (لازم) بت ، وی چاخی نیشانێت کەسان پێڤە تێنە نویساندن . وەك : ژ هاتن : ئەز هاتم. ئەم هاتن. تو هاتی . هوین هاتن هتد. هەر وەکی ب درێژی هاتیە روهنکرن . ئەو نیشان ژی کو (م) ژ بۆ کەسێ یەکێ پەییڤەر و (ی) ژ بۆ کەسێ دووێ گوهدارێ یەکینی و (٥) ژ بۆ کەسێ سێ نەدیارێ یەکینی و (ن) ژ بۆ کەسێت پەییڤەر و گوهدار و نەدیار یێت پرینی ب راستی نیشانن ژبەرکو جهناڤل پێشیا کرنێ ل کارە .

دێ بێژی : ئەز چوم مال . هەڤبەری رویشتم بۆ مال . ئەم چون (چۆین) خویندنگەهێ . هەڤبەری ، رویشتین بۆ مال . کو دکرنا دەرباز بۆری دا ئێکجار روهنە هەر وەکی دڤێ هەڤبەرکرنێ (بەرانبەرکرنێ دا) دیار دبت :

من فرافین خوار . چێشتم خوارد . مە دەرس نفیسی . دەرسمان نوسی . تە زەفی کێلا . زەویت کێلا . وێ چێل دووت . مانگای دووشی :

بەڵێ د دەمێ پاشی (مستقبل)دا ، ئەو نیشانێت دکرنا نەدەرباز دا ب سەر رها کرنێ فە د دەمێ نهو (حازر) و پاشی دا تێنە بەردان هەر وەکی ب درێژی و ب نمونەفە هاتینە روهنکرن . وەك : ئەز دنفیسم . ئەز دێ نفیسم . ئەم دچن . ئەم دێ چن .

دمنین نمونێت د . وریایی دەست نیشانکرین کو ئەڤێت ژێرینە ـ من هوین دیتن . تە ئەز دیتم . وی تو دیتی .

دڤان هەر سێ نمونان دا، چو جهنافێت پێڤەنویسایی ناهێنە بەر چاڤ ، بەڵێ نیشانێت ب کرنافەنە .

د هەفەکێ (جوملە) یەکێ دا :

من هوین دیتن ،

ئەو (ن) یاکو ب رها (رادکالێ) کرنێ (دیت) ئەیە هژمارا کەسێت هاتینە (دیتن)ن ، کو ژیەکی پێترە ، هەکە یەکبا دا بێژی : من ئەو دیت . (ئەوم بینی) . یان : من دیت . بێ کو بێتە دەست نیشانکرن . من دیتن . تێتە گۆتن ژ بو پرینی . من ئەم دیتن . من هوین دیتن . من ئەو دیتن . ژ بو یەکینی : من خو دیت . من تو دیتی من ئەو دیت . د هەفەکێ (جوملێ) من خو دیتدا ، چو جهنافێت جوینا یەکێ یا جهنافێت کەسی تێدا نینە ژبەر هندێ چو نیشان ب سەر (دیت)فە نەهاتینە بەردان . بەڵێ د هەفەکێ دووی دا : من تو دیتی . دیارە (ی) نیشانا کەسێ دووێ گوهدار (مخاطب)ە . ئەفە ژ بو یەکینی . بەڵێ ژبو پرینی : من ئەم دیتن (دیتین) . من هوین دیتن . من ئەو دیتن . نیشانا (ن) ئالافێ (عەلامەتێ) پرینییە ژ بو کەسێت پەییڤەر و گوهدار و نەدیار .

نمونێ دووێ : تە ئەز دیتم. دیارە (م) نیشانا کەسێ یەکێ پەییڤەر (ئەز)ە . هەکە ژ بۆ هەمی کەسان ، یەکینی و پرینی بکێشین (گەردان ـ تصریف) بکەین دێ بێژین : تە ئەز دیتم . تە خو دیت . تە ئەو دیت . تە ئەم دیتت هتد . دنمونێ (تە خو دیت)دا چو جهنافێت جوینا یەکێ د هەفەکی دا نین ژبەر هندێ چو نیشان بکرنی فە نەهاتینە نویساندن . ژ بو پشتراسیێ (دلنیابوونی) دێ ڤان نمونان ل بەر چاڤان دانین : تە ئەز دیتم .

ـ کۆچی دوایی مامۆستا صادق بهاءالدین ـ

رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٧ـ٦ـ١٩٨٢ دوای ماندوبوونێکی زۆر لە خزمەتی وشەی کوردیدا دڵە گەورەکەی مامۆستا صادق بهاءالدین لە لێدان کەوت، بەناوی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی هاوکاری یەوە سەرخۆشی لە هەموو کەس و کاری خوالێخۆشبوو رۆشنبیرانی کورد ئەکەین و هیوامان وایە بەهەشتی بەریز جێگەی بێت .

● دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی هاوکاری ●

رۆشنبیران بیر و بۆچوونی دەربڕن

رژێمی ئێران رژێمێکی رەگەزپەرستە

لای ئێمە تەقەللای بنیاتنان و لەوێ خۆشی قەدەغەیە

کە ووشەی شەر یاخود جەنگ دێتە بەرگوێم ، هەموو خۆشی و بەختیاری و هێمنی و ئاسایشم لێ ئەتەقێ و بە ناو دەریایی بیر کردنەوەو سەرسوورمانم دەبات ، نرخی مرۆڤم بەو گەورەیی و بە نرخی یەوە لێ دەبێتە باڵندەیەکی سەرپڕاو ، گۆڕان ـ گاری کۆمەڵگاشم لێ ئەبێتە دۆزەخێکی پاشکەوتوویی ، منالی بە نازی دایك و باوك پەروەردەلێ ئەبێتە پەروازە ، خانوویی بە عەرەق دروست کراوی مرۆڤی زەحمەت کێشی گاوڵکەیەك مەگەر هەر بایەقووش تیادا بداتە شەقەی باڵ . ئەمانەو گشت دیمەنی سروشتی پاکی جوانی ڕەنگاوڕەنگ بە ووشەی شەڕو جەنگ لێ ئاڵۆز دەبێت ، رۆژگارێکی روناکی پر جموجول دەبێتە شەوگارێکی خامۆشی و ترسناك ، بەڵێ ئەنجامی شەڕ لەمانە زیاتر هیچ چاوەڕێ ناکرێ مەگەر هەر ماڵوێرانی ، کوشتارو برین و نەمانی مرۆڤ و شێواندنی شارستانیەت و بڵاو بوونەوەی چەندەها نەخۆشی و کزبوونی باری ئابووری .

ئەمرۆ لە سەرانسەری وولاتەوە تا خواروی بە کوردو عەرەب و قوربانی دان و هاوبەش کردنە بە قوتابی و کاسیکارو فەرمانبەرو جوتیارو کرێکارو سەربازو پزیشك و مامۆستا ....وە ئەمانە لەلایەکەوە هاوبەشی شەڕ دەکەن و لەلایەکی تریشەوە کار دەکەن و خەریکی بەرهەم هێنانن ..

ئای چەندم قین لەو فەرمان ڕەوایەیە کە سەربەستی و گۆڕانی کۆمەڵگا لەگەڵ قەدەغە بکات ، بیر لەوە نەکاتەوە کاتێ گەل ویستی بە خۆشی و شادی و ئاسایش بژی دەبێت سەربەستی ماف دەربڕینی لێ قەدەغە نەکرێت و ئارەزووەکانی بێتەدی ، هەوڵی بن بڕ کردنی بیری کۆنەپەرستی بدات لە پێناوی ژیان و بیری سەربەستی و کرداری نوێدا.

ئەوەی ئەمرۆ ڕەچاو دەکرێ و دەبینین فەرمان ڕەواکانی ئێران لەگەڵ ئەوەی شەرمان لەگەڵ دەکەن، ئەوانە بە بیری کۆنەپەرستی و رەگەز پەرستی یانەوە هەموو جۆرە مافێکیان لە نەتەوەکانی ناوخۆ قەدەغە کردووەو گەلی ئێران زۆربەی هەرزۆریان بێ بەشن لەو شتانەی کە زیاتر ژیان دەڕازێنێتەوەو ژیان خۆش دەکات و ئارەزوو بە مرۆڤ دەدات وەك گۆرانی، سینەماو شانۆو هەڵپەرکێ ...هند . گەلی ئێران ئەمرۆ مافی ئەوەی نییە بە ئارەزوو سەربەستی گۆرانی بۆ ژیان .. بۆ سەربەستی ، بۆ خەمەکانی ، بۆ مرۆڤایەتی بڵێ ، هەتا گەلی کوردو ئازربایجان و بلووچ و کەمەنەتەوەکانیەوە تینوویی سەربەستی و مافی خود موختارین ... دڵیان لە جۆشدایە بۆ رزگاری گەلی کورد ئالای شۆڕشیان هەڵکردووە .. گۆرانی بۆ سەربەستی و مافی زەوت کراویان دەڵێن ... بە زاری شەهیدانی مهابادو سنەو بانەوە گەل هاواریانەو دەڵێن با هەر خوێنمان برژێ ڕۆژێك دەبێت ئازادی ـو سەربەستی بە دەست بێنین و مافی خود موختاری بۆ گەلمان بجەسپێنین ..ئا ئەمەیە حاڵی ناوەوەی ئێران و شەرکردنیشیان لەگەڵ دراوسێیاندا هێندەی تر حاڵیان شێواوە ... هەر ئەم بارە ناهەموارییە کە دەبینم و شەر کردن لەگشت کاتێکا زیاتر قینم لە شەرو جەنگ دەپێتەوە .

● دوکتۆر شکریە ڕەسول ●

Institut kurde de Paris

وەڵامێکی مێژووییە بەکەی سەرکردەی سەرکەوتن صدام حسین .. «پاشماوە»

ئەی ڕۆڵەکانی عێراقی مەزن ...
ئەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەبی پیرۆز ..

ئەی جەنگاوەرە دلێروئازاکانی هێزە چەکدارەکانی عێراق .. هەستکردنی قووڵمان بە لێپرسینەوە بەرامبەر وولاتەکەمان و نەتەوەکەمان و هەروەها ئاگاداربمان لەسروشتی ئەو پیلانەی کە دژی عێراق پێکدێنرێ لەم کاتە ناسکەدا ، کەوا زایۆنی و ڕژێمی خومەینی و گەلێك دام و دەزگای تریش لە ناوەوەی نیشتمانی عەرەبدا بەشداری تیادا دەکەن .. وامان لەسەر پێویست دەکات کە کۆمەڵێك بڕیاری لێپرسراوانە بدەین تاکو بەشێوەیەکی بنچینەیی بەشداربین لە پووچەڵ کردنەوەی ئەم پیلانەو پاراستنی عێراق و نەتەوەی عەرەبدا ...

لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕژێمی خومەینی وەڵامێکی سلبی دایەوە بەرامبەر ئەو بەیاننامەیەی کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ١٠ی حزیراندا دەری کردە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری‌دا کە بەردەوام بێ لە ئیلتیزامیا بە ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیەوەو ئێمەش دەستمان پێکردو ئێستاکەیش هێزەکانمان لە ناو زەوی و شارەکانی ئێرانەوە بۆ سەر سنوور دەکشێنینەوە لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا کە ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژیەتی . هەروەها هەوڵدانەکانمان لەگەڵ ئەو دەستانەی کە خەریکی کۆتایی پێهێنانی ناکۆکیەکەن درێژە پێدەدەین بۆ گەیشتن بە بڕانەوەیەکی عادیلانە کە لە سەرەتاوە داوایمان دەکرد .

هویەکانی بڕیارەکە

ئەم بڕیارە بەرپرسیارە بە پلەی یەکەم پشت بەم ئیعتباراتانەی لای خوارەوە ئەبەستێ :

داماڵینی یەکێ لەو پەردانەی کە ڕژێمی گومان لێکراوی تاران بۆ خاباندی جەنگ خۆی لێ دەشارێتەوەو دانانی ئەم ڕژێمە لەبەردەمی تاقی‌کردنەوەیەکی تەواودا بۆ دەرخستنی ئەو مەبەستانەی کە هەیەتی ئەمەش لەبەردەم فراوانترین ڕای گشتی عەرەبی‌و جیهانیدا ئەو دۆخە ناسکانەی کە نەتەوەی عەرەبیان پێدا دەڕواتو کە ئەنجامی داگیرکردنی لبنان لە لایەن زایۆنیەوە هاتۆتە پێشێ‌و ئەو دەست وەشاندنەی کە لە هێزی بەرگری فەلەستین بۆ لەناوبردنی وشێنرا .. وامان لێدەکەن کە وریاو ئامادەبین بۆ هەموو ڕوودان‌و دۆخێك کە بێتە پێشەوەو لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەو تاقی کردنەوانەوە کە هەمانە ڕاستی ئەو پەیوەندیە توکمەیە دەزانین لە نێوان نەخشەکانی کاربەدەستانی تاراندا بۆ خاباندنی جەنگ‌و لە نێوان هەندێ کاربەدەستانی عەرەبدا هەیە ئەوانەی کە بۆ ئەو مەبەستە پاڵیان پێوەناو لە نێوان دەستدرێژی زایۆنی ستەمکاردا دژی لبنان‌و دژی هێزی بەرگری فەلەستین هەبە .. پێویستە لەسەرمان ئەم دەستتێکەڵێە دەرخەین‌و پەردەلەڕووی هەموو مەبەستە درۆکانیان دەرخەین هەموو شوێنێکی نادیاری دیاری‌بکەین هەندی لە کاربەدەستانی عەرەب هەر وەك ئەزانرێ لایەنی ڕژێمی تارانیان گرت ، هەش بوو کەمتەرخەمی کردلە یارمەتی‌دانی عیراق‌دا لەجەنگە ڕەواکەیدا برایانی تریش هەبوون یارمەتیان‌داین‌وهەیان بوو سڵی‌دەکردەوە بەهەرشێوە یەك‌بوبێ لەیارمەتی‌و پشتیوانی‌کردن ئەوانەشی کە لایەنی ئێران دەگرن ، بەڵگەو هۆی ساختەو درۆزنانە دەهێننەوە ، لەوانەی کە دەیانکردە بیانوو بەردەوامی دەستبەسەراگرتنی خاکی ئێران بوو لە لایەن عیراقەوە .. ئا ئەم بڕیارە بەرپرسیاری‌یەمان هەموو ئەو بیانوانەی جا ئایا لە نیاز خراپی‌یەوە یان لە نیاز چاکی‌یەوە درووست بووبێ تێك‌دەشکێنن‌و وڵاتانی عەرەب لەم ناکۆکی‌یەدا بە پێی بەڵگەنامەی جامعەی عەرەبی‌و بەرپرسیاری نەتەوەیی لەبەر دەمی بەرپرسیار بووندا داوەنێ .

بەرپرسیاریمان بەرامبەر بزوتنەوەی بێ‌لایەن‌و بانگ کردنی کۆنگرەی حەوتەمی بزوتنەوە کە بۆ ئەیلولی داهاتوو کە پێی هەستاین پێویستی بەوە هەیە هەموو پەردەیەك داماڵین کە هەندێ خۆی لەپاڵدا ئەشارێتەوە بۆ ئەوەی پیلان دژی بزوتنەوەی بێ‌لایەن درووست بکات‌و دەورمان‌و ئەو نیشانە مێژوویانەمان کە بۆ بەستنی کۆنگرەکە لە بەغدا هەمانە لاواز بکات .

ئێمە باوەڕمان وایە ئەو بڕیارە بەستداری‌یەکی زۆر گەورەی لە پێشخستنی پەیوەندی چاکدا ئەبێ لەگەڵ هێزانی خێر خوازی گەلانی ئێراندا کە بەرهەڵستی ئەو جەنگە دوژمنایەتی‌یەی کرد کە ڕژێمی خومەینی بەرامبەر بە عیراق بەرپای کردوو ئەو هێزانەی کە تەقەللای پەیوەندی کردنێکی ئاسایی لەگەڵ عیراق‌و نەتەوەی عەرەبدا لە دواڕۆژدا دەدات‌و کە بۆ هێزی خێرخوازو ئاسایش‌و هێزانی دۆست ماوە زیاتر دەکات کە لایەنی عیراق دژی سەرچاوەی دەستدرێژی‌و بەرفراوانی بووەستن . برایان ئەمە ئەو هۆیانەبە کە ئەم بڕیارەمان پشتی پێ دەبەستێ .

ئەی عیراقی‌یە مەزنەکان

ئەی عەرەبە دڵسۆزەکانی هەموو لایەك

هەستی چەسپاومان بە سەرکەوتنمان لەم شەڕەدا پێویستی دەکات لەسەرمان دەبێ بە وردی لە سروشتی ئەو قۆناغە تازە یە بگەین کە لەو بڕیارە بەرپرسیاری‌یەوە درووست بووە کە هەمانەو دەبێ بزانین ئەم قۆناغە چ کارێکی لێمان دەوێ‌و چ قوربانی‌یەکی پێویستە .

● دوژمنی چاو چنۆك

ئەو مەسەلە بنەڕەتی‌یەی کە دەبێ بیخەینە بەرچاوی خۆمان لەگەڵ ئەو هەموو تەقەللادانەمان بۆ داماڵینی هەموو پەردەیەك لەرووی دوژمن‌و لەگەڵ ڕووناکی هەموو ئا ئەم بڕیارانەماندا ئەوەیە ئەو دوژمنە گومان لێکراوو چاو چنۆکە دەست لە مەبەستە دوژمنایەتی‌و چاو چنۆکی لە عیراقدا هەڵناگرێ‌و لەبەر ئەوە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە دوژمنکاری خۆی بۆ سەر خاك‌و گەلان دەکات‌و ئەمەش پێویستی بە پەرەپێدانی‌و ئامادەبوونی بەرزی قوربانی‌دان‌و پەرەپێدانی دان بەخۆدا گرتن‌و تێکەیشتن هەیە بۆ ئەوەی پشت بەخوا چاو چنۆکی چاو چنۆکە دەستدرێژەکان هەتا هەتایە گۆر بکەین .. هەروەها گەلی عیراق وەك مێژووی کۆن‌و نوێ دەریان خستووە کە عیراق دەتوانێ بەرگری لەسەربەرزی نیشتمان‌و ئەو مافەی بکات کە لە هەڵبژاردن‌و سەربەستیدایە .

لە ماوەی بیست‌و یەك مانگی‌شەردا هێزە دلێرەکانمان بۆ بەرگری کردن لە عیراق لەناو خاکی ئێراندا دەجەنگاو جەنگاوەرانی عیراق لەو زەوی‌یەی کە تێدا بوون بە نەرمی دەجوولانەوە .. نەخشەی بنەڕەتیمان مەبەست دەست بە سەرا گرتنی زەوی‌یەکە نەبوو بگرە مەبەست شکاندنی چەکی جەنگی دوژمنایەتی کاری دوژمن بوو لەبەر ئەوە ئێمە ئەوەمان پەسەند کرد کە ماوەیەك لێرەو ماوەیەك لەوێ بۆ کەم‌کردنەوەی قوربانی دان‌و ئامانجی بنەڕەتی بکشێینەوەو بەڵام ئێستاکە هێزەکانمان لەسەر سنوورمان وەستاون .. هیچ نەرمی‌یەکمان لە جوولانەوەدا لەسەر زەوی‌یەکە نەماوەو .. هەموو کشانەوەیەك بۆ دواوە واتە هاتنە ناوەوەی هێزە داگیرکارەکانی ئێرانە بۆناو خاکە خۆشەویستەکەمان‌و عیراقە مەزنەکەمان .

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە شارە عیراقیەکانمان .. بەسرەو میسان‌و .. خانقین‌و .. پێنجوین‌و شاری تر چەند کیلۆمەترێکی کەم لەسنوورەوە دوورن .

هەموو سنگ کوتانە پێشەوەیەکی دوژمن خوا نەکات بۆ سەر خاکی عیراق واتە گواستنەوەی شەڕە بۆ ناو وڵاتەکەمان‌و زیانمان کە ئێمە لە خاکی دوژمندا بۆ بەرگری لە عیراق لە قۆناخی پێشوودا کە دەجەنگاین بریتی بوو لە زیانی شەهید دان‌و کەرەسەو کەل‌وپەل .. بەڵام ئێستا هەموو هاتنە پێشەوەیەکی دووژمن لەناو خاکماندا واتە زیان لەو سنوورەدا نابێ‌و دوژمن لەشارەکانمان دەدات ویرانیان دەکات‌و منداڵ‌و خێزانەکانمان دەکوژێ‌و وڵاتەکەمان دەکاتە وێرانە .

ئەمە بە ئاشکرا مەبەستەکانی دوژمنە جا ئەگەر جەنگاوەرێکی عیراق لەناو خۆی زەوی ئێراندا بەدرێژایی ئەو ماوەیەی پێشوو بۆ بەرگری کردن لە عیراق بەئازایەتی‌و بە سوورپوونەوە دەجەنگا .. ئەم ئازایەتی‌و سوورپوونەی گەلێ زیاتر دەبێ کە لەسەر سنوورەکەی بۆ بەرگری کردن لە خاك‌و شارەکانی‌و کەس‌وکاری شەرەفی دەجەنگێ .

ئەی عیراقی‌یە پاڵەوانەکان

ئێستا ڕووبەڕووی حاڵەتی بەرگری ڕاستەوخۆ لە عیراق دەبن بەرگری لە نیشتمانە ئازیزەکەتان خۆ بەدەستەوە دان‌و مل‌کەچی‌و زیللەتتان ڕەفز کرد بەرپەرچی دوژمنتان دایەوەو هێزەکانیتان تێك‌شکاندو جەنگێنێکی ئازایانەو سەخت جەنگان بریاری کشانەوەشتان لە هەست کردنتانەوەیە بە بەرپرسیاری جا ئێستە ڕووبەڕووی ئەرکی جەنگینی بالاتر ئەبن جەنگینی ئازایانەترو سەختتر کە پێویستی بە قوربانی‌دانی بالاترە .

● توانای پاڵەوانان :

لەبەر ئەوەی کە ئێمە عیراق دەناسین‌و عیراقی‌یەکان بەنێرو مێوە دەناسین .. ئێمە دڵنیان لەوە ئەو دووژمنەی کە ئێمە لە خاکەکەی ئەودا شەڕمان دەکردو زیانی گەورەی لێدرا لەهەر زەرەیەکی خاکی عیراقدا ڕمێك ئەدوژێتەوە بەسنگیا دەچێت‌و شمشێرێك لەچاوی دەچەقێ .

ئێستاش لەهەموو کاتێ کە بەسەرچوو پێویستە لە سەرمان شمشێرەکانمان بە هێزێکی پتەوترو بەگیانی پاڵەوانانی نەمر هەڵکێشین‌و وزە نیشتمانی‌یەکانمان بۆ بەرگری لە نیشتمان‌و بەرەنگار بوونەوەی هەموو شتێکی چاوەڕوان کراو ئامادە بکەین .

برایان

پێویستی سەر شانی سەرکردایەتی ئەوەیە کە گەل لەوێنە ڕاستەقینەکەی خۆیدا دانێ‌و .. بۆ هەموو هاونیشتمانی‌یەك دەستنیشانی پێویستی‌یەکانی سەرشانی لەهەموو قۆناخێکی خەباتی نیشتمانیدا بەبەرپرسیاری‌و ئازایانەو بەرگەگرانەی ئەوتۆ سەرکردایەتی بکات کە نە ڕۆژگارو نە نارەحەتی پێی نەوێری‌و ئێمە ئەمە بە پشتی خوا کردوومانە .

ئەمە ئەو وێنەیەیە کە ئەمڕۆ بەرەو ڕوومان دەبێتەوەو ئەمەش پێویستی‌یەکانی سەر شانی عیراقی‌یەکانە بە ژن‌و پیاوەوە منیش کە یەکێکم لە ئێوە .. گیانتان دەناسم‌و وەك ئێوەو دەژیم‌و سوورپوونتان‌و توانای قوربانی‌دانتان‌و دلێریتان دەبینم‌و من ئەوپەڕی دڵنیام کە عیراقی بەهێزو خۆشەویست کە سەرکەوتنی لە ئاسمانی عەرەبدا درەوشایەوە بە یارمەتی خوا هەر سەرکەوتوو دەبێ .. من بە قەدەر گەردێ گومان لە توانامان بۆ سەرکەوتن ناکەم‌و دڵنیام لەوە کە عیراقی‌یە پاڵەوانە مەزنەکان بەژن‌و پیاوەوە ئەوانەی بەرەنگاری دەستدرێژی بوونەوەو دوژمنیان لەسەر خاکی خۆی شکان بە یارمەتی خوا دەتوانن کە پیلانەکە گۆر بکەن‌و نیازی چاوچنۆکەکان وردو خاش بکەن‌و .. عیراقێ مەزن بیارێزن‌و درووشمەکەی هەر بە بەرزێتی‌و شەکاوەیی بهێڵنەوە .

لەپێناوی بیروباوەڕی بەرزدا با هەر بەرز بێ ئاڵاکانی جەنگی ڕەواو دان بە خۆداگرتن‌و قوربانی‌دان‌و ڕۆڵەکانی عیراق‌و سووپای عیراقی خۆشەویست بەسەربەرزی بژین‌و با هەر زەرەیەك خۆڵ بکەینە شمشێری بەرووی دوژمنداو با هەموو شنەیەکی با لە چوارچێوەی وڵاتی ڕافدین‌وا بەرووی دوژمن‌و چاوچنۆکەکاندا بکەینە بلێسەیەکی سووتێنەرو بژی نەتەوەی عەرەبی مەزن‌و .. خوا سەرتان بخات‌و ئاگای لێتان بێ‌و بەیارمەتی خوا ئێوە هەر سەرکەوتوون .. « قالوا ربنا افرغ علینا صبرا وثبت اقدامنا وانصرنا علی القوم الکافرین » صدق الله العظیم .

سڵاوی خوای مەزنتان لێ‌بێ .

کتێبخانەی قوتابخانەو

دەوری گرنگی لەبڕی گەیاندنی بەرەی قوتابیاندا

لەپێناوی جێبەجێ‌کردنی ئامۆژگاری‌و فەرمانەکانی پێشەوایەتی حزب‌و شۆڕش‌بۆ نوێ‌کردنەوەی پەروەردەکردن‌و خوێندەواری‌لە وڵاتدا بە گوێرەی ئەو ڕێگا تازانەی پەروەردەکردن‌کە پشتیان پێ ئەبەستێ‌لە پێشخستنی چۆنیەتی کاری‌پەروەردەکردن‌و خوێندندا ،

وەزارەتی پەروەردە هەر لە تەقینەوەی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەمووزی پیرۆزەوە دەستی داوەتە دابەش‌کردنی هەموو کتێبخانەکانی قوتابخانەکان بە هەموو جۆرە کتێبێکی زانیاری‌و ڕۆشنبیری‌و سیاسی لەپێناوی بەرەوپیش‌بردنی توانای قوتابیان‌و ئاراستەکردنیان بەو شێوەیەی بتوانن ڕێ‌ی ڕاستی خۆیان بگرن لە ژیانیانا . ئا لەم سەرەتایەوە چاومان بە بەڕێز جعفر مجید محمود کەوت کە سەرپەرشتی‌کەری کتێبخانەکانی قوتابخانەکانە لە وەزارەتی پەروەردەدا بۆ ئەوەی دەوری باشی کتێبخانەی قوتابخانەکانمان بۆ دەرخا لە پەرەپێدانی توانای خوێندنەوەو ئاراستەکردن لای قوتابیان‌و وتی : کتێبخانەی نوێی قوتابخانە دەوری ڕۆشنبیری‌یانەو خزمەتگوزاری جۆراوجۆری هەیەو لە پێش هەموویانەوە پەرەپێدانی موتاڵاکردن لای قوتابیان‌و ئاراستەکردنی جارەکردنی گیروگرفتەکانی خوێندنەوە .

ڕێبازی ئارە لە پەروەردەدا هەر بە تەنگ کتێبەوە نیە بە تەنها بەڵکو بە تەنگی خوێنەریشەوەیەو هەولی ئەوە دەدا دەستی‌بگرێ‌و توانای موتاڵاکردنی تیا بەمێز بکا . چونکە کتێبخانەیش بە تاقیگای خوێندنەوە دادەنرێ‌و لە هۆڵ‌و ڕەفەکانیا جۆرەها کتێب‌و گۆڤار‌و تەتلەس‌و خەریتە هەیەو ئەرکی پاڵ پێوەنان بۆ خوێندنەوەو ئاراستەکردنی لە سەرووی ئەرکەکانیەوە ـ یەتی‌و بەشێکی گرنگی پڕۆگرامە ڕۆشنبیری‌و پەیامەکانیەتی .

فێرکردن‌و خوێندن لە منالی‌یەوە وەکو نەخشی سەربەرد وایە و منالان خونچەی ئەمڕۆو بەری دواڕۆژن‌و بە سامانی نەتەوایەتی‌و نادەمیزادی هەموو نەتەوەیەك دادەنرێن . لەبەرئەوە دەستی چاودێری‌یان بۆ درێژکراوەو خراونەتە بەر ڕووناکی‌و جۆرەها باسیان لەسەر نووسراوە کە لە نیوەی دوایی چەرخی نۆزدەدا پەرەیان سەندو وای لێهات منالانی چەرخی بیست جۆرەها چاپەمەنی‌یان لە کتێب‌و گۆڤار‌و وێنە خراوەتە بەردەم‌و سوودیان لێ وەردەگرن بەهۆی پەیدابوونی ژمارەیە لەو نووسەرە تایبەتی‌یانەی کە نووسینەکانیان بۆ منالان تەرخان کردوە .

کتێبخانەو ئەرکەکانی

کتێبخانە بەهۆی ئەم دوو خاڵەی خوارەوە ئەرکی پەروەردەکردنی خوێنەرەوەی باشی گرتوەتە ئەستۆ :

یەکەم : پەیداکردنی چاپەمەنی وەك کتێب‌و گۆڤار‌و گۆڤاری وێنەی وا بۆ تەمەنی قوتابی‌یەکان بگونجێ بە پێی ئەو باسانەی لەم چوارچێوەیەدا کراون . منال تا تەمەنی هەشت‌و نۆیش حەز لە کتێبی وینەدار دەکا .

خاڵی دووهەمیش کە کتێبخانەی قوتابخانە لە چوار چێوەی خوێندنەوەو ئاراستەکردندا دوای ئامادەکردنی چاپەمەنی شیاو بۆ قوتابی‌یان دەیکا ئەوەیە چاودێری موتاڵاکەرەکە بکرێ لە کتێبخانەداو ئەو تەنگو چەڵەمانەی کە پێوەندی‌یان بە موتاڵایەوە هەیە چارەبکرێ . موتاڵاکردن بە دەنگی بەرز موتاڵاکەرەکە ماندوو ئەکاو ئەوەندە سوودی نیە ، چونکە زەحمەتە بتوانرێ لە خوێندنەوەی وادا ماناکان دەستنیشان‌بکرێن لەبەر ئەوە پێویستە پاڵ بە قوتابی‌یەوە بنێین بۆ خوێندنەوەی بێ‌دەنگ‌و خۆیان ڕابێنن لەگەڵ بەکار هێنانی جاوو بیرلێ‌کردنەوەدا .

لەبەر ڕووناکی ڕووداوەکاندا

« باری‌ئابوری ئێران لەسایە ڕژێمی ئاخوندیەدا »

نوسینی : ا٠ن٠ دلسۆز

ئێران سەرزەوییکی بەربڵاوو بەرینە خاوەنی ئەرزوناوێکی زۆر خاوەنی زەریاو ڕوبار شاخودەشت باخوکشت‌گەیە لەدواییەدا بەربەنەدی زۆرو ڕێگای‌چاکی تیادروست‌کرابو ساڵانە شەش‌میلیون بەرمیل نەوتی‌ئەفرۆشت ، ئەوەی کەئێران پێویستی‌بو بریتی‌بو لەڕژیمێکی‌دیموکراسی کەبتوانێ بەشێوەیێکی دادگەرانە وەڕێکوپێك ئەم‌هەموە خیروبەرەکەتە بێریتەبەرهەمو دابەشی‌کات بەسەردانیشتوانی وڵاتا جانومیدوابو ئەورژیمەی کەئەبێتە جێ‌گروجێ‌نشینی ڕژیمی پادشایی ئەو ئەم‌کارەبکات بەڵام‌بەداخەوە پاش نزیکەی‌چوارساڵ لەڕژیشتنی‌شا سەیرئەکەین وای لێهاتوە کەبۆدەسالی‌تر ئەگەر ڕژێمێکی‌باش بێتەسەرکار جامەگەر بیکاتەوەبەخۆی ، نەوت گەیشتوەتەصفر واتە لەشەش میلیۆن‌بەمیلەوە ئیستە والەمیلیونێکا ئیستەپێنج‌میلیون‌کەس بێ‌کارە جگەلەدومیلیون سەرلێ‌شێواوی‌جەنگ سێ‌میلیون‌کەس لەئێران‌ڕای‌کردوەتەدەرەوە ، پارەی ئێران لەدەرەوەی وڵاتا تەنهالە ماوەی یەك ساڵی ڕابوردودا لەصەداسیصەد هاتوەتە خوارەوە لەساڵی ١٩٧٩دا پاوەنی ئینگلیزی بەدوانزە تەمەن‌بو ئیمسال بوەتە پەنجاوپێنج‌تەمەن بەڵام لەدەرەوەی ئێرانا‌تەمەن ئەسڵەن بەهیچ وەرناگیرێت ، بانکی مەرکەزی ئێران لە ٢١ـ٣ـ١٩٨٢دا ڕەسمەن بڵاوی‌کردەوە کەلەماوەی ساڵێکا واتە لە ٢١ـ٣ـ٨١ تا ٢١ـ٣ـ٨٢ بەشێوەیێکی تێکڕایی نرخەکان لەصەدا (٢٢٫٨) چونەتەسەرەوەو گرانبوە بەم‌چەشنە نرخی گوشت ٣٠٪ صەوزی ٤٤٪ شیروکەرەو داهاتەکانی شیر ٢٤٪ برنج‌ودانەویلە ٣٠٪ نان ١٠٪ زیادی‌کردوە .

بەڵام بە شێوەیێکی گشتی نرخی خواردەمەنی لەساڵی ١٩٧٩وە تا ئیستە ٥٠٠٪ چوەتە سەرەوە ، بۆ وێنە گوشت بە ٢٥ تا ٣٠ تمەن‌بو کە ئەیکردە دینارێك تا دینارو نیویك بەڵام ئیستە صەد تا صەدودە تمەنە کە بە نرخی ڕەسمی ئەکاتە زیاتر لەپێنج دینار بۆ هەر کیلوی وە شەکر لە ٥٠ ڕیاڵەوە بوەتە ٣٠٠ ڕیاڵ وە هەر بەم چەشنە ، مەعاش کاتی وا هەیە چوار مانگ جارێ ئەدرێت ئەڵبەتە جگە پاسدارەکان وە شەڕکەرە بەپارە گیراوەکان ، هەمو جۆرە مخصصاتێك لابراوە ئیفاد ئەماوە کادری دانشگەکان هەمو دەرکراون چونکی سێ ساڵە درگای دانشگەکان بەسراوە ، عەلی شەمس ئەردەکانی باڵوێزی پێشوی‌خومەینی لەوڵاتەکانی خەلیجی‌عەرەبیدا وەموستەشاری خومەینی‌ئیستە هی‌کاری‌ئەوت لە وتوویژیکی چاپەمەنیدا لە ڤینەدا ڕای‌گەیاند کە ڕەصیدی جارانی ئێران لە دەرەوەی ئێرانا لە ساڵی ١٩٧٩دا دوانزە تا چواردە میلیارد دولاربوە بەڵام ئیستە تەنها دو ملیاردی ماوەتەوە ، ئەردەکانی هەرلەم وتوویژەدا ئەڵێت کە هەر لەم ماوەیەدا نرخی بەنزین لە ئێرانا چوار قات بوەتەوە .

قانونی میری‌کردنی بازرگانی کە لەم بەینەدا خراوەتە ناوەوە وە زۆربەی ماددەکانی پەسەند کراون ئەویش ئەبێتە سەربارێکی گران بۆ سەرئابوری‌یە تێك‌شکاوەکەی ئێران بە چەشنێك ئەمەش خۆی ئەبێتە بیانوێێك بۆ خۆتێ‌گەیاندی ئاخوندیسم لەشتێکا کە فری پێوە نیە وە هیچی لێ‌نازانێ بەم چەشنە ئەم‌ساڵ وا دەرئەکەوێ کە ببێتە شوم‌ترین ساڵی ئابوری ئێران ، حەوتەنامەی ساندەی تەلگرافی لەندەن لە ژمارەی ١٢ دیسامبەری ١٩٨١دا وتارێکی **بەناونیشانی (تالانی سەرمایەکانی ئێران لەلایەنی مەلاکانەوە) بڵاوکردەوە کە ئەڵێت تالاری ژمارەیەکی** (نۆڤو درۆ نو)ی پاریس لەم حەوتەیەدا گەورەترین هەڕاجی ئەنتیکەو شوێنەواری لە مێژینەکانی ئێرانە ، کە ئەم هەڕاجە حەوتەمین هەڕاجی عەنتیکەکانی ئێرانە لەم ساڵۆنەدا ، ئەم‌جارە هەزارو پێنصەد پارچە شتی نایاب هەڕاج ئەکرێت ، ڕۆژنامەکە ئەڵێت ، سێ چوار ساڵ لەمەوپێش کریارانی ئەم جۆرەشتانە ئەگەر تەنها یەك پارچە شتیان لەم‌بابەتە دەس‌کەوتایە شێت‌ئەبون بەڵام ئێستە تەنها پێویستی بە پارەیە ، واتە هەرکەس پارەی هەبێت ئەتوانێ هەرچی ئەوێت بیکڕێت ، بەڵێ ئەوکەسانەی کە بە خەویش نەیان‌ئەدی کە عەنتیکەکانی چوار هەزار ساڵ لەمەوبێشی لوروستانیان‌دەس‌کەوێت ئیستە بە ئاسانی ئەتوانن بڕونە یاری قوماری کەلەپورە هونەری‌یەکانی سەرزەوی مادوپارس ، ساندای تایمز ئەڵێ لە ئێوانی ئەم شتەنایابانەدا هەیکەلی برونزی هی هەزار ساڵی پێش میلاد وە ملوانکەی بێ‌وێنەی زێڕو جەوامیراتی نایاب وە سێ کەلەکێوی لوروستان وە چەندین شتی نایابە ، کە ئەمانە لەلایەنی ئاخوندەکانەوە بەناوی کەلوپەلی باڵوێزخانەو ئەو جۆرە بیانوانەوە دەرکراون .

Institut kurde de Paris

لەیەکێتی ئافرەتان لەهەولێر

ناظم دلبەند
نووسینگەی هەولێر
بشری حسین وێنەکانی گرتووە

بەشداری کردنی ئافرەتانمان لە تیپە وەرزشی‌یەکان ئاوڕ دانەوەیەکی پیرۆزی کۆمەڵایەتیمانە، بۆیە هەمیشە لایەنە بسپۆرەکان لەم رووەوە بایەخێکی گرنگ بەو هەسەلەیە دەدەن ...

تیپی وەرزشی کچانی سەر بە یەکێتی گشتی ئافرەتانی هەولێر ، پێشرەوی ئەو بزووتنەوە وەرزشی‌یەن لە پارێزگاکەدا ... تا ئێستا بەشداری‌یان گەلێك خولی وەرزشی کردووەو سەرکەوتنی جۆراوجۆریان وەدەست هێناوە ... بۆ ئەم مەبەستە توانیمان چاومان بە چەندکچە یاری زانێکی ئەم تیپە بکەوێتو قسەیان لەگەڵدا بکەین .

● **لە پێشدا یاریزان « کوردستان پولص » وتی :ـ**
هەریەك لە ئێمە جۆرە ئارەزوویەکی هەیەو پێویستە لەلای خۆیەوە پەرەی پێبداو دەری‌بیرێ ، چونکە هەموومان دەزانین هیچ شتێك بە وەشکی نامێنێتەوە ... وەرزشیش لە لای من وەك کۆرپەیەکی نازیز دەپارێزرێ ...

● **ئینجا یاریزان « بەیان صلیوە » پێی‌وتین :ـ**
گرنگ یاری زانم‌و چوومە رێزی وەرزشەوە ، تا ئێستاکەش بە گیانێکی لە خۆ بووردنەوە یاری دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم ئاستی تیپەکەمان بەرز بکەمەوە ... بۆ مەسەلەی پشتگیریش ، یەکێتی هەموو شتێکی بۆ تەرخان کردوین‌و گەلێك یاریمان کردووە لە دەرەوەی شارو سەرکەوتنی چاکمان وەدەست هێناوە .

● **دەبا بزانین یاریزان جیهاد عبدالواحد دەڵێ چی :ـ**
من کە بەشداری دەکەم‌یان بەشداریم کردووە لەم تیپە ، زیاتر دەگەڕێتەوە سەر ئارەزووی خۆم بۆ وەرزش، سەرەڕای ئەوەی کە لە گەلێك پاڵەوانیەتی سەرکەوتنمان وەدەست هێناوە جێگەی شانازی بووین ، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە زیاتر گرنگی بە دەوری ئافرەتی وەرزشەوان بدرێ بۆ بەرەوپێشەوە بردنی ...

عیراقی ئەمڕۆ

ئەم ئافرەتە تەمەنی ٩٠ ساڵەو دوو جار خوێنی خۆی بۆ پشتیوانی جەنگی ڕەوا بەخشیوە ..

لەو گەڕانو سوڕانەماندا بە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا ، چاومان بە ئافرەتێکی تەمەن (٩٠) ساڵانە کەوت .. کە دوو شووشە خوێنی بەخشیووە بۆ پشتگیری کردنی جەنگ .. بە دیداری شاد بووین ... بە پێکەنینەوە پێشوازی لێ‌کردین ... کەوتینە گفتوگۆ ...

● **رۆژباش پورێ**
ـ چاوەکانتان ماچ دەکەم .

● **ناوەکەتمان نەزانی ؟..**
ـ جا بۆ ناوی من بزانن کوڕی خۆم ، من تازە بە سەرچوویم‌و لە سەر لێوی قەبرم‌و عومرم (٩٠) ساڵە ..

● **ئا ... پورێ ژانیومانە لەو تەمەنە درێژەتدا دوو شووشە خوێنت بەخشیووە بۆ پشتگیری جەنگ ...**
. ها ... بەڵێ ناوم (شحوی داودە) دوو شووشە خوێنم بە ڕەزامەندی خۆم دا بە سەربازەکان ، چونکە ئەوان هەموویان کوڕی منن .. هەموویانم خۆش دەوێ ... ئەگەر ئێستاکە گەنج دەبووم بە خۆم تفەنگ‌و ڕەختم دەبەستاو دەچوومە ئەوێ شەڕێ .. .

زۆر سوپاس دایە گیان .. منیش سوپاس ...

نووسینگەی هەولێر

هاوڵاتیان دەنووسن

شۆڕشی کورد لە کوردستانی ئێران

ئەوە ڕوون‌و ئاشکرایە کە ڕژێمی خومەینی ڕۆژبەڕۆژ چاو لە کوردەکانی ئێران سوور دەکاتەوە وە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆڵەکانی کورد لە کوردستانی ئێران زیاترو زووترو بەتواناترو ئازاتر دەبن ، وە ئەمە نزیکەی دوو ساڵە جەنگاوەرانی کورد لە کوردستانی ئێران شۆڕش ئەگێڕن .. وئێمە لێرەوە بە چەك‌و بە پێنوس وە بە دڵ وبەگیان هەوڵ دەدەین . وە بە تەمای خوای گەورە تا ئازادی بەدەست دێنن .

ئیستا میللەتی کورد کە دابەش‌کراوە تەنیا گەلی کورد لە کوردستانی عیراق مافی ئەتەوایەتی وەرگرتووە .

عیراقی خۆشەویستمان بەهەموو توانایەکیەوە لەگەڵ گەلانی ئێرانەو گەلی کورد لەکوردستانی ئێران .

وە ڕۆژبەڕۆژ خومەینی خۆپەرست بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن ڕۆڵە نەبەزەکانی کورد لە کوردستانی ئێران لەناوبەرێ، وەیاخود چۆن ئاژاوە بخاتە ناو خاکی عیراقی خۆشەویستمان ، وە ئەوەش باش‌بزانێ نەك خومەینی . هیچ خومەینی‌یەکی تریش ناتوانێ بارو زروفی عیراقی ڕەنگینمان بگۆڕێ .

هاوڕێ تان
ـ حکیم صابر کارشی ـ

هونەری نیتسوکی لە ژاپۆن

ئەمو وشەیە ووشەیەکی ژاپۆنیەو بەرامبەر ئالە زمانەکانی تردا نیە .

ـ ئەوەی ڕاستی بێ ئەم هونەرە تەنیا لە ناو ژاپۆنی‌یەکانا ناسراوە ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە کاریان تێ‌کەوتوە .

ئەم جۆرە هونەرە بریتی‌یە لە هەڵکەندنی وێنەی جۆرارو جۆر لەسەر تەختە یان حاج یان هەر جۆرە مەعدەنێکی بەنرخ بەڵام زۆر بەوردی‌و هونەرمەندانە دروست دەکرێت .

ـ واتای نیتسوکی چیە ؟ ـ

هەروەها ئەم ووشەیە لە دوو ووشەی لیك دراو پێك هاتووە ، یەکەمیان (نی) بەواتای ڕەگ بەکار هاتووە دووەم (تسوکی) بەواتای پەلامار بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو ووشەکە پێکەوە واتای پەلاماری ڕەگ نادەن بەڵکو زیاتر لە واتای کلیل‌و زەنگ نزیکە .

پێویستی بەکار هێنانی ئەم پارچە هونەری‌یە بچووکە لەوەوە هاتووە کە جل‌و بەرگی ژاپۆنی گیرفانی نیە هەندێ شتی گرنگ‌و پێویستی تێدا هەڵبگیرێت لەبەر ئەوە یان لە قۆڵی کراسەکەیاندا هەڵیان‌دەگرت یان دەیان خستە ناو پشتوێنەکەیانەوە کەپێی دەوترێت « ئاوبی » ڕەنگە لەبەر ئارەحەتی دەرهێنانی ئەم جۆرە شتە وردانە لە پشتوێندا لە کاتی پێویستدا وایان بەجاك زانی‌بێ کە بیبەستنەوە بەپەتێکی ئاوریشمەوەو شۆڕی بکەنەوە بۆ ئەوەی بەزووترین کات بێتەدەست .

ـ ووشەی نیتسوکی بەواتایەکی فەلسەفی‌و میتافیزیکی هەیە لە مەزهەبی « شەنترۆ »ی ژاپۆنی‌دا کە دەڵێ هەموو شتێك گیانی هەیە هەروەها ئەم زەنگە بچووکانەش تا دەگەنە ئەقڵو دەتوانن بەجوانترین شێوە خۆیان پیشان بدەن .

ـ ئەم هونەرە چۆن لە دایك بووە ؟

هونەری نیتسوکی لە سەدەی حەفدەدا داهاتووەولە سەدەی هەژدەو نیوەی یەکەمی نۆزدەدا بڵاو بۆتەوەو هەروەك هەموو هونەرێك ئەم هونەرەش قوتابخانەی خۆی هەبووە .

ـ وێنە جۆر بەجۆرەکانی نیتسوکی چین ؟ ـ

ئەو وێنانەی کە ئەم دەیکرێتە خۆی وێنەکانی سروشتی بوون وەك مرۆڤو ئاژەڵو ڕوەك تا وردە وردە گەیشتنە ئەو بتانەی کە وێنەی خواکانیان دەگەیەنێت بەڵام لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا ئەم هونەرە جوانە بەرەو دواوە گەڕایەوە ،

ـ سەرگول تەیموز ـ
ئامادەی کردوە

• هەنارعومەر •

چیرۆکی مندالان

گوڵە بەڕۆژە و گوڵە بەنەوشە

• چیرۆك •
مکرم رشید تاڵەبانی
کردوویەتی بە کوردی

دەگێڕنەوە دوو گوڵ پێکەوە لە باخچەیەکدا دەژیان . یەکێکیان درێژو جوان بوو ، ڕەپ ڕاوەستا بوو ، گەڵا زێڕینەکانی بەرانبەر بە هەتاو بوون ، هەر کە شنەیەك هەڵی کردبا دەلەرانەوە ، ئەو گوڵە گوڵە بەڕۆژە بوو ، بەڵام گوڵی دووەم نەرم‌و ، ناسك‌و بچووك بوو ، لە سێبەری گوڵە بەڕۆژەدا دەشنابەوە . کەس پێی نەدەزانی ، ئەو گوڵە گوڵی بەنەوشە بوو .

گوڵە بەڕۆژە کە فیززل‌و لووت‌بەرز بوو ، ڕۆژێکیان بە گوڵەبەنەوشەکەی ووت : « کەس تۆ نابینێت چونکە بچووکیت » ، بۆیە گوڵە ناسکەکە غەمگینی دایگرت . دەیزانی کە قسەی گوڵەبەڕۆژەکە ڕاستە .

ڕۆژێك لە ڕۆژان هەندێك منداڵ هاتن لە باخچەکەدایاری بکەن ، گوڵە بەنەوشەکە بە شادی‌یەوە سەرنجی دان کە یاری‌یان دەکردو دەهاتن‌و دەچوون . بەڵام لە ناکاوێك‌دا تۆپێك غل‌بووەوەو نزیك بە گوڵەبەنەوشەکە وەستا . کیژێك بە دووی تۆپەکەدا ڕای‌کرد ، کە گەیشتە لای گوڵە بەڕۆژەکە ، نووشتایەوە تۆپەکە هەڵبگرێت چاوی بە گوڵە بەنەوشەکە کەوت ، بانگی خوشکەکەی کرد : « وەرە تەماشا بکە ، چی گوڵێکی جوانە ، لەمەوپێش نەمدیوە چونکە خۆی لە پشتی ئەم درێژەوە حەشار داوە . ئەمە کارێکی باش نی‌یە ! دەبێت بە باوکان بڵێین تاکوو گوڵەبەڕۆژەکە بخاتە جێگەیەکی دیکە بۆ ئەوەی بتوانین ئەم گوڵە بەنەوشە قەشەنگە هەموو ڕۆژێك ببینین » .

لە ماوەیەکی کورتدا

لەم ماوەیەی دووایی‌دا تیپی هونەری میللی هەولێر کۆمەڵێ بەرهەمی تۆمار کردو لە تیپەکەدا چالاکی بەهرەیەکی نوێ دیاربو لە ڕووی مۆسیقاوە ... لە چاوپێکەوتنێکی هونەرمەندی لاو هێلرغفور ووتی :

● دە ساڵ لەمەوبەر ئاشنای مۆسیقا بووم‌و خۆم ئالەتی مۆسیقام دروست دەکردو دەمویست لە ئاهەنگەکانی قوتابخانەدا بەشداربم ، تا لەم ساڵانەی دووایی‌دا لە سەر دەستی هونەرمەند وریا ئەحمەد ئەم ئارەزووەم هاتە دی‌و بەشداری چالاکیەکانی تیپی میللیم کرد بە چەند بەرهەمێکی نوێ بۆ تەلەفزیۆن .

پاشان دەڵێ :

ئەوەی دەمەوێ بڵێم ، گۆرانی‌و مۆسیقای کوردی ئەمڕۆ لە خۆ دۆزینەوەدایەو لاوە هونەرمەندەکانیشمان بە ئاواتی گەورەوە لە کۆڕی مۆسیقادا دێنە پێشەو سڵ ناکەنەوەو ئەمەش پیشانەی پاشەڕۆژێکی ڕووناکە بۆ هونەری کوردی .

نووسینگەی هەولێر
● شێرزاد ●

هاوکاری
دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد / شەقامی الخلفاء / مەیدانی خەزانی
تەلەفون ٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت

Institut kurde de Paris

نوێەم کۆنگرەی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی

ڕۆژگاری ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی

هاوکاری
التضامن

ساڵی ١٩٧٠
وەرزاوە

● پێنج شەممە ١٩٨٢/٧/١ ژمارە ٦٤٤
● الخميس ١٩٨٢/٧/١ العدد ٦٤٤

ڕۆژنامەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٥٠ فلسە

لەم ژمارەیەدا

● دەقی ووتارەکەی هاوڕێ سەرکردەی تێکۆشەر صدام حسین ل ٢
● نەدەبو ڕۆشنبیری : شیعر ، چیرۆك ، زمانەوانی ل٦و٧ .
● جیهانی نەمرۆ : باری لوبنان ، دۆخی ناوخۆی ئێران ل ٤ .

باوەڕی پتەو بەرابەری کاروان سەرکی فەرماندە صدام حسین
ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان حالەتێکی ڕەسەن و خۆگرتووە سیاوە

لە ماوەی ٢٤ - ٢٧ی مانگی حوزەیرانی ١٩٨٢ نوێەم کونگرەی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بەسترا .

هاوڕێ صدام حسین ئەمین سری سەرکردایەتی قوتری حزب کونگرەکەی بە ووتەیەکی ئاراستەیی کردەوە کە تیایدا ڕووبەڕووی بەشدارانی کونگرەکە وتی : ئێوە لەم دەورەیەداو بە هوی ئەو ڕۆژگارە تایبەتیەی ئەمڕۆ شۆڕش و عیراقی مەزنی پیاتی دەپەڕێتو بە هوی زنجیرەیەك تاقی کردنەوەی تایبەتەوە کە پیایاندا تێپەرین ، بە حەق و بە شێوەیەکی گشتی پێشڕەوی حزبو سوار چاکانی گەلە مەزنەکەمانو ویژدانی زیندوی و ئەو چاوانەین دەبێ نەخەونو ئەو دەنگەین لە ریزی پێشەوە کە پێویستە قسەی ڕاستی تیا بکرێ بێدەنگ نابێت ، کاتێك پێویست بە دەنگێکی بڵندی ئاشکراو بەهیز دەکات [دەقی ووتارەکە لە لاپەڕەی ٢دا بخوێنەرەوە] .

دوای ئەوەی هاوڕێی سەرکردە لە ووتەکەی بوەوە ، کونگرە دەستی کرد بە کاروباری ، بە چەسپاندنی ئەندامەکانی و لێکولینەوەی ڕاپۆرتی سیاسی مەرکەزی سەرجەم کە سەرکردایەتی قوتری حزب پێشکەشی کردبوو .

ڕاپۆرتەکە ، کە بریتی بوو لە پێشەکی و هەشت بەشی کاروباری بنەڕەتیە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گرتبوەخۆی ، لەمانە تاقی کردنەوەی ناوخۆیی حزبو شۆڕش لە ماوەی ساڵانی ڕابووردوداو نێوان هەردوو کونگرەی قوتری هەشتەمو نوێەمو تاقی کردنەوەی گۆڕانکاریە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و گەشە سەندنی سەرجەم بیناکاری سۆشیالستی و گۆڕانکارە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان .

● **دەوری سەرکردە .**

ڕاپۆرتی کونگرەکە دەستی ڕێزی نا لەو دەورەی فەرماندە صدام حسین لە سەرکردایەتی کردنی کاروانی شۆڕش و چەسپاندنی کۆلەکەکانی شۆڕشدا گێڕای و چەسپاندنی نەخشەی مەبدەئی و نیشتمانی و نەتەوەیی و سۆشیالستی و دیموکراتی شۆڕشگێڕانەو توانای نموونەیی و ئازایەتی بالای لە بەر پەچدانەوەی زۆر پیلاندا کە هەڕەشەیان لە حزب و شۆڕش دەکردو دام و دەزگاکانی ئیمپریالیزم و زایۆنی و کۆنەپەرستو پوخڵەواتەکانی دوژمن و پیلانگێڕان سازیان دەدا .

● **ئەرکە نەتەوەیی و دیموکراتیەکانی :**

لە ماوەی لێکولینەوەی بەشی تایبەت بە ئەرکەکانی نیشتمانی و دیموکراتیەوە کۆنگرەکە دەستی ڕێزی نا لە بایەخی سەرکردایەتی بە ڕاپەڕاندنی بەرنامەی نیشتمانی و دیموکراتی سەرجەم و قول کە کۆنگرەی هەشتەمی قوتری لە ڕاپۆرتە سیاسی یەکەیدا دیاری کردبوو ، دیسان کۆنگرە دەستی ڕێزی نا لەو سەرکەوتنە بالایەی حزبو جەماوەری گەل لە چەسپاندنی پایەکانی سەربەخۆی نیشتمانی بەدی هێناوە ، بەپێی ئەو بنەڕەتە مەوزوعی یە پتەوەی کە لە کونگرەی هەشتەم دیاری کردبوو تاقی کردنەوەکان و بەرپەچدانەوەکانی کە ڕووبەڕووی شۆڕش بوون لە قۆناخی دوایدا ساغی کردنەوە .

دیسان کونگرەکە دەستی ڕێزی لەو سەرکەوتنە سەرجەمە نا کە لە پتەو کردنی یەکێتی نیشتمانی

بڕوانە ل : ٧

نوێەم کونگرەی قوتری باوەڕی حزبو تێکۆشەرەکانیو لە ماوەی ئەوانەوە باوەڕی گەلی بە فەرماندەی تێکۆشەر صدام حسین نوێ کردەوەو بە تێکڕایی هەڵیان بژارد تابەردەوام بێ لە سەرکردایەتیکردنی کاروانی حزبو شۆڕش لە سەر ڕێگای بیناکاری نموونەیی ڕووناکو سەرکەوتوو لە بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبیدا .

دیسان سەرکردایەتی قوتری لەم هاوڕێیانە هەڵبژێررا : عزة ابراهيم خليل ، طه ياسين رەمەزان ، عدنان خيرالله طلفاح ، سعدون شاكر محمود ، طارق عزيز عيسى ، حسن علي نصارالعامری ، محمد حمزةالزبيدی ، عبدالغنی عبدالغفور ، سمير محمدعبدالوهاب ، عبدالحسن راهی فرعون ، سعدی مهدی صالح ، نعيم حميد حداد ، سعدون حمادی ، مزبان خضر هادی .

بە سەرکایەتی هاوڕێ صدام حسین سەرکردایەتی قوتری دووەم کۆبونەوەی دەبەتی

ڕۆژی ٢٨-٦-١٩٨٢ سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بە سەرکردایەتی هاوڕێ صدام حسین ڕازگری نهێنی سەرکردایەتی قوتری حزب بۆ دووەم جار کۆبووەوە .

سەرکردایەتی لە کۆبوونەوەکەیدا بە لیستەی کردارەکانیدا چووەوەو بەرپرسیاری ڕێکوپێکی بەسەر هاوڕێیان ئەندامانی سەرکردایەتی قوتری حزبدا دابەش کرد .

ئەم سەرکردایەتییە یەکەم کۆبوونەوەی یەکسەر دوای هەڵبژاردنی لە کونگرەی قوتری نوێەمی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستا بەستو بە گشتی ڕازگری نهێنی قوترو جێگری ڕازگری نهێنی قوتری هەڵبژارد .

لەبەر ڕووناکی بریارو ئەنجامەکانی کونگرەی نوێەمی قوتری دا

سەرکردەوکاروانی بەرەولوتکە

جارێکی ترو لە ماوەی بریارو ئەنجامەکانی نوێەم کونگرەی قوتری حزبی سەرکردە ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ، عیراقو کاروانی شۆڕشی عیراق بەرابەری سەرکردەی تێکۆشەر صدام حسین ، پتەویو بە هیزی ئەو ریرەوەی سەلماند کە لە سەری دەروا ، جارێکی کە گەلی عیراقو بەرابەری حزبو ڕێبازی ڕاستەقینەی شۆڕش وەستانی یەك ریزی لە پشتی ڕۆلەو سەرکردەکەیەوە دووپات کردەوە ، ئەنجامەکانی کونگرەی نوێەمی قوتری حزب کە رابەری شۆڕشو کاروان دەکات سەلماندی :

- سەرکردەی کاروان صدام حسین دەوری لێهاتوانەی پێشەوایەکی سەر بە گەلی عیراقی گێڕاو بەهرەی فیکرو ئازایەتیو چالاکی ئەو پایەکانی حزبو شۆڕشی چەسپاندو خۆی بە ڕووی هەموو پیلان و دەسیسەیەکی دوژمناندا گرت تا ڕادەی گۆڕکردنی خۆیانو خەونە چەپەڵەکانیان .

- سەلماندنی یەکێتی پتەوی نیشتمانی عیراق حەقیقەتێکی چەسپاوەو ئەو دەستکەوتە مەزنانەی حزبو شۆڕش بۆ گەلی بەدی هێناوە ، گەلی عیراقی بە کوردو عەرەبەوە کردۆتە قەڵایەکی سەختو پتەو لە سەر بەردی بناغەی بەهێزی هەموو خەونێکی دوژمنانی سەربەستیو سەربەرزیمان وردو خاش دەبێ ، ئەوەندەی پەیوەندی بە گەلی کوردەوە هەیە ئاشکرا ساغ بۆتەوە کە شۆڕش بە تەنگیەوەیەتیو هەموو تەقەللایەکی دوژمن کە بیەوێ لەم کەلەبەرەوە خۆی بکات بە ژوردا سەری لە دیوارێکی پۆڵاین دەداتو ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستان بۆ گەلی کوردمان بۆتە حالەتێکی ڕەسەنو خۆ گرتوو چەسپاو .

دیسان ئەو بارودۆخەی جەنگی ڕەوامان دژی چاوچنۆکی ڕەگەز پەرستەکانی ئێران کردی ، بە پێچەوانەی هەموو ئاواتێکی دوژمنانەوە ، کاروانی سەرکەوتوی عیراقی زیاتر بەرەو لوتکە بردو ئەوەی شکا ئاواتە چەپەڵەکانی دوژمنان بوو عیراق لە ماوەی ٢١ مانگی جەنگا ڕێبازی سەربەخۆیی نیشتمانیو ڕێبازی نەتەوەیی خۆی نەك هەر لەق نەبوو بەڵکو زیاتر بە باوەڕەوە پێی لە سەر داگرت .

بەم جۆرە ، کونگرەی نوێەمی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ، بوو بە ڕووناکیەکی تری گەش لە سەر لوتکەی ئەو قەڵا بەهێزەی بە ڕەنجو تەقەللاو یەکێتی نیشتمانیو قوربانی دانی گەلو ئازایەتیو لێهاتویی (صدام حسین)ی ڕابەر دروست بوو ، ئەو قەڵایە تابێ بڵند دەبێتو کاروان دەرواتو خەونی گەلی عیراق بە کوردو عەرەبو کەمایەتیە براکانیەوە گەش بین دێتە دیو خەونی دوژمنانی کاروانە سەرفرازەکەمان هەر بەرەو هەڵدێری ڕوخانو لە گۆڕنان دەچێو بۆ پێشەوە ..

● هاوکاری ●

بە سەرکایەتی ڕابەری کاروان ئەندامانی نوێ لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو ، چەند بریارێكو چەند مەرسومێکی کۆماری لەبەر ڕووناکی ڕێوەوی گشتی بریارەکانی نوێەم کونگرەی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستو ئەنجامەکانیان دەرچوون .

لە بریارە گرنگەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش :

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە :

بریاری ژمارە ٨٣٦ لە ٢٨-٦-١٩٨٢دا :

لەبەر ڕووناکی ڕێوەوی گشتی بریارەکانی کونگرەی نوێەمی قوتری و ئەنجامەکانی و بەپێی ئەحکامی برگەی (ب) لە ماددەی شەستو شەشی دەستوری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە تێکڕا لە کۆبوونەوەی ٢٨ حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢دا بریاری دا :

یەکەم : هەڵوەشاندنەوەی برگەی (ب و ج) لە ماددەی سیو حەوت لە دەستوری وەختیو دانانی لە جیاتی :

ب : ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەم ئەندامانە پێك دێت :

بڕوانە ل : ٧

هێزە دلێرەکانمان مەردانە بەرەو پێرچی دەستدرێژی هێزەکانی دوژمنا دەڕۆنەوە

لەو ڕۆژەوە سەرەکی فەرمانده صدام حسین ووتارە میژوویەکەی ئاراستە کردوەو بریاری کشانەوەی هێزەکانمانی بۆسەر سنووری دەوڵەتان ڕاگەیاندو بەر لەو پریارەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە وەستاندنی شەڕ ، هێزە دلێرەکانمان بە وردی ناوەڕۆکی ئەو ووتارەمیژوویەو بریارەکە جێبەجێ دەکەن .

بەڵام دوژمنی ڕەگەز پەرستو ناپەسەند هەر بەردەوامە لە دەستدرێژی ناپەسەندانەیو بەرامبەر بەمە هێزە ئازاکانمان بە توندی بەرپەچی ئەو دەستدرێژیە نارەوایانەی دوژمن دەدەنەوەو زیانی زۆریان بە سەرو ماڵیو دوژمن گەیاندوە .

ئەمەش لە بەیاننامەکانی ٧٥١ وە تا بەیاننامەی ٧٥٧دا کە لە ماوەی هەفتەی ڕابوردودا لە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە دەرچووە ڕوونکراوەتەوە ، کە لە ماوەی هەفتەی ڕابوردودا هێزە دلێرەکانمان بە توندی بەرپەچی هەر دەستدرێژیەکیان داوەتەوە دوژمن ویستویەتی بیکاتە سەر هێزەکانمانو توانیویەتی هەموو جارێ هێزەکانی دوژمن ناچار بکات بە هەڵاتن .

ڕەفسنجانی چاوچنۆکاری ئەمەریکەی و خیانەتکاری بە ناو عەرەبەکان دەردەخات

سەرلەنوێ حوکمڕاکانی تاران نیەتی چەپەڵیان لە خۆسەپاندنو ڕەفزکردنی هەموو تەقەللایەکی ئاشتی خوازانەی عیراق لە هەڵویستی هێزو تواناوە بۆ دوایی هێنانی شەڕی عیراقو ئێران دووپات دەکەنەوە .

ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆژئامە نووسی فەرەنسی لەهەواڵێکیەوە لە تاران ڕای گەیاند کە هاشمی ڕەفسنجانی سەرەکی ناوبراو بە ئەنجومەنی شورای ئێران بەرادیوی تارانی ڕاگەیاندوە ووتویە (سەرکردەکانی ئێران گەیشتونەتە ئەو قەناعەتە کە عیراق نەك لوبنان ئامانجی یەکەمی ئێرانە) .

ڕەفسنجانی وتویە : (لێپرسراوانی سوریاو بەتایبەت سەرەك حافظ اسد

بڕوانە ل : ٧

ڕەوداوەکانی ڕۆژانی ڕابردوو

● وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمەریکا هنری کیسنجر دانی نا بەوەدا کەهێرشی زایۆنی یەکان بۆ سەر لوبنان هەڵێکی چاك بۆ ئەمەریکا دەرەخسێنێ تاکو پیلانی خۆی لەنەهێشتنی مەسەلەی فەلەستینیدا جێبەجێ بکات ، ئەم داگیرکردنەی زایۆنیش خزمەتی ئەمەریکاو نەخشەو پلانەکانی دەکات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ .

● تاران : پیری شەو لە تاران بڵاوکرایەوە کەیەکێك لەدارو دەستەکەی خومەینی لەڕۆژئاوای تاران کوژراوەو ناوی شێخ حبیب‌الله معادی‌یە، کوژرانەکەشی لەلایەن چەند کەسانێکی سەر بەبزووتنەوەی چەکداری بەرهەڵستیکارانی ئێرانی‌یەوە بووە ، شایانی باسە کەبزووتنەوەی چەکداری بەرهەڵست لەم ماوەیەی دواییدا چالاکی‌یە سەربازی‌یەکانی خۆی زۆر کردووە .

● وارشو : دادگایەکی سەربازی لەوارشو چەند حوکمێکی جیاوازی بەندکردنی دژی ١٣ ئەندامی نەقابەی هاوکاری سەربەخۆی دەرکرد کە ئەم حوکمانە لەنێوان ٣-٦ ساڵیدایە بەتاوانی هەستانیان بەهەندێ چالاکی نەقابەیی قەدەغە .

● ئەبوزەبی : شیخ زاید بن سلطان ئال نهیان سەرەکی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو نامەیەکی لەبەڕێز یاسر عرفات سەرەکی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینەوە بەدەست گەیشت .

ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ سەرەکی لیژنەی کۆششی خێرخوازی کۆدەبێتەوە ..

ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (جافیر بیریز دی کویلار) ڕۆژی ٢٩ی ئەم مانگە لەبارەگای کۆمەڵ لە نیویورك لەگەڵ سەرەکی گینیا احمد سیکوتوریدا کۆبۆتەوە .

لە کۆبوونەوەکەدا دەربارەی ئەو گۆڕانانە دواون کە بەسەر جەنگی عیراق و ئێراندا هاتوون ئەمەش لە بەرئەوەی کە سەرەکی گینیا سەرەکی لیژنەی کوششی خێرخوازاییە کە لە کۆنگرەی ئیسلامی دروستبوە لە پێناوی چارەکردنی ناکۆکی نێوان هەردوو وڵات بەکاری ئاشتیانە هەڵدەستێ .

هاوڕێ سەرکردەی کاروان دووبرەکەی پیرۆزبایی لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات و شۆڕشگێڕی کوردستانەوە پێ دەگات

هاوڕێی تێکۆشەر صدام حسین رازگری نهێنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و سەرەکۆمار دوو بروسکەی پیرۆزبایی لە مەکتەبی سیاسی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پێگەیشت ، ئەمەش بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی هەرێمایەتی نۆیەمی حزبەوە و هەڵبژاردنی بە رازگری نهێنی و سەرکردەیەکی بێ وێنە بۆ کاروانی حزب و شۆڕش . ئەمەش دەقی بروسکەکانە ..

هاوڕێی تێکۆشەر صدام حسین .. رازگری سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی بەڕێز ... مەکتەبی سیاسی پارتەکەمان، پارتی دیموکراتی کوردستان بەختیارە بەوەی کە سڵاو پێشکەشی حزبی دۆست حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی بکات بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی هەرێمایەتی نۆیەمی یەوەو پیرۆزبایی بکات لەو هاوڕێیانەی کە پلەی سەرکەوتنیان لە کۆنگرەکەدا بەدەست هێنا .

پارتەکەمان لە بڕوایەکی تەواودابە کەوا ئەم کۆنگرەیەتان وانی هەموو بارو دۆخە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکان بە شێوەیەکی وورد بخاتە ڕوو ، وە ئەرکەکانی قۆناغی داهاتوو بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا دیاری بکات ، بە ئامانجی وەستان بە ڕووی هەموو دوژمنکاری و پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنی و بەکرێگیراوانی دژی وولاتە تێکۆشەرەکەمان ، هەروەها پارتیمان لەو بڕوا تەواوەدایە کەوا بەستنی کۆنگرەکەتان لەم بارو زروفە ناسکەدا بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ سەلماندنی هێزی وولاتەکەمان و پتەوی یەکێتی نیشتمانی و هەروەها خواست و ئیرادەی بۆ درێژەپێدانی کاروانی بەرەسەندن و پێشکەوتن و بنیاتنان لەبەر ئەوە ، پارتەکەمان پارتی دیموکراتی کوردستان تێکۆشانی خۆی درێژە پێدەدا بەسەدار دەبێ لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکانەدا کە ئەمەش لە ئیلتزامی یەوەیەتی بە بیروباوەڕەکانی و ڕێڕەوە نیشتمانی و نەتەوەیی یە ڕاستەکەیەوە بە هەموو توانایەکانی یەوە لە ڕێگای بەدی هێنانی سەرکەوتنێکی گەورەدا بەسەر دوژمنان و کینە لە دڵەکاندا .

هەروەها پارتیمان بەختیارە کە ستایشی سەرکردایەتی یە مێژوویی یە تازاکەتان بکات ، کەوا دەورێکی چاک و کاریگەری بینیوە لە بەدی هێنانی سەرکەوتن و سەرکردایەتی نیشتمان بەرەو پاشەڕۆژێکی گەش و ڕازاوە .

ئاواکارین لە خوای مەزن کە ئێوەو حزبە تێکۆشەرەکەتان سەرخات لە ڕێگای بەدی هێنانی گشت ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکانی .

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
بەغدا لە ٢٨ حوزەیرانی ١٩٨٢دا

هاوڕێ خەبانگێر صدوام حسین ، رازگری نهێنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی بەڕێز ... بە شانازی یەکی گەورەو بڕوایەکی بەرزەوە بە سەرکردایەتی یە مێژوویی کەتان لە کاروانی حزب و شۆڕشدا ، هەواڵی بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستمان پێگەیشت، هەروەها هەواڵی هەڵبژاردنتان بە رازگری نهێنی و سەرکردەیەکی بێ وێنە بۆ کاروانی حزب و شۆڕش ... بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە قۆناغێکی ناسک و بارو دۆخێکی تایبەتیدا کە شۆڕش و عێراقی مەزنی پیادا تێپەڕ دەبێت ، تاکو بەرپەرچی گشت پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنی و هەندێ لە حاکمە عەرەبە خانیەکان و دەسەڵاتدارانی تارانی گومان لێکراوو ڕەگەزپەرست بداتەوە ، کە ئەم پیلانانەش بەك لە دوای یەك لەسەر بەردی یەکێتی نیشتمانی بتەو وورد و خاش دەبن .. هەروەها کۆنگرەکە بۆ پیاچوونەوەی تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندی خەبات بوو لە نێوان کۆنگرەکەی هەرێمایەتی هەشتەم و کۆنگرەی هەرێمایەتی نۆیەم و رادەی بایەخدانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی لە بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراتی بانەی سۆشیالیستانەی گەشاوەداو وهەروەها سووربون لەسەر پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی و وڵاتو چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانەو دیموکراتیانە ، هەروەها ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان حالەتێکی ڕەسەن و خەملاو بوو لە دەوڵەمەندکردن و چەسپاندنی تاقیکردنەوەی نیشتمانی و قووڵکردنەوەی یەکێتی نیشتمانی و سووربون لەسەر بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز هەروەها جێگیریی و بەرزیی باوەڕی حزب بەم تاقیکردنەوە نیشتمانی یە هەروەك ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی نۆیەم داواکارین لە خوای مەزن دووپاتی کردەوە بایەخدانی دیموکراتی یانەی کە ڕوویان داوە کارێکی گەورەی کردە سەر دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانی گەلی عێراقمان بە عەرەب و کوردو کەمە نەتەوەیی براکانەوە ، بەتایبەتیش بایەخدان بە ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی و پێشخستنی پێکهاتنی ئەنجومەنەکانی گەل و بەڕێوەبردنی دیموکراتیانەو پێشخستنی ژیانی تاك و کۆمەڵ لە گشت مەیدانەکانی ژیاندا لە پێناو خوڵقاندنی مرۆڤی نوێ و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی سۆشیالیستی کەشاوە کەوا هیچ مەفهومێکی چەوسانەوەی مرۆڤی تیادا نەبێت بۆ برای مرۆڤی .

بەستنی کۆنگرەی هەرێمایەتی نۆیەمی حزب و ئەو چارەسەرو هەڵسەنگاندن و بڕیارانەی کە لێوەی هاتنە کایەوە ڕووداوێکی دیاربوون لە مێژووی نوێی عێراقدا ، بەڵکو لە چوارچێوەی نیشتمانی عەرەبدا ، بەتایبەتی پاش بەدی هێنانی سەرکەوتنی ئابووری و هەروەها چەسپاندنی سەربەخۆیی سیاسی وولات .

بە شێوەیەکی وورد ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەکەمان خوێندەوە کە بە ڕاستی تەعبیر لە هیواو ئامانجەکانی گەلی عێراق دەکات ، ئەمە لە کاتێکدا کە ئێمە ڕێك کەوتن و ڕەزامەندی تەواوی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر هەموو شیکردنەوەو ئەو ئەنجامانەی کە تیایدان ، بێ گومان ئەوەش بەشداری یەکی چاك دەکات لە قووڵکردنەوەی گۆڕانکاری یە کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکاندا لە سەرتاپای وولاتی عێراقدا .

لە کۆتاییدا ، ئەی سەرەکی فەرمانده سڵاوی خەبانگێرانەتان بە بۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرە لێبڕو سڵاویش بۆ هەموو بنکە حزبی یەکان و گەلی عێراق ، هەروەها لە دڵەوە پیرۆزباییمان بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی ، ئەوانەی کە جێگەی باوەڕی کۆنگرە بوون بۆ خزمەتی نیشتمان و گەل ، ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو پاشەڕۆژێکی گەش بە سەرکردایەتی پڕ سەلیقەو مێژوویینانەوە .

مەکتەبی سیاسی
پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان
٢٨ حوزیرانی ١٩٨٢

چەند بڕیارێکی گرنگی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

• دانانی چەند ڕاوێژکارێك بۆ بەڕێز سەرەك کۆمار
• دامەزراندنی وەزارەتێکی نوێ بە ناوی وەزارەتی پیشەسازی سووکەوە
• لابردنی چەند وەزیرێك و دانانی ژمارەیەکی نوێ لە جیاتیان

هەروەها لەو بڕیارو مەرسومانەی تر کە ئێوارەی دووشەممەی ڕابووردو لەبەرروونا کی ڕێژەوەی گشتی بڕیارەکانی نۆیەم کونگرەی قوتریو ئەنجامەکانیا دەرچوو بڕیارێکە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بە دانانی ئەم بەڕێزانە بە پلەی ڕاوێژکاری بەڕێز سەرەك کۆمارو بە پلەی وەزیر :

محمد حمزه الزبیدی ، عبدالغنی عبدالغفور ، سمیر محمد عبدالوهاب ، عبدالحسن زاهی فرعون ، سعدی مهدی صالح ، مزبان خضر هادی .

هەروەها بڕیاری دانانی وەزارەتێکی نوێ بە ناوی وەزارەتی پیشەسازی سووکەوە دەرچوو وەبە ڕێز طارق حمد العبدالله کرا بەوەزیری .

دیسان بڕیارێك دەرچوو بە لابردنی ئەم وەزیرانە طاهر توفیق یوسف وەزیری پیشەسازی و کانەکان ، تایە عبدالکریم وەزیری نەوت ، عبدالفتاح محمد امین وەزیری حوکمی محلی ، سعدون غیدان وەزیری گواستنەوەو ڕێگاو بان ، عامر مهدی صالح وەزیری کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ ، کریم محمود حسین وەزیری لاوان و دوکتور ریاض ابراهیم وەزیری ئەندروستی

هەروەها بڕیاری لابردنی سعدون غیدان لە جێگری سەرەك وەزیران دەرچوو، دیسان بڕیار درا بە دانانی خالد عبدالمنعم رشید بە سەرەکی دیوانی سەرەکایەتی کۆمارو ئەمینی سری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بە وەکالەت

دیسان بڕیار دەرچوو بە دانانی ئەم بەڕێزانە بە پلەی ئەو وەزارەتانەی لایانەوەن : صبحی یاسین خضر وەزیری پیشەسازی و کانەکان ، قاسم احمد تقی وەزیری نەوت ، عبدالجبار عبدالله حسین الاسدی وەزیری گواستنەوەو ڕێگاو بان و احمد حسین السامرائی وەزیری لاوان و صدیق عبداللطیف یونس وەزیری کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ و سعدی عیاش وەزیری حوکمی محلی و عبدالله فاضل عباس وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایتی و سامال مجید فرج وەزیری ئەخشەدانان .

هەروەها بڕیاری دەرچوو بە دانانی عبدالحسین الشیخ علی بە ئەمینداری پایتەخت و بڕیارێکی کە دەرچو بە دانانی ئەم بەڕێزانە بە ڕاوێژکار لە نوسینگەی ڕێکخراوە جەماوەریەکان : جعفر قاسم حمودی و حکمت ابراهیم و عبدالفتاح محمد امین و تایە عبدالکریم و برهان الدین عبدالرحمن و طاهر توفیق یوسف .

بەرەو ڕووناکی

- فؤاد حسین احمد -

ئەوەی جێگای گومان نی یەو نکولی لێ ناکرێ ، ئەوەیە کە عێراق بە تایبەتی پاش شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەموزی پیرۆز هیچ کاتێك درێغی نەکردووە لە یارمەتیدان و بە تەنگەوە هاتنی هەر پارچەیەکی نیشتمانی عەرەبدا کاتێك مەترسی یەك ڕووی تێکردبێت .. بە تایبەتی سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین ، کە لە بنچینەدا کێشەی گەلی فەلەستین و سەربەستی و ژیانیان ئامانجی سەرەکی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستە .. دەربارەی بارو دۆخی ئێستای عەرەب ، بە تایبەتی هێرشە نارەواکەی زایۆنیزم بۆ سەر لوبنان و خاك و گەلی بێ تاوانی لوبنان و پێشێل کردنی هەموو مافێکی ئینسانی ئەم گەلەو گوێنەدان بە یاساو عورفی دەوڵەتان .. ئا لەم کاتەدا ، عێراقی شۆڕش ... بڕیاری راگرتنی شەڕی دا لەگەڵ ئێراندا و ئامادەیی خۆی نیشاندا کە سوپاکەی لە خاك و شارەکانی ئێراندا بکشێنێتە دواوە ، سەبارەت بە بەشدار بوونی سوپای عێراقی دلێر لە شەڕی پیرۆزی نەتەوایەتیدا .

سەرکردایەتی شۆڕش لە شەڕی ١٩٧٣دا بێ ئەوەی بانگیش بکرێت و داوای یارمەتیدانی لێ بکرێت سوپای نەبەزی خۆی ناردو ئەوە بوو ئەو دەورە مەزنەی بینی و توانی شاری دیمەشق بپارێزێ و سوپای زایۆنی بشکێنێ و نەیەڵێت بێتە پێشەوە . ئەمە ڕاستی یەکە هەرگیز ناشاردرێتەوە .. ئێستاش سەرکردایەتی شۆڕش لە مەوقیعی لێپرسراوێتی نەتەوایەتی یەوە بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی لەگەڵ ئێراندا دا . بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەرانە ڕووبکاتە کۆڕی شەڕو دژی زایۆنیزم بجەنگێ .. زایۆنیزمیش باش دەزانێ ئەگەر عێراق شەڕبکات ئەوا تەرازووی شەڕ لە قازانجی عەرەبدا دەبێت .. دیسان ڕژێمی ئەسەدیش نایەوێ جارێکی تر عێراق ناو دەربکات و دەستی قورسی مەردانە لە دوژمنی زایۆنی بوەشێنێ ... بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە هەموو شتێك بۆ جەماوەرڕوون و ئاشکرایەو ڕۆژێك دێت کە جەماوەری شۆڕشگێڕی عەرەب تۆڵە لە خاینان و دوژمنانی نەتەوە بسێنێ .

ڕێزلێنانی ڕۆژنامەنووسانی ناوچەی کوردستان

لە ١٥/ی حوزەیرانی ١٩٨٢لە هۆڵی مەآبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ژانکۆی صلاح الدین نەقابەی ڕۆژنامەنووسان - لقی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ئاهەنگێکی بەبۆنەی بیرەوەری سەدو سیازدەساڵەی ڕۆژنامەنووسی لە عیراقدا گێڕا .

مامۆستایان جمال حاجی شریف سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن و جێگرو یاریدەدەری پارێزگاری هەولێر نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و چەند کاربەدەستێکی تر ئامادە بوو بوون .

لە پێشەکی ئاهەنگەکەدا مامۆستا محمد امین احمد سەرۆکی لقی نەقابەو ئەمینداری ڕۆشنبیری و لاوان و تارێکی خوێندەوە تیا سوپاسی ئەو برا ڕۆژنامەنووسانەی کرد کە دەنگیان بۆ داو بۆ سەرۆکایەتی لقی نەقابەی ناوچەی کوردستان هەڵیان بژاردو وتی هەوڵدەدەین بە هەموو توانایەکەوە کاروباری ئەم لقە بە باشی ڕاپەڕێنین و خزمەتی تەواوی خوشك و برایانی ڕۆژنامەنووسی ناوچەکە بکەین .

ئینجا نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هەڤاڵ هشام ایوب وتاری حزبی خوێندەوە ، تیایا پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەنووسانی ناوچەکە کرد بە بۆنەی کردنەوەی لقەکەیان و هەروەها وتی : ڕۆژنامەگەری کوردی سەردەمی شۆڕشی ١٧/ی تەموزی پێشکەوتنخواز هەمیشە دەنگی نازادو زوڵاڵی گەلی کوردمان بوەو ، ڕۆژنامانووسانی کورد دەوری خۆیان لە ڕووداوەنیشتمانی یەکاندا زۆر بە باشی بینیوە ، بەتایبەتی لەو ڕۆژەوە کە ڕژێمی بەکرێگیراوی خومەینی دەستی داوەتە دوژمنایەتی وڵاتەکەمان .

هەروەها وتی : ڕۆژنامەنووسانی عیراق لە سایەی سەرکردایەتی ڕۆڵەی دڵسۆزی گەل، هەڤاڵ صدام حسین شانازی بە ڕۆژی خۆیانەوە دەکەن و ، هەموو توانایەکیان بۆ سەرخستنی ئیرادەی گەلەکەمان خستۆتە کار بۆ سەرکەوتنی تەواو بەسەر دوژمنانی شۆڕشی مەزنی عیراق .

دوایی نوێنەری ئەنجومەنی نەقابەی گشتی وتاری خۆی خوێندەوە تیایا دەوری ڕۆژنامەنووسانی کرد لە هەموو سەردەمەکانی پێشوودا وتی : ڕۆژنامەنووسانی عیراق هەمیشە بێ ترس لەگەڵ خواست و ویستی زوربەی زۆری خەڵکدابوون و چوون بەگژ دەستەو دابەرەکانی ڕژێمەکانی پێشوودا .. هەروەها وتی لە باشی شۆڕشی ١٧/ی تەموزی پێشکەوتنخواز ئاسۆیەکی ڕووناك بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسانی ئەم وڵاتە هەڵهاتو هەنگاوی زۆر چاك بۆ پێشخستنی پیشەی ڕۆژنامەنووسی و ڕێزلێگرتنی بیرو ڕاو بەرزکردنەوەی ڕادەی گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان نراوەو ، کردنەوەی لقی نەقابەی ڕۆژنامەنووسان لەم ناوچەیەدا بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەم قسەیە

هەروەها وتی : گومانی تیدا نیە کە لقی نەقابە لە کوردستان گەلێ ئەرکی پیرۆزی کەوتۆتە سەر شانو لەو ئەرکانە بە دەنگەوە چوونی داخوازی برایانی عیراقی دیاری کرد لە جەنگی ڕەواماندا دژی ڕژێمی خومەینی خوێنڕێژو ، پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەنووسانی ناوچە کرد بە بۆنەی کردنەوەی لقی نەقابەکەمان .

ئینجا وتاری دەستەی بەڕێوەبەری لقی ڕۆژنامەنووسانی عیراق لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە لایەنی نووسەری - ئەم ڕاپۆرتەوە خوێندرایەوە تیایا ، باسی خەباتی ڕۆژنامەنووسانی عیراقی کرد لە ڕۆژنامەنووس و هەروەها بارەگای نەقابە دەبێتە مەلبەندێکی جمەوجوولی ڕۆشنبیری کوردی و دەوری خۆی دەبینی لە پێشخستیندا .

لە دواییدا سڵاوو ڕێزی پێشکەش بە گیانی پاکی شەهیدانی ڕۆژنامەنووسی لە عیراقدا کرد بەنایبەتی ئەوانەی لە جەنگی ڕەواماندا دژی ڕژێمی خومەینی کۆنەپەرست و دوژمن شەهیدکران .

ئینجا لە لایەن مامۆستایان جمال حاجی شەریف سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن و جێگری پارێزگاری هەولێرو نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و ئەمینداری ڕۆشنبیری و لاوان و سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی هەولێرەوە، دیاری بەسەر (٤٤) ڕۆژنامەنووسدا دابەش کرا .

نووسینگەی هەولێر
عبدالوهاب تاڵەبانی

Institut Kurde de Paris

هاوڕێ صدام حسین نوێنەری کۆنگرەی قوتری دەکاتەوەو دووبارە دەکاتەوە :

شۆڕش عێراقێکی بەهێزو یەکبوو دیموکراتی بنیات ناوە

لەنێوان بیستو چوارو بیستو حەوتی حوزەیرانی ١٩٨٢دا کۆنگرەی نۆیەمی هەرێمایەتی بەسترا . هاوڕێ صدام حسین رازگری نهێنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی کۆنگرەکەی کردەوە . هەروەها هاوڕێ صدام حسین تیایدا ووتەیەکی ئاراستەکراوی پێشکەش کردو ووتی :

(ئێوە لەم دەورەدا ، وە بە هۆی ئەو بارودۆخە تایبەتیەی کە شۆڕشی عێراقی مەزنی ئەمڕۆی پیادا تێدەپەڕێ ، وە بە هۆی ئەو زنجیرە تاقیکردنەوە تایبەتیەوەی کە بڕیوتانە ، بەراستیو بە شێوەیەکی گشتی ئێوە بە پێشرەوی حزب دادەنرێن ... هەروەها بە شۆڕەسوارانی گەلە مەزنەکەمانو ویژدانی زیندوویو ئەو چاوانەی کە نابێ بخەون ، دادەنرێن .. هەروەها ئەو دەنگەی کە لە پێشەوەدایەو هیچ کاتێ نابێ بێدەنگ بێت کاتێك کە قسەی راستی پێویست دەبێ ، وە هەروەها نابێ ئەو دەنگە خەفە ببێت کاتێك پێویستە کە دەنگێکی بەهێزو ڕوونو گەورە لە ئارادابێ .

پاشان بەڕێزی ووتی : « منیش بە بۆنەی بەستنی ئەم کۆنگرەیەوە ، سلاو دەکەم لە هاوڕێیان ئەندامانی کۆنگرەی هەرێمایەتی ، وە شادمانی خۆم دەردەبڕم بەرامبەر بەستنی ئەم کۆنگرەیە ، لە دڵەوە پیرۆزبایینم پێشکەشی ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە سەرکەوتنو باوەڕی هاوڕێکانیان لە پلە حزبیە نزمەکاندا بەدەست هێنا ، تاکو نوێنەرایەتی حزب بکەن لە ویژدانو باوەڕیدا لەم کۆنگرەیەدا . من هیوادارمو ، باوەڕیشم زۆرە بەوەی کە ئێوە دەبنە جێی بڕواو لە پلەیەکی بەرزی ئەو بڕوایەدا دەبن کە لێپرسراوێتیەکی مێژوویی مەزنی راستەوخۆو ئاراستەوخۆی خستە سەر شانی ئێوەو چوارچێو ی راستی خۆی گرت .. هەروەها گەلێك ئامانجو هیواو لێپرسراوێتی پاشەڕۆژی لەبەردەمدا خولقان بەشێوەیەك کە بێتە مایەی بڕواو دڵنیایی لەباری جێبەجێ کردنو بەجێهێنانی ئەرکە راستەکاندا » .

● - پتەوی خەباتگێرانەو باوەڕ -

دەربارەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکان لە باری هەڵبژاردنەوە هاوڕێی سەرکردە صدام حسین لە گفتوگۆکەیدا ووتی ...

هەڵبژاردن پێویستە لە نێو ئەوانەدا بێت کەوا پتەوی خەباتگێرانەو بڕوایەکی موتلەقیان بە بیروباوەڕو گەل هەیە ...

هەروەها سەرەك صدام حسین ئەو مەرجانەی لە بەردەم کۆنگرەکەدا دیاری کرد کە پێویستە لەو کەسەدا هەبێت کە بۆ ئەندامێتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی هەڵدەبژێرێت کە ئەمانەن :-

١ - ئازایەتیەکی گەورە لە کاتی تەنگوچەلەمەدا ، وە بە پلەیەکی بەرزتر لە بارودۆخی ئاسایی ، گرنگترین پایەی ئازایەتیش کەوا مەبەستم بێت بریتیە لە بڕیاری ئازایانە کە پشت دەبەستێ بە بڕوای موتلەق بە مەسەلەی خەباتی حزبو گەل ، هەرچەندە وێنەکانی دەوروپشتی لەقبینو رەنگەکان تێکەڵاوبن .

٢ - پاکێتیەکی موتلەق یان نیمچە موتلەق بەرامبەر زیادبوونی پێویستی ژیانێکی هاوسەنگو پێداویستیە مەشروعەکانی پاشەڕۆژ بۆ خەباتگێری بەعسیو خێزانەکەی .

٣ - باوەڕو ئارەزوو لە کارکردنێکی بە ئەنجامو رێك وپێکدا ، تاکو لەپلەو ئاستی خۆیا لە حزبو دەوڵەتو کۆمەڵدا بیروباوەڕەکان بەجێبهێنێ .. بەم جۆرەش چاودێری کردنی تەقلیدی دەبێتە شتێکی پێویست لەو پلە حزبیانەی کە لە دوای سەرکردایەتی باڵاوە دێنو بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی باڵا نین ، هەر بۆ ئەوەش ، مەرج نییە کە بناغەی ئیلتیزامی ئەندامانی سەرکردایەتی بەم پێودانگانەوە لە ئەنجامی چاوێری کردنی رازگری نهێنی هەرێمەوە بێت ، بەڵکو ویژدانی بەعسیو شەرەفو لێپرسینەوەی سەرکردایەتییانە ، ئەمانە چاوێری کەری بناغەیین لەسەر ئەندامانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی لە هەموو کاتو بارێکدا ... ئەو کاتەش رازگری نهێنی خەریکی دەوری سەرپەرشتیکەرانەو سەرۆکایەتیو پەروەردەیی خۆی ، دەبێت ، سەرباری کارەکانی تریشی .

٤ - بڕوایەکی موتلەق بە گرنگێتیو پێویستی سەربەخۆیی عێراقو حزب ، بە شێوەیەك کە تاقیکردنەوە شۆرشگێریەکەمان بپارێزێ لە هەموو دەستتێوەردانو خراپەکاریەکانی تەیارەکانی دەرەوەی بێگانەو عەرەبی .

٥ - لەقنەبوونی بڕواو شەخسیەت بەرامبەری تەبارە فیکریە دەولیەکانو سەلەفیەتو هەروەها دانانی بیروبڕوای حزب بەوەی کە تاکە بیروبڕوایەکی بەتوانایە بۆ بڕینی رێگای ئەو ژیانەی کە بەعسی بڕوای پێی هەیەو لەسەر ئەو بناغەیە کاروبارەکان هەڵدەسەنگێنێ .

- پیلانو نەخشە دوژمنکاریەکان -

پاشان هاوڕێی سەرکردە بە کۆنگرەگێرانی ووت :

(ئەی هاوڕێیانی خۆشەویست .. حزبەکەتانو شۆڕشەکەی ئەوەی پێشکەشی گەلو نیشتمانو نەتەوەی کردووە ، هیچ تاقیکردنەوەیەکی تر لە زەمەنێکی وەها کورتدا پێشکەشی نەکردووە ، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بڵێین کە نارێکیەك ڕووبەڕوومان دەبێتەوە پێویستە ئاگادارو ووریایبین ، ئەویش ئەوەیە کە دوژمنانی شۆڕشو حزب لە قۆناغی ڕابوردوودا توانیان کار بکەنە سەر هەندێ لە عێراقییەکان لە نێو لاوانو هەروەها هەندێکیان لە نێو رەنجدەرانا ، ئەوانەی کە شۆڕش بەخششی بەسەرا باراندن ، ئەو دوژمنانە توانیان کە ئەوانە رابکێشنە ناو ریزەکانیانەوە .. من قەوارەو فراوانی ئەو هێزە دەولیو ئیقلیمیانە دەزانم کە دژی شۆڕش کاردەکەن ، هەروەها ئاگاداری ئەو هۆیانەشم کە وای لەم هێزانە کردووە پیلان دژی شۆڕش بگێڕن ... ئەوەش دەزانم کە کاتێك ئێمە چاو دەگێڕینەوە شۆڕش کاربکەن ، بەوەش هەڵوێستە مەبدەئیەکانمانو بەو هۆیانەی کە وای لەم هێزانە کردووە دژی حزبو بەرژەوەندی گەلە مەزنەکەمان بەجێ دێڵین کە نابێتو ناشێ ئەوە بە بیرماندا بێت گەرچی بە شێوەیەکی کەمیش بێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ؛ من بڕوام وایە کە ئێمە ئەوەی پێویست بوو کردمان ، ئەگەر ئێمە بیرمان لەحزب کردەوە ، وە لەسەر هەموو پلەو پایەکانی بەو شێوەیەی کە پێویستە .. ئەوا بەوە ئێمە هەموو پیلانو نەخشە دوژمنکاریەکان پووچەڵ دەکەینەوە لەم مەیدانەدا ، ئەوساش بەشی دوژمنان کەمتر دەبێ ، لەوەی کە دەستیان کەوتووە لەباری ئەو رەگەزە لەرێ لادەرانەوەی کە لە نێو ئەوانەدان کەوا پێویست دەبێ لەگەڵ حزبو شۆڕشدا بن . ئەوەی کە شۆڕشو حزبە سەرکردەکەی پێشکەشی گەلی کردووە ، گەل خۆیشی خەوی پێوە نەدەبینی کە لە ماوەیەکی وەها کورتدا بیگاتێ . کەواتە ئەو هێزە دوژمنکارانە چی بەو رەگەزانەی نێو گەل دەڵێن بۆ ئەوەی رایانکێشن بەلای خۆیاندا ، گەرچی ئەو رەگەزە راکێشراوانەش لەو بوارەدا کەم بن ؟ ئایا پێیان دەڵێن وەرن دژی ئەو شۆڕشە کاربکەین ، کە برسی تێرکردو ، رووتەڵەی داپۆشیو ، دابینبوونی بۆ هەموو مرۆڤێك لەژیاندا خولقاند ، دابینبوونێکی روونو ئاشکرا بۆ خێزانی کەسێکی مردوو ، مووچە بۆ هەتیوانو بێوەژنانو پەککەوتەکانو ئەوانەی کە مێشکیان تێکچووە وپیرەمێردەکان ؟!

شۆڕشو سەرکردایەتیەکەی شوێن ژیانی کۆمەڵایەتیو مووچەیی گەل کەوتووەو زۆر بەووردیی ، ووردترین یاسای بۆ داڕشتوون ، هەرە بەرزەکەیان لە دابین کردنی کۆمەڵایەتیو ئەو ڕووانینە مرۆڤایەتییەی کە لەسەر ئاستی کرێکارو جووتیارو سەربازە هەروەها کە لەسەر ئاستی ئافرەتو پایەی کۆمەڵایەتیو یاسایی‌یانە ، وەلە سەر ئاستی خێزانو دایکایەتیو منداڵێتیو هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن . شۆڕش عێراقێکی بەهێزو گەشاوەی دروستکرد .. هەروەها وولاتەکەمان جێگایەکی بەرزی لە هەردوو لایەنی عەرەبیو دەولیدا گرت .. وە شۆڕش گەلێ دەستکەوتی مەزنی بەدەست هێنا .. خۆماڵیکردنی نەوت .. ئۆتۆنۆمی ... بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنێکی گەورە لە رۆشنبیریو پەروەردەو هەموو مەیدانەکانی تردا .

- پتەوی بیروباوەڕ -

ئەگەر کارەکە بەم شێوەیە بێت ، کە هەر واشە لەرادەی سەرسوڕماندا ، کاری دوژمنان لە راکێشانی چەند کۆمەڵێکدا کە لە لایەنی هەڵسەنگاندنی هونەریانەی شۆڕشگێریانەوە لەریزی گەلدا حساب دەکرێن ، ئەوا ئەمە نیشانەی نارێکیەکە ، کەوا دەکەوێتە سەر شانی حزب لەو شوێنو ئاستەی کە پێویستی لێپرسراوێتیە .. گرنگترین شتیش لەم نارێکیەدا ، بریتیە لە نارێکی لەپتەوی بیروباوەڕو پتەوی فیکریدا لە لای هەندی لەحزبیە لێپرسراوەکان ، یان کەمی تواناو لێهاتوویی‌یان لە تەعبیر کردن لەبیروباوەڕی حزب لە ڕووی پرۆگرامو شێوازەوە .. هەروەها نەبوونی توانا لەپەردە هەڵمالین لەڕووی هۆیەکانو سروشتی دوژمنانو ئەوەی کە پێویستە هەبێو گەلی پێ‌ڕۆشنبیر بکرێت وە لەسەر ئاستە حزبیە نزمەکان ..

شێوازی دوژمنانمان لەم قۆناغەدا لەوەوە دەردەچێ کە کۆمەڵێك عادات‌و چەمکی کۆمەڵایەتیو ئایینی دواکەوتووی سەلەفیانە بخرۆشێنرێ ، ئەوانە پەنا دەبەنە بەر خرۆشاندنی غەریزەکان بەوشێوازەی کە کاری دوژمنانە دژی شۆڕش بێتەدی .. شێوازەکانیشیان بە فێڵو جادووگەریو درۆ رەنگدەکرێ بەگوێرەی پێویستی‌یەکانی جەنگی دەروونیو ئامانجەکانی .. ئەو بناغەیەشی کە پێویستە ئێمە لێیەوە ڕووبەڕووی دوژمنان بینەوە ، بریتی‌یە لە پێوەلکان بە جەماوەرەوە ، هەروەها دەرخستنی شێوازەکانی دوژمنو دیاریکردنی مەعلومات‌و راستی‌یەکانو دانانیان لەبەردەم گەلدا ... وە تیشك خستنە سەریان ، وە ریسواکردنی مەبەستەکانیان بە شێوازی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ .. لەسەر بناغەی هەڵبژاردنی ئەو شێوازانەی کە کاریگەریان زۆرترە ، گرنگترین شتیش کە لێوەی دەستپێبکەین بریتی‌یە لە پاراستنی خێزانەکانمانو هاوڕێیانو ناسیاوەکانمان بەرامبەر ئەو تەیارە دوژمنکارانەو ئیعتبارکردنی ئەمە بە ئەرکە بنەرەتی‌یەکانی خەبات .. ئەوساکەو لە ئەنجامدا دەتوانین ئەم ناوەندە پارێزراوە بگۆڕین نەك تەنیا بۆ ناوەندێك کە توانای هێزە دوژمنکارانەکان کاری سەلبی تێ‌نەکەن ، بەڵکو بۆ ناوەندێکی چالاك بۆ هوشیارکردنەوەو پاراستنی گەل لە فراوانترین چوارچێوەدا ، بە شێوەیەك کە رێگە لە هەموو پروپاگەندەو شێوازەکانی دوژمنان لە دژی شۆڕش بگرێت .

پێویستە رێکخراوی حزب کە ئیستە هەموو سووچێکی عیراقی گرتووەتەوە باوەڕی تەواوی بە بیروباوەڕ هەبێو لە کردەوەیشیدا ئەم بیروباوەڕە بێ بێهێزیو دوودڵی دیارده بدا . بۆ ئەوەی ئەم رێبازە مسۆگەربکەین پێویستە ئەو سەنگە سەرەکی‌یانەی کە دڵسوزی‌یان پێ ئەپێوین لە کردەوەو بیرکردنەوەدا لەسەر ئەوە بوەستی کە وا دەبێ حزبی‌یەکانی کاربەدەست لە دەوڵەتدا دەبێ بە تواناو هەقو رەوایانە ئیش بکەنو ئەو پرۆگرامو یاساو پێرەوی‌یانەی پێ‌یان‌سپێرراوە جێبەجێی بکەن بە شێوەیەکی زۆر دڵسۆزانەو بە تەنکەوبووەوە و لەسەر ئەو بناغەیە کە رەگەزە دوژمنەکان یا ئەوانەی لەگەڵ رێبازا نینو ئەوانەی تەمەڵن لە ناوچەکانی ئیشیاندا یا لە چوارچێوەی کاربەدەستی‌یانا رۆژ بە رۆژ کەمبکرێنەوەو دەبێ رادەی دڵسۆزی‌و توانایی لەو شوێنانەدا کە حزبی‌یەکان ئیشی تیادەکەن رۆژ بە رۆژ زیادبێ . ئەگەر ئەمە جێبەجێ نەکرا دەبێ ئەو حزبی‌یانە بە دڵسۆز دانەنێین یا بە لای کەمەوە بڵێین ناتوانان بۆ ئەو ئەرکانەی هەیانە .. ئەمەیش بەلای کەمەوە دەبێ ببێتە هۆی ئەوەی ئەرکەکانیان بگۆڕینو خەلکی تواناتر بخرێتە جێیان . خۆ ئەگەر دڵسۆز نەبوون ئەوە حیسابێکی تریان هەیە .

پێوانەی دڵسۆزی‌و توانایی

لە چوارچێوەی ئەرکی حزبایەتیشدا پێویستە دڵسۆزی‌و توانایی حزبی‌یەکان لە پارێزگاو بەشە ئیداری‌یەکانی تردا لەسەر ئەو بناغەیە بپێوین کە چەند دوژمنانی شۆڕشو حزب کەم‌بوونەتەوەو چەند ئەو ناوەندە سەلبی‌یە لەناو گەلدا کەم‌بوەتەوە لە هەر ناوچەیەکو چەند تاوی جەماوەر بۆ شۆڕشو حزب پەرەی سەندوەو چەند ئەو جەماوەرە هۆشیارەو پتەوی بیرو ڕەوشتی بە پێی بیروباوەڕی حزبو سەنگەکانی هەموو قۆناغێك زیادی‌کردوە .

ئێمە کە ئەم بیرانە دەردەبڕین لەوەوە هەڵدەستین کە بەپێی ئاگاداری وردمان بۆمان دەرکەوتوە کە عیراقی‌یەکان لەبارەی کۆمەڵایەتی‌و دەروونی‌یەوە زۆر لە یەك دەچن یا تا رادەیەکی زۆر لە یەك نزیك بوونەتەوە. لەبەر ئەوە ئەگەر جیاوازی لە نێوان ناوچەیەکو ناوچەیەکی ترداو لە نێوان شارێکو شارێکی‌تردا لە بارەی کەوتنە شوێن حزبو رەوتی شۆڕش زۆربێ وا دەبێ ئەمە بە کەم‌وکووڕی ناو رێکخراوەکەی حزب دابنرێ لەو شوێنەدا .

ئەمە ئەو بیروڕایانەن کە دەبێ بە گوێرەیان چاودێری ڕووداوەکان بکەین‌و بە گوێرەیان ئەرکە شۆڕشگێری‌یەکانمان لە دامەزراندنی دەوڵەتو حزبو کۆمەڵگادا جێبەجێ‌بکەین‌و بەگوێرەیان بەرەنگاری دوژمن بین‌و حزبی‌یەکانو گەلو دۆستەکانمان هەڵبسەنگێنین‌و بەپێی ئەم بیروڕایانە لەگەڵ هاوڕێکانا دەجووڵێمەوە هەرکەس بەپێی ئەرکەکەی .

بەردەوامبوون لەسەر رێی شۆڕش

هاوڕێیان .. ڕەنگە لاتان وابێ ئەو گرانی‌یانەی تووشی شۆڕش دەبن گرانی‌یەکی ئاسایی نەبن ، ئەمە راستەو جاوەڕێش دەکرێ چونکە ئەو شۆڕشەی حزب پێشەوایەتی دەکا بەپێی سەنگی زۆر لا شۆڕشێکی ئاسایی نیە .. هەر دەبێ بەمجۆرەیش بن ئەو پیاوانەی شەرەفو بەرپرسیاری پێشەوایەتی‌یان لە شۆڕشدا هەیەو ئاناسایی بن . چەندە جێی شانازی‌یە ئەگەر پێش‌بڕکێی بەکتربکەین لەپێناوی ئەم شەرەفە بالایەدا بەوەی قوربانیو فیداکاریو ئیشی سەرومڕ بکەین‌و سەبری نەبڕاوەمان هەبێ لەم رێگایەدا .. ئەو شۆڕشەی گرانی راستەقینەی نەبەتە رێ ناتوانێ ئەو پیاوانە بۆ خۆی دروستبکا کە بە تەنگ بەردەوامی‌یەوە بن‌و گەشە بە بەخشندەیی شۆڕش بدەن‌و بتوانن لە هەموو بارو دۆخێکدا بەرگری لێبکەن .

هاوڕێیان .. ئەگەر شۆڕشەکەتان تووشی ئەو گرانی‌یانە نەبوایە کە تووشیان‌بوو لاتان وایە پێوەندیتان لەگەڵ گەلو خۆتانو بیروباوەڕتان چۆن دەبوو .. هیچ گومان نیە شۆڕشەکەتان دەبوو بە رژێمێك‌و .. ئەو کاتە خۆتان بە ئاوارە دەزانی تیایاو گەلیش خۆی بە ئاوارە دەزانی تیایاو ئەو کاتە هیوا دەبڕاو نائومێدی پەیدادەبوو ، کاتێك ئەوانەی کە باوەڕیان هەیە ، کە کەمیشن ، بە پێویستی بەردەوامی‌ی شۆڕش بەو سەنگو تەرازووانەی کە لێیانەوە هەڵقوڵاوە لەگەڵ ئەو کەسەزۆرانەدا کە ژیانی رۆژانەی پڕ لە ساختەو خاوی‌و بۆگەنی‌ی کۆمەڵایەتی تێکی‌داون ، شۆڕش دەبوە رژێمێك‌و رژێمش پیاوی خۆی هەیەو پیاوانی شۆڕشیش یا لەوانە دەبوون کە پارێزگاری شوڕشگێری خۆیان دەکردو ئەم رژێمە جێگەریان نەدەویست کە جێی شۆڕش دەگرێتەوە یا لەو جۆرە دەبوون کە توانای بینینو کردەوەیان نەدەبوو و سەریان بۆ رژێمە جێگەکە دەنەواندو دەبوونە بەشێکی‌و بەم جۆرە شۆڕش دەورە مێژوویەکەی لە کیس دەچێو جەماوەریش هیوا بەرینەکانی لەکیس دەچێو ئەوانەیش کە دەیانەوێ لەسەر رێبازی شۆڕش بڕون پێویستدەبێ جارێکی‌تر ژیانی خەبات دەست پێ‌بکەنەوە ، چ لەرێی حزبمانەوە یا لە رێی‌یەکی‌ترەوە . ئەگەر حزبەکەمان باری سەختی تێکوشانی لە قۆناغەکانی یەکەمی دروستبوونیەوە نەبینیایە ئایا دەیتوانی شۆڕشێکی وەك شۆڕشی تەموز بهێنێتە دی ؟ یاخود دەبوە حزبێکی کەی وا کە هیچ پێوەندی‌یەکی بەو حزبەوە نەبێ کە ناسیمانو چوینە ناویەوە .

بەم جۆرە هاوڕێیان بنکەی پانی تێکوشەرە بەعسی‌یەکانو ئەو رۆڵانەی گەل کە مەرجو بارەکانی ئیشکردنی نهێنی‌یان تیا دێتە دی بەرینو فراوان بوو ئیستە هەزارەها تێکوشەرمان هەیە پاش ئەوەی هەرچەند سەدێك بوون . ئەو سەختی‌یانەی کەتووشی حزب بوونو لەپێشیانەوە قادسیەی دووهەم وەڵامی گیروگرفتەکەیان دایەوە کە لەوەوە سەری هەڵدا ئایا بەپێی ئەو ئارەزووە بجووڵێینەوە کە بنکەی حزب دەبێ بەرین‌کەین ، یا لەوە بترسین کە راکێشانی خەلك بە زۆری بو حزب ئەرك دەخاتە سەرشانی حزبو رێگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە دزی‌یەوە بچنە حزبەوەو لەناوەوە بیکوژن . ئەم بارە زەحمەتانە دەورێکی تایبەتی تێکوشەرانەیان بینی لە بیناکردنی حزبو گەلدا بەجۆرێکی وا پشتی بێ‌بەستێ‌و کارێکی‌وا بەشێوەکی گومان لێ‌نەکراو ئیستاو دواڕۆژمان دابین کردبێ . شۆڕە سوارو بنیاتدانەر لەوانەی لەزەحمەتدا قاڵبوون لەناو گەلدا رۆژبوونو پتەوی‌و هۆشیاری‌یان وایەرەی سەند بەشێوەیەکی ئاناسایی‌یانە توانای بەخشندەیی‌و قوربانی‌یان هەیە . ئەمە نەبوایە ئەو لەشە گەورەیەی حزب کە لەدوای شۆڕش پەیدابووبو یا تێکدەشکا یا لەرێی راست لایدەدا .

ئەمەیانەو

پاش شۆڕشو بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایدا حزب لەبارێکی زور گرنگدا دەژیا .. یا ئەبوو حزب بەچووکی بمێنێتەوە لەگەڵ هەندێ زیادبوونا لەگەڵەوە بەجۆرێکی وا دوورکەوێتەوە لەگەڵو وابکا گەل لەبەر جۆرەها هۆ تەوزمە دوژمنەکان سەری‌تێکەنو ئەمەیش بارێکی خۆ کوژە لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان‌کردو لەبەر ئەوەی ئەرکی حزب لەدەوڵەتو کۆمەڵگادا فراوان‌بووەو پێویستی مرۆڤایەتی بۆ تازەکردنەوە هەر بەردەوامە لەبەر ئەوە پێویستە لەبەر ئەم هۆیانە قەوارەی حزب زل بکرێ ، یا کرانەوە لەسەر گەلو زل‌کردنی قەوارەی حزب بێ‌بارو ئەرکو سەختی ئیشی شۆڕشگێرانە بەجۆرێکی‌وا سەنگو پێوانەی دڵسۆزی دەوڵەمەند بکاو پەلە بکا لەبنیاتنانی شەخسیەتی پڕ باوەڕو بنکەی ئەریتی تازە فراوان بکاو ئەمەیش دەبێتە هۆی دروستکردنی بارێکی هەڵئاوسانی شێرپەنجەیی‌و خۆکوژی . بەم جۆرە ئەو شەرەی کە یەکێکە لەو بارە هەرەگرانانەی کەشۆڕشی پیا تێپەڕیوە ، ئەو شەرە لەیەکێ لەئەنجامە لابەلایی‌یەکانیا وای لێ‌هات هەروەك ئەو پێویستی‌و رێگەیە بێ کە هەردەبێ ببێ ئەك هەر بۆ بەرگری‌کردن لەعیراق دژی هێرش بەران بەڵکو بۆ بیناکردنی

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکەی خومەینی بێ شەڕ ئیدارە ناکاو تورەیی گەلانی ئێرانی بێ هەڵدەلوشێنێ

هەموو لایەك ئەوە چاكدەزانێ كە هەبەستی خومەینی لەو شەڕە دوژمنانەیا كە دژی عیراق دەیكا هیچ مسۆگەرکردنی مافەكانی گەلی ئێرانو چەسپاندنی ڕێكەوتنێكی ڕەوا نیە٠٠ بەڵكو بە پێچەوانەوە ئەو ئیستە دوژمنترین دوژمنی ئازادیو سەربەخۆییو ڕێكەوتنو ئاشتیو بەڵكو پاراستنو مانەوەی ئاسوودەیانەی نیشتمانە ٠

هیچ كەسێك ئیستا لە جیهاندا٠گومانی لەوەدا نیە كە خومەینی دەیەوێ شەڕ هەر بەردەوام بێ بۆ ئەوەی ڕقی خەڵكی هەڵبمژێو خۆی لە ڕووبەڕووبوونی گیروگرفتە ئابووریو كۆمەڵایەتیو سیاسییەكان دوورخاتەوە بە تایبەتی لە كردەوە دڕندەو جانەوەرە ـ كانی كە دژی مرۆڤایەتین٠ لەم یازدە مانگەی ڕابووردوودا كەمتری لە ١٥ هەزار باشترین ڕۆڵەی تێكوشەرو شۆڕشگێڕی ئیرانی لە سێدارە نەداوە پاش ئەوەی جۆرەها ئەشكەنجەو سزادراوان ٠ تا ئیستایش زیاتر لە ٤٠ هەزار گیراو لە بەندیخانەكانان لە ڕاستیدا خومەینی بێ شەڕ ئیدارە ناكاو ناژیو ڕژێمەكەی بێ شەڕو گیروگرفتانەوەو سزادان ناپارێزێ ، چونكە زۆری پێ ناچێ لێشاوی دەریای بەرگری میللی هەڵی ئەلووشێ تیایا ئەفەوتێ ٠٠ لەم بەرگریە میللییەدا كە پشتی بەستوە بە ڕێكخراوە چەكدارە جەماوەریەكانو ئەو مستەكۆڵە كوشندانەی كە ئاراستەی ڕژیمە دژی ئیسلامەكەی خومەینی دەیكا شایەتن لەسەری ٠ خومەینییەك كە بریندارانو منالانو ژنی دووگیانیش لە سێدارەدەدا هیچ جۆرە پێوەندییەكی بە ئیسلامەوە نیەو خەو بە دروست كردنی ئیمپراتووریەتێكی ئیسلامی واوە دەبینی كە هەموو جیهانی ئیسلام بگرێتەوەو لەژێر دروشمی « بۆ دەرەوە ناردنی شۆڕش »و بەكارهێنانی ناوی پیرۆزی ئیسلامدا ناوێكی پڕپێكەنینی لەخۆی ناوەو خۆی كردوە بە « پێشەوای زەبوونانی جیهان »و هەوڵی ئەوە دەدا بێدەستەڵاتیو تاوانەكانی كە لە ناوەوەی وڵاتدا دەیكا بشارێتەوە ٠

ئامانجەكانی خومەینی هەر لە دروشمو سیاسەتو كردەوەكانیا دەرناكەوێ بەتەنیا بەڵكو بیرو باوەڕو نووسینەكانی لەمەوبەریشی ئەمانە دەردەخەن ٠ هەر لە ساڵی ١٩٦٣و ساڵەكانی دوایەوە ئەمانەی ئاشكراكردوە ٠ لەبەر ئەوە هیچ جێی سەرسوڕمان نیە ئەگەر خومەینی جۆرەها دروشمی وەك یەكی لە بابەتی « حكوومەتی ئیسلامی »و «ویلایەتی فەقیهـ » دەربخا لە ئەفغانستانەوە تا عیراق ٠ بە كورتی دەیەوێ هەموو موسوڵمانانی جیهان لە مەغریبەوە تا یەكێتی سۆڤیەت ئەڵقە لەگوێی ئەو بن ٠٠ ئا لەم ڕێبازەو ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو تاكتیكێكو ستراتیژیەك لە باخەڵیەوە دەردێنی بۆ فەلەستینو سەرەك كۆمارێك بۆ بەحرەین هەڵدەبژێرێو ئاشووب لە نێوان شیعەو سوننیدا بەرپا دەكا ٠

سەیر ئەوەیە ئەو هەموو تاوانانە بە ناوێكەوە دەكا وا دیارن لە ڕواڵەتدا پێشكەوتوو و دوژمنی ئیمپریالیزمبن بەڵام لە ڕاستیدا خەوو خەیاڵی « دەجاڵی ئاخر زەمانن » ٠بۆ نموونەی ئەمە دەس بۆ ئەوە درێژ دەكەین كە وەزیری بەرگری « ئیسرائیل » باسی كردو هەموو جیهان ئاگاداریەتی كە بەشێكی گرنگی ئەو چەكانەی لە شەڕدا بەكارهێنران لەو هێرشانەدا كە ناوی « بیت المقدس »یان لێ نرابوو « ئیسرائیل » بە ڕەزامەندی ئەمریكا بەئێرانی دابوو چوتا قازانجوەرگری ڕاستی لە شەڕی عیراقو ئێران لە هەمووی ناوچەكەدا « ئیسرائیل »و ئەو سیاسەتو ڕێكەوتنە مل كەچانەی وەك پلانی كامپ دەیفیدە ٠

خومەینی خۆی هۆیەكانی شەڕی ئامادەكردو زۆر بەڵگەیش بۆ ئەمە هەن چ لە شتی نووسراو یا قسەی نۆكەرەكانی كە جێی باوەڕن یا كردەوكانیان ٠٠ خۆ بە نیسبەت ئێرانەوە ئەگەر خومەینی نەبوایە هەرگیز شەڕ بەرپا نەدەبوو٠ بۆ نموونە ئەركی یەكەم باڵیۆزی خومەینی لە عیراقدا ئەوەبوە ڕژێمی عیراق وەرگەڕێنێو بە شێوەیەكی ڕەسمییانە وەزیری دەرەوەی ئێران لەو كاتەدا «ئیبراهیم یەزدی » لە ڕۆژنامەی « كەیهان »ی سەر بەحكوومەتدا كە لە ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٨٠دا دەرچوو دانی بەمەدا ناوە ٠ هەروەها ئەركی « محمد قەرزی » وەزیری ئیستای نەوت كە ئەوكاتە پارێزەری عەرەبستانبوو كۆمەڵ كۆمەڵ خەڵك بنێرێ بۆ عیراق بۆ وێرانكاری ٠

كوژراوانی شەڕ لەم دوومانگەی دواییدا گەیشتنە ٧٠ هەزار ٠ هەندێ لە شارەزاكانی سوپا لە ئێراندا لایان وابوو كەم هەیە لە پێشەوا سوپاییەكانی ئەم سەردەمە بە كوشتنی ئەم ژمارە گەورەیە قایلبن بە تایبەتی كە زۆر لاوو تازە پێگەیشتوانی تیایە ٠٠ بەڵام ئەم ستراتیژیە سوپاییە (زیانی بێ سنوور) جێی ڕەزامەندی خومەینی بوو پاش ئەو ڕووداوە گومان لێكراوەی كەوتنە خوارەوەی فڕۆكەكەی پێشەواكانی سوپا لە كۆتایی ئەیلوولی ١٩٨١ دا ٠ لەم كاتەوە لەناودانو گرتنو بەڵكو لە سێدارەدانیش لەناو ئەفسەرو ڕەگەزە نیشتمان پەروەرەكانی سوپادا دەستی پێ كرد لەوانەی دژی سیاسەتی خومەینیو بەرهەڵستی دەكەن ٠ لێرەوە زۆر لە بیاوە ئاینییە كۆنەپەرستەكانی حزبەكەی خومەینی ڕوویان كردە بەرەی شەڕ بۆ ئەوەی (وەك دەڵێن) دەرگاكانی بەهەشت بكەنەوە بۆ قوربانییەكان ٠٠ بەم جۆرە سیاسەتی قوربانیدانی بێشومار لەگەڵ دڵڕەقیو دیماگۆگی خومەینیدا پێكەوە تێكەڵبوون ٠ هەروەها هیچ جۆرە دڵەخورپەیەكی تووش نەبوو لەسەر ئەو نرخ كەمییەی كە نەوتی ئێرانی پێدەفرۆشێو بەم جۆرە زیان بە هەموو وڵاتانی نەوتدەرهێنەر دێنێ لە جیهانی سێهەمدا ٠ لەم چواچێوەیەدا گرەوی لە شا بردەوە چونكە ئەو زاتی ئەمەی نەكرد ٠

جەرەوكۆنگرەی جەوزی جە غداد

جوولانەوەی بێ لایەنی دوێنێ و ئەمڕۆ و باشە ڕۆژ

« كاروان ٠م »

بیركردنەوەو خۆئامادەكردن بۆ بزوتنەوەی بێلایەنی ، مێژوویەكی درێژی هەیەو ڕاستەو ڕاست ئەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی جەنگی دووەمی جیهانیو بەرپابوونی (ساردەجەنگ)ی نێوان هەردوو لەشكرگەی سەرمایەداریو سوشیالیستی ٠٠ لەو كاتەدا كە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەوڵی ئەدا ، مێژو قەوارەی یەكێتی سۆڤیەت بووچەل بكاتو ئەو بە دەوڵەتانەی ئەو زەمانەی كردبووە گژیا٠ بەمەبەش پێوەندی نێوانیان تێكچوو بوو ٠٠ بۆیە هەر لایەك لەو دوو لایەنە، خەریكی ڕاكێشانی ئەم دەوڵەتو ئەو دەوڵەتە بوو ، بۆ لای خۆیو بۆ نێو ئەم كێشەیەو بۆ سەر شانۆی ئەم سیاسەتە ٠٠

لە ژێر باری ئەم بارودۆخەی نێو دەوڵەتاندا ، پیاوانی فیكرو سیاسەتو ڕوناكبیرانو كەوتنە خۆبانو یەكەم كۆنگرەی پێوەندی نێو دەوڵەتە ئاسیاییەكان لە (نیودەلهی)و لە مانگی مارتی (١٩٤٧)دا بەسترا ٠٠ دوای ساڵێكو لە هەمان شوێندا ، دووەم كۆنگرەو بەسەرپەرشتی سەرەك (جەواهیر لال نەهرۆ) بەسترایەوەو ئەم كۆنگرەیە بە تەواوی ناڕەزایی خۆی لە دژی ئیمپریالیزمی جیهانی نواندو داوای لە حكومەتەكان كرد ، تا پشتگیری لە جولانەوەی ئازادیخوازانەو نیشتمانپەروەرانەی گەلانی ئاسیاو ئەفەریقیا بكەن ٠

داوایشی لە هەردوو حكومەتی هۆڵەندا و فەرەنسا كرد ، تا دەس لە كۆلۆنیالیزم بكێشنەوە و ئەو دەسەڵاتە بە گەلانی ئاسیاو ئەفەریقیا ڕابەڕێنو لە خەوی غەفلەت بیدار بوونەوە ٠ گەلێ هەراقەوماو گەلێ ڕژێمیش روخا ٠٠ بۆ دابینكردنی یەكێتی ئەو گەلانەش ، كۆنگرەی (باندۆنگ) كە ١٨ـ٩ـ١٩٥٥ـو لە ئەندەنوسیاو بە چاودێری سەرەك (سوكارنۆ) هاتە گرێدانو سەر وەزیرانی چین (شوان لای)و سەرەك وەزیرانی هیندستان (نەهرۆ) و سەرەكی میسری (عبدالناصر)و گەلێ لە ئەندەنوسیاو لە هندستانی چینی هەڵگرن ٠٠ هاركاری تەواویشی بۆ شۆڕشی چینی میللی نواندو تاقمی (چیانكای شیك)ی تاوانبارو ڕیسوا كرد ٠٠ بەمەیش بیری پەیڕەوی كردنی سیاسەتی بێلایەنی ، لە نێو دەوڵەتاندا چەكەرەی كرد ٠٠ لە هەمان ساڵو بە یارمەتی ئەمەریكا قەوارەی دوژمنكارانەی زایۆنیزم لە فەلەستینی داگیركراوا هاتە كایەو هەر وا پەیمانی باكووری ئەتلەسی (ناتۆ) لە ٤ـ٤ـ١٩٤٩دا لە دژی بەرەی سۆشیالیزم دامەزرا ٠٠ لەم لایشەوە ڕوداوی نێو دەوڵەتان تەوژمی سەندبوو ، زوربەی گەلانی ڕێكخراوی هێزە نیشتمانیەكانی هەردوو كیشوەری ئاسیاو ئەفەریقیای تێدا بەشداربوون ٠٠ دوا بەیاننامەی كۆنگرەكەش بریتی بوو لە چەند خاڵێكی سەرەكی :

١ ـ ڕیزگرتنی مافە جەوهەریەكانی مرۆڤو هەروا ئامانجو بیرو باوەڕەكانی بڕواناماەی نەتەوە یەكگرتووەكان ٠

٢ ـ ڕیزگرتنی دەسەڵاتو خاكی گشت گەلانی جیهان ٠

٣ ـ دەس تێوەرنەدان لە كاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی تر ٠

بڕوانە ل : ٧

لوبنان ڕووبەڕووی سەدەی گرنگەكان دەبێتەوە

بارودۆخی شەڕ بەرەو ئاڵۆزی دەچێ



ئەو شەڕەی ئیستاكە لە لوبناندا كەوتۆتەوە ، تا دێ ئاژەكەی خۆشتر دەكرێو هێزەكانی زایۆنی دوژمن لە ڕێگەی كارە سەربازییە فراوانەكانیانەوە هەوڵی زیاتری دەست بە سەراگرتنی شارو دێهاتەكانی لوبنان دەدەن ٠٠ هەواڵەكان وا ڕادەگەیەنن كە لە بیستو پێنجی ئەم مانگەدا شەڕێكی قورس لە ناوچەی (جبل بیروت) ڕوویداو هێزەكانی زایۆنی هەوڵی ئەوەیان دا كە دەست بگرن بە سەر ڕێگەی نێوان بەیروتو دیمەشقدا ، ئەمە سەرباری ئەوەی كە فڕۆكەكانی زایۆنی بۆردوومانێكی وەحشیانەی شاری بەیروتیان كردو لە ئەنجامدا سەدان كوژراونو بریندار بوون٠٠٠ لە گەرمەی ئەم ڕووداوانەدا ، سەرەكی حكومەتی لوبنان (شفیق الوزان) بڕیاری وازهێنانی دا لە كاروباری بەڕێوەبردنی وڵاتەكەی ٠٠٠ ئەمە لە كاتێكا كە بارودۆخو ئەو تێكچڕژانەی كە لە نێوان هێزە هاوبەشەكانو هێزەكانی دوژمندا لە ئارادایە وای كردووە كە لوبنان بەرەو ڕووی تەنگەو چەڵەمەی زیاتر بكاتەوەو هەڵوێستی پڕ مەترسی بخولقێنێ ٠٠

سەبارەت بە هەڵوێستی بزووتنەوەی لوبنانیش ، شایانی باسە كە (ولید جنبلاط)ی سەرەكی ئەم بزووتنەوەیە لە بواری ئەو گفتوگۆیانەوە كە لەگەڵ ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسیدا كردوویەتی ، كشانەوەی خۆی ئاشكرا كرد لە نێو (لیژنەی ڕزگار كردنی نیشتمانی) دا ٠٠ كە ئەم لیژنەیە لە ١٤ی حزیراندا پێكهێنرا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ كێشەی لوبنان ٠

لەم بوارەدا ، كاتێك زایۆنی دوژمن بە كاروبارە گلاوەكانی هەڵدەستێو دەیەوێ لوبنانیش داگیر بكات ، خۆی بە تەواوی هەست بەوە دەكات كە كارێكی داگیركەرانەو نامرۆڤانە لە پشت هەزار ـو یەك پەردەو بەڵگەی بێ سەروشوێنەوە دەكات ٠٠ ئەوەتا جەنەرالێكی زایۆنی لەم ڕۆژانەدا سەركردایەتیی هێزەكانی زایۆنی ئاگادار كردەوە لەوەی كە بەردەوام بوونی شەڕو هەوڵدانی بێپایان بۆ داگیر كردنی بەیروت خۆی لە خۆیدا گەلێك زیانی گەورەی لێدەبێتەوە ، ئەم زیانانەش چ لە ڕیزی هێزەكانی زایۆنیدا بێت یاخود دانیشتووانی بەیروت خۆیان بن ٠

لە گۆڕەپانی ئەم بگرەوبەردەیەدا ، زۆر لایەن هەن خاوەنی هەڵوێستنو زۆر لایەنی تریش بێدەنگن ٠٠٠ لە دیمەشق ، قسەكەرێكی سەربازی سوریایی ڕایگەیاند كە شاری (بحمدون) لە لایەن زایۆنییەكانەوە دەستی بەسەردا گیرا ، ئەمەش پاش شەڕێكی قورسی چوار ڕۆژی ٠٠٠

لەلایەكی ترەوە ، سەرەكی بزووتنەوەی بەرگری خوازی فەلەستین (یاسر عرفات) لە ئاكامی ئەو زوڵمو زۆرەی كە بەرامبەر هەردوو گەلی فەلەستینو لوبنانیش دەكرێت ، ووڵاتێكی وەكو ووڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لە پشت كاری ناڕەوای زایۆنییەكانەوە وەستاوەو بە هەردووڵا دەیانەوێ ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بەرەو لە ناوچوون بەرن٠٠٠ لە ئاكامی هەموو ئەمانەدا ڕەزامەندی تەواوی خۆی بەرامبەر ئەو دەستپێشخەریە دەربڕیوە كە فەرەنسا لە (ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان) دا خستوویەتیە بەرچاو ٠٠٠٠ گومانیش لەوەدا نییە كە مەترسی لە ناوچوونی هەزاران مرۆڤی بێتاوان تاكوبێت زیاتر پەرە دەسێنێ ٠٠٠ گەرچی گەلی فەلەستینو لوبنان بە هەزاران قوربانیان داوەو خەباتگێڕانیان كە پیلانە چەپەڵەكانی زایۆنیزمو ئیمپریالیزم پووچ بكەنەوە٠٠ بەڵام لەم بوارەشەوە پێویستە كۆمەڵگای دەوڵەتانو هێزە خێرخوازەكان درێغی نەكەن لە هەوڵدانیانا بۆ ڕزگار كردنی هەر دوو گەلی لوبنانو فەلەستین ٠٠

ئامانجی سەربازیی ئیستاكەی زایۆنیش لەوەدا كۆبۆتەوە كە دەست بەسەر دوو شوێنی سەرەكیدا بگرێت ، ئەویش ڕێگەی نێوان بەیروتو دیمەشقو، هەروەها داگیر كردنی شاری بەیروتە٠ ئەمەش زیاتر بۆ زیان پێگەیاندنو بگرە لەناودانی لایەنێكی گەورەی هێزیی سەربازی ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینیو هەروەها دوورخستنەوەی تۆپەكانی فەلەستینی بەكان لە موستەعمەرەكانی جەلیل ٠٠٠ !!!

لەبەر ڕووناكی ڕووداوەكاندا

« لەپێناوی ئاشتیدا »

أ.ن. دلسوز

ئەگەربێتو بەوردی لەسەرگوزەشتی چۆنیەتی دەسپێكردنی شەڕی نێوانی عیراقوئێران بكۆڵینەوە وەبەچاوی ویجدانو بێلایەنی كارەساتەكە هەڵسەنگێنین بەوردی وەبەڕوناكی بۆمان دەرئەكەوێت كە ئامانجی ئێران ئامانجێكی ناڕەواو شەڕفرۆشانەیە وەئامانجێكە كەسەرچاوەكەی ئەگەڕێتەوە بۆصەدەانساڵی لەمەوپێش نەك هەربۆ سەردەمی ڕژیمی كۆنەپەرستو دواكەوتوی خومەینی ٠

ساڵی ١٩٧٩ شورشی گەلی ئێران كە چەنساڵێك بو كەرەسەكەی ئامادەئەكرا وە تۆزەتۆزە تەنیبوبەوە گەیشتەبەر ، وەئەمگەلە توانی یەكپارچە هەر لە زاهیدانەوە تاوەكو دەریاچەی ورمێ وەهەرلە مازیندەرانەوە تاوەكو كوردستان ببێتەیەكو هەموی یەكدەنگو یەكڕەنگ هاواربكەن بڕۆخێشا بەلێ لەكاتێكا كە مەسەلەن گەلی كوردی ئێران وەنەبێ پەیوەندێكی بتەوو ئیدیولۆژی بە باقی پارتو گەلەكانی تری ئێرانەوە بوبێت ، تەنانەت لەبارەی ڕەگەزو ئاینیشەوە لەیەك جوێ بوون بەڵام دوژمنی هاوبەش وەقانجازی هاوبەش وەسەرنویشتو چارەنوسی هاوبەش ٠ تورکو كوردو فارسو عەرەبو بلوجو تورکمانی ئێرانی كردبویە یەك وەهەریەكەی لەعاستیخۆیا ڕژیمی شایان دابەبەر كوتەك «هەركەس نەیگۆزێ ئەللا بیگۆزی » تائەو ڕژیمەیان نابود كردو دەریان پەڕان ، بەڵێ نەخومەینی ئاگای لێبوو نەكەسیتر بەڵكو قۆناغێكی تایبەتی مێژو هاتبویە پێش وەسودو زیانی هاوبەشی گەل بویە هۆی یەكیەتی ، وە هەڵوبستو چونیەتی شورشەكە وەئەوەش كە خومەینی لەئێران دورخرابویەوەو هەرلەدەمێكەوە لەدژی شابو ئەمەبویە هۆی سەرخستنی خومەینی ، واتەهەڵویست خومەینی كردە پێشەوا ئەوەی شیاوی باسە ئەبێ بزانین كە خومەینی لەكاتی خۆیا لەسەرئەوە دەركرا كەئەیوت زەوی دابەشكردن بەسەرجوتیارانا كارێكی ناپەسەندەو پێچەوانەی ئایینیئیسلامە ئەمەش كەی بو لەكاتێكا كەشا یاسایێكی نیوەو ناتەواوی زەوی دابەشكردنی دەس پێكردبو خومەینی كۆنەپەرستو تەنانەت بەوجۆرە دابەشكردنەش ناڕەزابو بۆچی چونكی بڕێ گوندو كشتوكاڵی هەبو كەئەویاسایە ئەیگرتەوەو بڕێكی لێ دابەشئەكرا چالەسەر ئەم بناغە ناپەسەندە خومەینی بوبویە پیاو وەچونكی بەپێی یاسای بناغەلی ئێران هەرپیاوێكی ئایینی گەیشتەپلەی ئایەتوللاڵی نابێ بكوژرێتو بكوژرێتو لەداربدرێت ، لەسەر پێشنیازی ئایەتوللا شەریعەتمەداری وەیارمەتی ئایەتوللا كانی تر ، خومەینی كەئەودەمە واتە ساڵی شەصتویەك حوججەتول ئیسلام بوو كرایە ئایەتوللاو لەمەرگ دەربازبو «ئەوەتە دیمان چۆن پاداشی شەریعەتمەداری دایەوە » «اتق شر من احسنت الیه » ڕژیمی شا ناچار خومەینی دەركردو دوری خستەوە ماوەیێك لەتورکیەبو لەپاشان پەنای هانی بۆعێراق وعیراقیش بەناوی پەناهاوەرەوە وەری گرت وەلێرە بۆخۆی تەخت لێ دانیشت ، جا ڕێزگرتنی ئەودەمەی عیراق لەخومەینی بویە هۆیێكی گەورە بۆ ئەوەی كەخۆی بگرێتو خەڵك بیناسن وەعیراق ماوەی ئەدا بەڕادیو فارسی بەغدا كە پەیامەكانی بۆبڵاوبكەنەوە بەمجەشنە خەڵك زانی كەئاخوندێكی دژی ڕژیمی شا والەعیراقا وەناوی خومەینییە ئیتر خۆ نەیان ئەزانی كۆنەپەرستەو دژی دابەشكردنی زەویە بەسەرجوتیارانا ، ئەمە هەنگاوێكی گەورەی عیراق بۆیارمەتی خومەینی كەبەڕاستی پاداشی عیراقیشی باشدایەوە ، لەقۆناغی دوهەما لەكاتێكا كە لە ئاخری ساڵی حەفتاونۆدا شورشی ئێران سەركەوت وە مرۆڤە ئاینیەكان بەتایبەت شەریعەتمەداری دەورێكی گەورەیان تیادی ، چونكی هەروەكو وتمان هەم لە لایێكەوە شەریعەتمەداری خوازیاری كورسیو پایەی سیاسی نەبو وەهەم خومەینیش لەدەرەوەی ئێرانابو وەخۆی هەروەكو دەركەوت سەری پێوەنەبو بۆگەیشتن بەپلەی سیاسیو مەقامو مەنصەب وەوادیاربو ئەو ماوەیەش كەلەپاریسابو دەوڵەتە گەورەكان خۆیان پێگەیاندبو وەدەسێكیان هانیبو بەپڕیشوسمێلیا وەلەگەلیا ڕێك كەوتبون وەجەنرال هۆیزەریش لەتارانا كاری خۆی كردبو وە دەسی خۆی وەشاندبو ئەمانە هەموی دەستی دایە دەستی یەكو خومەینی كردە قارەمانو كردیە كوڕی حیكایەت ، جا مەبەستمان ئەوەتە لێرەشا هەر كەخومەینی دەمودەسگای دامەزراند ، خێرا دەوڵەتی عیراق لاینگری لێكردو بەڕەسمییەت ناسیوە تەلگرافی بۆكرا ، بەكورتی عیراق پەنای دا یارمەتیشی داو ڕادیۆیشی خستە بەردەستی تاخۆی بەئێرانیەكان ناساند وەزانیان ئاواكەسێك لە عیراقایەودەركراوە لەپاشانیش بەرەسمی ناسی وە لاینگری لێكرد جائیتر گوایا نۆرەی خومەینیبو كەپاداشی عیراق بداتەوە مەگیر ئەمە عیراق ماری بەخێو كردوەو گورگی لەوەڕاندوە وەئەبوایێ هەرئەوكاتە سەری پانكردایێتەوە مەگیر ئەم بەڵابە هەر بەتەنها ئێران تێرناخوات وەئەم پیرەمێردە هەشتا ساڵەیە تەماعی كردوەتە نەك تەنها عیراق بەڵكو هەموی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش و ، ئێران ببێتە ئاغای هەموی ناوچەكە وەئیمپراتۆریەتی

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

هەڵوێست

ڕیانی ڕابردوو دەگەشێنێتەوە

بێو ئاوڕێک لە زوربەی ئەو گۆمەڵەو دەزگا گۆمەڵایەتیانەی ئێستای شاری سلێمانی بدەینەوە کە سەرەتای دامەزراندنیان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستو کاری تاکە کەسێک، بەڵگەی ئەمانەشمان لە ژمارەکانی سالانی پێشوی ئەم ڕۆژنامەیەدا بەسەر کردوەتەوە ...

ئێستاش نمونەیەکی نوێمان بە دەستەوەیە ئەویش مەڵبەندی تەندروستی کرێکارانە ...

دەربارەی ئەم مەڵبەندە دکتۆر سعید عبداللطیف کە بەڕێوەی دەبات وتی :

مامۆستای خوا لێخۆش بوو علی ئاغا ناجی صالح حاجی عبدالله کەرکوکلی زادە لە ڕۆژی ٢٤ـ٨ـ١٩٧٥دا لە سلێمانی کۆچی دوایی دەکاتو پێش لە دونیا دەرچوونی خانووەکەی خۆی پێشکەش بە دانیشتوانی سلێمانی دەکاتو هەر بە ناوی خۆیەوە دەکرێت بە مستوصفی علی ناجی ... شایانی باسیشە جگە لەمەش چەندەها کاری مرۆڤایەتی تری کردوە وەک دروست کردنی مزگەوتێک، هەر لە سلێمانی ... پاشان وتی : ئێستاش ئەم مەڵبەندە بەرەوڕوی کارە پیرۆزەکەی خۆی کراوەتەوە کە ئەویش چارەسەر کردنی نەخۆشی کرێکارانی دامو دەزگاکانی دەوڵەتە لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکەی دەورو پشتی خۆی ... بەڵام ئەو نەخۆشانەی کە بزانین لێرە چارەسەریمان بۆ گرانە ئەوا هەواڵەی خەستەخانەی سەرەوەیان دەکەین .

هەروەهاوتی :



● **دوابەدای ئەم دکتۆر محمد احمد امین لەم چاوپێکەوتنەدا سەبارەت بە کاری مرۆڤایەتی خوا لێخۆش بوو علی ناجیو پیشە مرۆڤایەتیەکەی خۆیان وتی**

ئەم دوو لایەنە هەردوکیان لە چوارچێوەی مرۆڤایەتیدا دەبینرێنەوە چونکە لە هەردوو حاڵەتدا خزمەتی هاوولاتیان دەکات ئەمەشیان بە رزگار کردنی کرێکاران و هاوولاتیان لە دەردەسەری نەخۆشی بە تایبەتی دەستەی یەکەم کە تا ئێستا مەڵبەندێکی تایبەتیان نەبووە بۆ چارەسەر کردنیان و ناچار بوون هەموو جارێ کە بڕۆنە سەرۆکایەتی تەندروستی سلێمانی و لەوێش بەهۆی زۆری خەڵکەکەوە درەنگ چاویان بە دکتۆر کەوتوەو لە ئیش و کارەکەشیان دوا کەوتوون .

پاشان دکتۆر محمد سەبارەت بە گۆڕانکاریەکانی ناو مەڵبەند وتی

ئەوەی زۆر گرنگ بێ وەکو لە پێشەوە باس کرا کردنەوەی بەشی دانە هەر وەها بە تەماین لەم نزیکانەدا بەشی تاقیگە (مختبر)

بکەینەوە ئەمەش زیاتر لەبەر ئەو کرێکارانەیە کە ئەگەر پێویست بە فەحس کردنی خوێن و بابەتەکانی تر بکات ئێستا دەبێ لێرەوە هەواڵەی خەستەخانەی سەرەوەیان بکەین ئەمەش جگە لەوەی کە بۆ کرێکارێکی نەخۆش گران دەکەوێ دەشبێتە هۆی زیاتر دور کەوتنەوەی لە شوێن و نیش کردنیان ... سەرباری ئەمانەش بە تەماین کە مەڵبەندێکی تایبەتی فراوان بۆ کرێکاران بکرێتەوە کە هەموو پێداویستیەکانی تیا دادەنرێت .

● **دوا جار خوشکە لیلی واجد عثمان لێپرسراوی بەشی دەرمانخانەکەیان وتی**

بە شێوەیەکی گشتی دەرمانخانەیەکی چاکمان هەیە و بۆ خۆی یەکەمیان بۆ کرێکاران و بریتیە لە دوو بەش ، ئەوەکەشیان بۆ هاوولاتیان ... لەم ڕوەشەوە دەتوانین بڵێین کە ئەو دەرمانانەی لە بازاردا هەیە لێرەش چنگ دەکەوێ و زۆر کەم توشی کەموکورتی دەبین چونکە ڕاستەوخۆ سەرۆکایەتی . تەندروستی لە کەرکوکەوە دەرمانمان بۆ دەهێنێ کە ئەمانەش هەمووبان بە خۆڕای دەدرێن بە هەموو نەخۆشەکان .. شایانی باسیشە سەرۆکایەتی ناوبراو بە تایبەتی لەم ماوەیەی دوایەدا دەورێکی گرنگی سەبارەت بە دەرمان ناردن بۆمان گێڕاوە کە ئەمەش شایستەی سوپاسە .

فریا عبدالله

لە مەڵبەندی چاودێری زانستی لە سلێمانی

لەم ڕۆژانەدا نزیکەی /٣٠٠/ قوتابی کوڕو کچ پەیوەندیان بە مەڵبەندی چاودێری زانستی پارێزگای سلێمانیەوە کرد کە لەوەوپێش ناوی خۆیان تۆمار کردبوو سەبارەت بە هاوبەشی کردنیان لە دەورەی هاوینەی ئەمسالی مەڵبەندی ناوبراودا کە ماوەی /٣/ سێ مانگی پشوی ئەم هاوینە دەخایەنێت .

شایانی باسە ئەم قوتابیانەش دابەش دەبن بە سەر /٨/ یانەو دوو وەرشەدا کە بریتین لە یانەکانی فیزیاو کیمیاو زانستی ژیانەوەری و جیۆلۆجی و فەلەکو کارەباو ئەلکترۆن و فرین و وێنەی فۆتۆگرافی و هەردوو وەرشەی میکانیکو دارتاشی کە ئەمەیان وەرشەیەکی نوێی ئەم مەڵبەندەیە .

هەروەها شایانی باسە ئەوانەی لەم مەڵبەندەدا وەردەگیرێن بریتین لەو قوتابیانەی کە لە قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگەو دانشگە کە هەموو ڕۆژی بۆ ماوەی نزیکەی چوار سەعات دەخوێنن و ئەم خوێندنەش /٣/ قۆناغ دەگرێتەوە کە بریتیە لە سەرەتایی و ناوەندی و پێشکەوتوو کە ئەمەی دواییشیان پاش دەرچوونی کارتی ئەندامێتی پێدەدرێت و لە مەڵبەندەکەدا بەردەوام دەبێت و بۆی هەیە لە کۆنکرەکانی قوتری دا هاوبەشی بکات کە هەموو ساڵێ لە بەغا یان لە یەکێک لە پارێزگاکانی وڵاتدا ساز دەکرێ .

هەروەها لە پرۆگرامی ئەم مەڵبەندەدا هەیە کە لە کاتی خوێندنی هاوبەشانی دەورەکەیدا جگە لەوانەی باسمان کردن سەردانی مەیدانیان بۆ ساز دەکەن کە دەچنە دەرەوەی شار بۆ دۆزینەوەو کۆکردنەوەی شتومەکی نایاب لە لایەکەوەو سەردانی جێگاو کارگەو مۆزەخانەکانیش بۆ زیاتر شارەزایی پەیدا کردن لە لایەکی ترەوە .. ئەمەو ساز کردنی دوو ئاهەنگ یەکەمیان لە کۆتایی مانگی ئایاردا بۆ ئەوانەی کە لەوانە زانستی یەکانی قوتابخانەدا بە پلەی بەرز دەردەچن و مەبەستیش لەمە ئەوەیە کە لە لایەکەوە بە مەڵبەندەکە بناسرێن و لە لایەکی تریشەوە زیاتر هان بدرێن و پەرەیان پێ بدرێت .. ئەوی کەشییان بۆ هاوبەشانی دەورەی هاوینەکەی مەڵبەند خۆی دەبێت کە تیایدا ئەوانەی بە پلەی سەرکەوتوو دەورەکە دەبڕن ڕێزو خەڵاتی تایبەتیان دەکرێ ..

لە لایەکی کەشەوە مەڵبەند خۆی هاوبەشی پێشبڕکێ کانی وڵات دەکات بەنوسینی ڕاپۆرتو لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕۆشنبیریی و بابەتەکانی تر کە تا ئێستاش چەند جارێک پلەی دووەمی بە دەست هێناوە ...

شایانی باسە مەڵبەند چاودێری زانستی لە ڕۆژی ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٧٨دا لە پارێزگای سلێمانی دامەزراوەو تا ئێستا چەندەها دەورەی لەم چەشنە دەورانە کردوەتەوە بە شێوەیەکی بەردەوام لە بڕەوێکی چاکدایە ئەمەش بە بەڵگەی ئەنجامی تاقی کردنەوەو بەرهەمو تەمەنی کورتی ئەم چەند ساڵەی پێشویان .

نوسینگەی سلێمانی

ڕژێمی ئێران .. بەرەو کوێ؟!

ڕژێمە دوا بڕاوەکەی ئێرانی خوێنڕێژو تینوو بە گیانی گەلانی ئێران ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تاوانباریو بێ عاتیفەییوو خوێن ڕێژی خۆی دووپات دەکاتەوە ...

بە هەزاران منالی ساواو شیرە خۆرەی بە زۆرە ملی هێناوەتە بەرەکانی جەنگ ، گوایە بەربەرەکانی سوپای عیراقی بێدەکات ، بەڵام هەموو ڕاو چاودێرە سیاسییە جیهانییەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە ڕژێمی خومەینی چاوچنۆک ئەم کردەوەیەی بۆ سوودی گەلانی ئێران و پارێزگاری کردن لە ئێران نییە ، بەڵکو نەنیازی ئەوەیە کە گەلانی ئێران لە ناوبەرێ نەختو تاراجی ناموبارەکی لە بڕەودا بێت لە سەر حیسابی گەلانی ئێران ، هیزە چەکدارەکانی گەلانی ئێران ، لە شەقامو شوێنە گشتییەکانی تاران و هەموو شارەکانی ئێران قارەمانیەتی خۆیان دەنوێنن جا ڕژێمی ئێرانی بۆ دەترسێ لەوەی کە بڕوخێ ، ئەی نازانی ڕوخانیان هەموو ڕۆژێک بە چاوی خۆیان دەبینن ..

ئەی لە سێدارەدان و خنکاندنی ئەم قارەمانە گیانبازانە ئەوەندە بە سوکو ئاسانی بە سەر ڕژێمی بۆگەنی خومەینیدا تێدەپەڕێت ... بۆ نازانێ خوێنی ئەوان دەتبێتە ڕق و لە دەروونی قارەمانانی ئێراندا دادەگیرسێ و بە ڕووی ئۆکەرودارو دەستە بە کرێگیراوەکەی ئەم ڕژێمە دەتەقێتەوە ... کەواتە با ئەوانەی تەنها بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و ماون لە سەر تەختو تاراجی ئەم ڕژێمە بۆگەنە بزانن کە گەل باوەڕی زۆر بەهێزە کە ئەم ڕژێمە بروخێنن و کۆتایی بەم قەسابخانەیە بهێنن ...

مام وەسمان

Institut kurde de Paris

له دەزگای فیتر کردنی پیشەوا

ئامادەکردنی کادێری شارەزا و لێهاتوو



ئامادەکردنی کادیری شارەزاو لێ هاتوو لەگەڵ دامەزراندنی ئەو پرۆژە پیشەسازی کشتو کاڵیانەدا کە لە پاش شۆڕشی ١٧ـ٣٠ ی تەمموزی پیرۆز بوون بە ڕواڵەتی وڵاتەکەمان ، بە شێوەیەکی فراوانو چالاکانە دەستکراوە بە ئامادەکردنی کادیری هونەرمەندو پیشەناسی وا لە ئامانجو ئارەزووەکانی پەرەپێدانو هەنگاوو قۆناغەکانی بنیاتنانی شۆڕشگێڕانە بگەن بۆ ئەوەی وێنەی پێشکەوتووتر وەدەست خەینو بە شێوەیەکی بەرینتر سوود لە بارودۆخو دەرامەت و دەستکەوت وەرگیرێ لە پێناوی پێشخستنو ڕاپەڕاندنی وڵاتدا .

لە بۆ (٤٠)ەوە (١٥٠)

لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا دەزگای فیتر کردنی پیشە دەورێکی دیارو پڕ چالاکی بینی لە ئامادەکردنو پەروەردەکردنی کادیری هونەریو پیشەیی لە قوتابخانە پیشەیی کانا کە لە پارێزگاکاندا کراونەتەوە . ئەم قوتابخانانە لە ساڵی ١٩٧٣دا ژمارەیان (٤٠) بوو بەڵام ئێستە (١٥٠) قوتابخانەی پیشەسازیمان هەیەو لەم دەساڵەی دواییشدا ژمارەی قوتابیەکانیان بە شێوەیەکی زۆر ناشکرا بە ڕادەی ٣٤٠ لە سەدا زیادی کردوە .

سەرۆکی دەزگای فیتر کردنی پیشە ئەمەی وتو وتیشی پێویستە ئامادەکردنو پەروەردەکردنی کادیری هونەریو پیشەیی بۆ ئەوەی ئەرکی دامەزراندنو ئاوەدان کردن بگرنە ئەستۆ نەك هەر لە دەورەو پرۆگرامەکانی مەشقدابێ کە وەزارەتە تایبەتیەکان جێبەجێی دەکەن بەڵکو پێویستە پلانەکانی پەرەپێدانی نەتەوایەتی هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەروەردەو قوتابخانەوە بێ بۆ ئەوەی ئەوە هەر لە پێشەوە ئاگاداری ئەرکو ئامانجی پلانی نیشتمانیو نەتەوەیی بێ .

هەر لەبەر سووربوون لەسەر ئەم ڕێبازە کە بە گوێرەی ئاموژگاریەکانی حزبو شۆڕش بە سەرۆکایەتی سەرەکی پێشەوا صدام حسین کراوە بۆ دیاری کردنی ڕێبازی کەرتی پەروەردە بە پێی ئەو پرۆگرامەی کە لە تەمموزی ١٩٨١دا دانراوەو کە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پێوەندییەکی تەواو لەنێوان جووڵانەوەی زانباریو دەزگاکانیو تێکڕای جمو جوولەکانی ژیاندا لە کۆمەڵگادا هەیە و ..

چونکە دەزگای فیتر کردنی پیشەیش سوورە لەسەر ئەوەی سەرکردایەتی دووربین چی بڕیاردراوە جێبەجێی بکا لە بارەی ڕەوانی خوێندنو وەرگرتن لە قوتابخانەو مەڵبەندەکانی فیتر کردنی پیشەی سەربەدەزگاوە بۆ ساڵانی ٩٨٢ـ٩٨٣ ، پلانو هۆزی وا بڕیاردراوە کە ئەم ئەرکە سەرخەن .

پرۆگرامی کاری تەمموز

لەبارەی ئەم پرۆگرامەوە سەرۆکی دەزگای فیتر کردنی پیشە وتی «پرۆگرامی کاری تەمموز » لە کەرتی پەروەردەو خویندندا بڕیاری لەسەر وەرگرتنی (٣٢) هەزار قوتابیی دەرچووی قوتابخانە ناوەندییەکان داوە لە قوتابخانە پیشەییەکاندا لە ساڵی داهاتووی خویندندا یانی (١٥) هەزار قوتابی زیاتر لە پار . لە ساڵی ٩٨٣ ـ٩٨٤ یشدا ئەم ژمارەیە بەرزدەبێتەوە بۆ (٤٤) هەزار قوتابیو لە ساڵی ٩٨٤ ـ ٩٨٥ یشدا دەبێتە (٥٦) هەزار قوتابی کچوکوڕ .

بۆ ئەویش بتوانرێ ئەم ئەم ژمارە گەورانە وەربگیرێن و خوێندنو وەرگرتنی ناوەندیش ئاسایی یانە بڕوا لە هەر پارێزگایەکی پارێزگاکانی وڵاتدا لیژنەی لێقلق دروستکراوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی کارەکە بڕوا بەڕێوەو ئاگاداری قوتابییەکان بنو ئیستیمارەکانیان بە سەرا دابەش بکەنو هەروەها دەلیلێکی پیشەیش دابنرێ بە جۆرێکی وا هەموو زانراوێکی تیابێ لەبارەی ئەو پیشانەوە کە فیتردەکرێنو ئەو پاداشتانەی کە لە قوتابخانەکاندا دەدرێنو ئەو مەڵبەندانەی کە تەرخان کراون بۆ فیتر کردنو مەشقدادان . ئەمە بێجگە لەو کاروبارو شتومەکە پێشکەوتو وانەی کە بۆ فیتر کردن دادەنرێنو لەگەڵ پێویستیی تەواوی پلانەکانی پەرەپێدانو کردەوەی پێشخستنی تێکڕایی وڵاتدا دەگونجێن کە شۆڕش لە پیشەسازیو کشتوکاڵو خزمەتگوزاریدا بەرپای کردووە .

مەروەها ڕوونی کردەوەو وتی ئەو گۆڕانە گەورەیە کە بەسەر خوێندنی پیشەییدا هاتوە بە تایبەتی لە چوارچێوەی وەرشەی گەورەی مەشقدادانەدا وای کردوە ئەم قوتابخانە پیشەییانە بەبێ مەڵبەندی بەرهەمێنان بە جۆرێکی وا دەزگاکە هیچ گرانیەك لە ئامادەکردنی کتێبو پێویستیەکانی تری قوتابخانەدا نابینێ . بۆ وێنە قوتابخانەی چاپەمەنی ئەم کتێبانە چاپ دەکاو بەشە پیشەسازیەکانی تریش کورسیی کانی پۆلەکان دروستدەکەن .

وەرگرتن لە پارێزگاکاندا

وەرگرتنی قوتابیانی پارێزگاکانیش لە دەرچوانی قوتابخانە ناوەندییەکان بەستراوە بە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکەو ئەو پرۆژە پیشەسازیو کشتوکاڵیانەوە کە لەو پارێزگایەدا هەن . ئەمە بێجگە لە سەیرکردنی حەزو ئارەزووی قوتابییەکانو توانای وەرگرتن لە قوتابخانەکاندا بە پێی ڕابۆرتی بەڕێوەبەرەکان کە ساڵی داهاتوودا .

لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕێگاو بان لە پارێزگای دهۆك

ڕێگو بان ئەفرو گرنگترین نیشانا شارستانیەتێیە چونکی پەیڤەك دبێژیت ولاتێت پێشکفتی تێنە ناسین ب پیشکەفتنا ڕێکێو ودزەگەهێت ڕێك فەکرنو هاتۆ جۆنێ ..

ل عیراقا مە یا خوشتڤی نەمازە ل ناوچا کوردستانێ گەلەك ڕێك بێت هاتینە فەکرن ڤان سالا . بۆ زانینا ئەو ریکێت ل پارێزگەها دهوکێ تینە فەکرنو فێرکرن مە ئەڤ گفتوگۆیە دگەڵ ئەندازیارێ چەلەنك سەیدا (مامۆن نور محمد)ی کر .

سەیدا مامۆن بێ زحمەت هەکە ئەو پروژێت هەوە فەکرین و قیرتاو کرین بز مە سەر باخڤی و ئز هەوە گەهاندینە چ ڕادە .

وەلام : ئەو پروژێت مە دیماهیکی هینان ئەم تیدا کار دکەین نیزیکی « ٤٤ » ملیون دینارا ابن ئەفە تە .

ڕێگا نامیدیە ـ باڵند.

ڕێگا مناوا ـ درگل شیح

ئامێدێ

ڕێگا دهوك ـ بۆی سرسنل

ڕێگا بیسری ـ ئەلقوشی

ڕێگا سوارەتوکا ـ ئەسبندار

ڕێگا سێملێ دو ئال

ڕێگا (سدێ) میسلێ

ڕێگا بروشکی ـ دهوك

دانانا دو پرا ل دهوکی

دانانا پرا «تارەوانی

قیر کرنا کۆرەپانا

ئیبراهیم خەلیل

دتریزببریوای کردومدن زەوی

پادێ قیدا صرف بۆی

پادێ قیدا صرف بۆی

«٦» ملیون دینار

«٩» ملیون دینار

٧٫٦٠٠ ملیون دینار

(٣) ملیون دینار

١٫٢٥ ملیون دینار

٧٥٠ هەزار دینار

«٧٫٢٥٠» ملیون دینار

٥٢٢٫ هەزار دینار

١٫ ملیون دینار

٥٠٠٫ هزار دینار

١١٣ هزار دینارا

نقیسنگەها دهوکێ

پ ـ بەراستی هین ڤان پروژا هەمیا ب راست خۆ کار دکەن وەك ئەم دزانین گەلەك گیرو گرفت ڤێن ریکی بێت هین ئەرێ هین چەوا چارەسەر دکەن .

وەلام ، گەلەك گیرو گرفت کەتینە ڕێکا مە ئەو ژی نەبوونا کادرێ شارەزا ئەم ژی رابوین مە ئەڤ گیرو گرفتە چارە سەر کرین ئەو ژی ب دو ڕێکا :

١ ـ فێر کرنا هندە پالێت نە شارەزا کو فێری شوفیری بوون ئز مەکینا هندك بێت بوینە کادرێ شارەزا هێزا ئەم بێژن کۆڤی گافێ دەورێ خۆ یێ دبین ل فەکرنا ڕێکا.

تیرۆانینی

«تیرۆانینێکی زمانەوانی»

مولود حمد نبی

لە ڕۆژنامەی هاوکاری‌ی ژمـــارە ـ ٦٢٩ ـ ی ڕۆژی (٢٧ ـ ٥ ـ ١٩٨٢)دا ، ڕەخنەیێکی کاك ڕؤوف ئالانی بەم ســـەردێـــڕەیـــەوە بڵاوکرایەوە :

((تێڕوانینێکی زمانەوانی)) ، تیایدا ڕەخنەی لەو ووتـارەم گرتبوو کە لە هاوکـاری‌ی ژمـــارە (٦٢٦)ی ڕۆژی (٢٥ ـ ٢ ـ ٩٨٢)دا لەژێر ناوی ((چوار تیوری گرینگ دەربارەی پەیدابوونی زمان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتـــیدا)) بڵاوم کردبووەوە .

مەبەست لە نووســـینو وەڵامدانەوە گەیشتنە ڕاستی‌و خزمەتە بەمەرجێ زانســـتو لایەڕەی ڕۆژنامەکان نەبـــن بە مەیدانی ڕك هەڵرشـــتنو قینو خۆبیشماندان .

کورتو کرمانج ڕەخنەکەی ڕەخنەگر بۆنی نامەوزوعی ـ یەکی لێ‌ئێ‌و زۆری لەســـەر نەوونرێ .

دوو ســـێ خاڵی گرینگ هەیە بەلای منەوە پێویستە پەنجەیان بخرێتە ســـەرو شتێکیان لەسەر بووترێ :-

١ ـ وەك دەردەکـــەوێ ڕەخنەگر جیاوازی لە نێوان (تایبەتی‌یەتی)و (گشـــتی) دەرك ناکاتو زۆر بـــە چاوێکی تەسك‌و ساکارانـــە سەیری مەسەلەی زمـــان دەکات . دوای ناوهێنانـــی ئەو تیوورانەی لە چۆنیەتـــی پەیدابوونی زمان دەکۆڵنـــەوە دەڵێ : « بەڵام زمانەوانانـــی کورد نابێ هەر بەو لووتکانەدا هـــەڵـــبگشێـــن . هۆدانەوەمان بە زەمینـــەی کوردیدا کەم دەرفـــەت‌و تەنگەبەرە خواستی ئێستەی نەتەوەکەمان ئەوەیە کە لـــە جەرگەی زمانەکەماندا و بەپێی پرۆگرامێکی ژیرانە کـــار بکەین ... »

بەڵای منـــەوە ... بێ‌خەبەریمان لە پەرەسەندن‌و دەستکەوتەکانی زانستـــی زمانی تازەو ســـوود وەرنەگرتنمان لێیانـــەوە بوونەتە هۆی ئەوەی ئێستا هیچ ئەنجامێکمان دەربارەی چارەسەرکردنی گیروگرفتە ـ کانی زمانی کـــوردی جێ‌نەگرێ‌و نەمانتوانیبـــێ ڕێزمانێکی نیمچە پوخـــت بۆ زمانەکەمان دابنێـــین . بڕیارەکان‌و ئەنجامەکان لـــە چوارچێوەی هەوڵـــدان‌و جم‌وجـــوڵ‌و (چێـــژی) شەخسی‌یەوە دەرناچـــن . (لووتکەکان) ئەو دەستکە ـ وتانەی زانستی زمانن کـــە ڕەخنەگر هەڵکێشان پێیانەوە بە ناپەسند دادەنێ . ئیمڕۆ زانستی زمان تەکنیـــك‌و پرۆگرامی (ژیرانە)ی وای هەیە کە لەژێر ســـایەیاو ـ بەپێی ئەو ئەزموونـــەی بەهۆیانەوە لە زمانەکـــە دەکۆڵێتەوە ـ گیروگرفتەکانی هەر زمانێك لەسەر بناغـــەی مەنتیق دەست‌نیشـــان‌و چارەسەر دەگرێن . ئـــەو یاسایە تەکنیکانـــە لـــە (لووتکەکان) دایە .

٢ ـ ڕەخنەگـــر دەڵێ : (نووسەر مۆرفیمـــی (دوو)ی بەپێی سەلیقەی زمانـــی گوردی بەکار نەهێناوە) ... وا دیارە کاك ڕەئـــووف زۆر بایەخ بەم (دوو)یـــە دەدات . تەنانەت کتێبێکـــی (٢٤٤) لاپەڕەیی لەسەر دانـــاوە . ئەو ئەنجامەی کە ئـــەو بـــە (٢٤٤) لاپەڕە نەیتوانیـــوە بیگاتێ ، من بە یـــــەك لاپەڕە پلانەگەی دەخەمـــە بەردەست خـــوێنەران بـــا بەراوووردی بکەن .

ڕبزە دەنگی (دوو) تەمسیلی چەند (مۆرفیمێك) دەکـــات لە زمانی کوردیدا واتـــا (هۆمۆفونی) ژمارەیێـــك ریزە دەنگی (دوو) تەمسیلی چەند (مۆرفیمێك) دەکات لە زمانی کوردیدا واتـــا (هۆمۆفونی) ژمارەیێـــك (مۆرفیم)ە . دەورەکانیشـــی چوارچێوەی مۆرفۆلۆجی‌یەوە

أ ـ (دوو) لەو کۆمەڵـــە باشگرانەیە کە بە پاشگـــری ئیشتیقاقـــی (دیفیزینـــەل سەفێکس) ناو دەبرێـــن . دەچنە سەر ڕەگ‌و نـــاوی فرمان بۆ دروستکردنی فرمان‌و ناوی تازەی خاوەن مانـــای تازە « ئەمە چەمکـــی دوبارەکردنیش دەگرێتەوە » :

خواردن ـ خواردنەوە
کردن ـ کردنـــەوە
نووستن ـ نووستنەوە ..
... هتد .

ب ـ وەك پاشگـــرێ دەردەکەوێ لەگەڵ ئەو نـــاوو ئـــەدفێـــربازەی دوای پریپۆزیشنی (لە) دێـــن‌و چەمکی «ئەبلەتیف‌کێیس » دەگەیەنێ : ـ

لە هەولێرەوە
لە پارەوە .... هتد .

جـ ـ وەك پاشگرێ لەگەڵ ئـــەو ناوانـــەی دوای پریپۆزیشنی (بە) دێن لەگەڵ فرمانی (نووسان) ، بەستن .... هتد) و چەمکـــی « دارتیتیـــف‌کێیس » دەگەیەنێ :

بەمنەوە نووساوە
بەتۆوە بەســـــتراوە
.....هتد .

ح ـ لەگەڵ هەنـــدێ ناوا دەردەکەوێ بێ ئەوەی هیـــچ دەورێکی ڕێزمانی بدرێتـــە پاڵ . لەوانەیە هەر دەورێکی فۆنۆلۆجی‌ی هەبـــێ وەك مۆرفیمێکی بۆش «ئیمپتـــی مۆرفیم » دەرکەوێ . لـــەم شوێنانەدا (هەچ ریزە دەنگێ نەتوانرێ دەورێکی ڕێزمانی‌ی بدرێتە پاڵ ئەبـــێ لە ڕووی فۆنۆلۆجـــی‌یەوە لـــێ‌ی بکۆڵرێتەوە) .

لە (ماڵەوە)م .
ئەچم بۆ (ماڵەوە)
(ماڵەوە) خۆشە ...هتد.

ئەم ریزە دەنگە بە هەموو یا بەشێك بەم ئەرکانـــەوە لە شێوە جیاوازەکانی کوردیدا دەردەکەون .

ئەو (بیئە) فۆنۆلۆجی‌یە جیاوازانـــەی تیایانـــدا دەردەکەون شـــێوەی جیاوازی‌ی وەك (دوو ـ وە ـ یەوە)ی پێ دەبەخشـــن . هەر شێوەیێك یاســـای فۆنۆلۆجی‌ی تایبەتی بەخۆی هەیە لەناو چوارچێوەی یاسا گشتی‌یەکانی زمانەکەدا . بە دەستنیشان‌کردنی ئـــەم یاسایانە قاڵب‌و جـــۆری دەرکەوتنی ئەم (دوو) لە بیئە جیاوازەکانا دەستنیشـــان دەکرێت .

٣ ـ ڕەخنەگر لیستەیێکی یەگجار درێژی (بە جـــۆرەی قەوارەی ووتارەکەم)پێشکەش کردووە گوایا ئەو دەربڕینانە هەموو هەڵەن ، بەپـــێ‌ی لێکدانـــەوەی خـــۆی (ڕاستی‌یەکانی) خستۆتـــە ڕوو .

بەشێ لەمانە هەڵـــەی چاپن . بەشێکی تری هـــۆی پێك نەهاتنە لەسەر جـــۆری ئیملا . بە وێنە ، گـــەر سەیری بەرهەمـــی دوو زمانەوان یا دوو نووســـەر بکەین‌و بەراوورد لـــە نێوانیاندا بکەین ، ئەوە بـــە هیچ جۆرێك ، لە ڕووی ئیملا (سەرتاپا) یەك ناگرنەوەو جیاوازی ـ کەم یا زۆر ـ لە نێوانیاندا بەدی دەکرێ .

بۆ زیاتر نزیك بوونـــەوە دەڵێم : لە ووتارەکەی خۆم‌و خۆیدا ، من نووسیومـــە (پێویستی) ، کەچی ئـــەو بە هەڵـــەی زانیـــوەو (پێ‌ویستی) بە ڕاســـت زانیـــوەو ئاواشـــی (ڕاست‌کردۆتەوە) .

لەپاشان ، لە هەنـــدێ شوێن ، چونکە لە مـــانای ووشەکە یان ڕستەکە یـــان دەستە ڕستەکە نەگەیشتووە، چووە بە (چێژی) خـــۆی دایڕشتوونـــەتەوە یـــان گۆڕانکاری‌و زیادو کەمـــی بەسەریاندا کردووە . بەوێنە، لە ووتارەکەمدا (لاپـــەڕە شەش ـ ستوونـــی دوو ـ دێڕی پێنجەم) ، مەبەستی من لە شوێنەکەدا« ئادەمیزاد» بوو ، کەچی ئەو (بێ ئەوەی قووڵ سەرنجی بداتێ) چووە بە هەڵەی داناوەو (ئادەم)ی لە جێگـــای دانـــاوە !! . هەروەها ، من لە (لاپەڕە حەفت ـ ستوونی دوو ـ دێـــڕی شەش)دا نووسیومە : «ئەم تیوورە، ئالۆزی بە ئالۆزی‌یەوە شی‌کردووەتەوە »ی بـــە « بەئالۆزیـــی‌وە ـ واتا (یە)ـ »ی بەسەر من داداوەو وەك ـ زوربەی ووشەکانـــی تر ـ بەهەڵەی گواستووەتەوە ، لە ماناکەشی نەگەیشتووە، بۆیە ئاوا « ئەم تیـــوورە ، ئالۆزی شی‌کردوەتەوە »ی « بەڕاستی » لەژێر ستوونی « ڕاست‌کردنەوەیـــان » داناوە !!.

یاخود ، من لە «لاپـــەڕە حەفت ـ ســـتوونی دوو ـ دێڕی ٩٤ »دا نووسیومـــە « کردبووایە » ، ئـــەو ، بە هەڵەی گواستووەتـــەوە ، بەوەی گوایـــە نووســـەر نووسیویەتی «کردبووایـــە ـ واتە بە سێ واو ـ » بـــە هەڵەشـــی داناوە .. ڕاستییەکەشی ئاوا نووسیوە « بە شێوەی بابان : بکردایە، بە شێوەی سۆران: کردبایە»، بێ ئەوەی قووڵ سەرنـــج بداتە مانای ڕستەکە کارەکە کاری ناتەواوی ئینشائی‌یە یان کاری دووری ئینشائی‌یە. ئەوەی زیاتر سەرنـــج ڕادەکێشێ یان لـــێ‌ی دوور بێت بە «ناوچەیی» داوەتـــە قەڵەم !! . زمانەوان کاتێـــك دەتوانێ بڵێ ئەم ووشەیـــەو ئەو ووشەیە ناوەچەیین کـــە خۆی شارەزای هەموو کون‌و کەلەبەرێکی شێوەو نیمچە شێوەکانی زمان بێـــت . زۆر سوپاسی ڕەخنەگر دەکـــەم، گەر بتوانێ یەك ووشە لـــە زمانا دەستنیشان بکات کە ناوچەیی نەبووبـــێ . ئەبوو وەك (زمانەوانێ) دەرکـــی ئەم لایەنانەی بکردایەو بـــە چاوێکی کراوەتر ســـەیری بکردایە . دوا گوتەم : بـــا نیازپاکانە بڕەتێین‌و لـــە ئاقاری دروستدا ، دڵگوشاد بین .

هەڵبژاردەلە ئەدەبی جەنگ

ـ ئاوات حسێن ـ

عیراقییەکان لێرەدان
پیاوە بەنمەکەکان لێرەدان
لێرەدا :
یەزدان لە نێو دیدەکانا گەورەتر ئەبێت ..
عیراقییەکان لێرەدان
لێرەدا ، ساڵەکان بە یەك ئەگەنەوە
لێرەدا ، باپیرەکان هەڵئەستنەوە
(صلاح الدین‌و قەعقاع) لێرەدان
(مثنی‌و خولە)ش لە بەرەکانی جەنگدان
لێرەدا :
(ئیمامی عەلی) لە روباری گارۆن ئەپەڕێتەوە
عیراقییەکان لێرەدان
هەر ناو لەپێك :
گوڵێك‌و گوللەیەك‌و ئالایەکی بەرزی تێدایە ..
عیراقییەکان لێرەدان :
بێ ئارام هێرشـــ ئەهێنن
لە نێو گشت گوڵێك‌و گوللەیەك‌و ئالایەکی سەربەرز دان .. !

نیشتمانی سەرکەوتنا وبەختیاری

ریبوارەکەم
ڕێبوارێکم
لەگەڵ سروەی بەرەبەیان
بۆ پێشەوە ڕۆڵەی ژیان
لەگەڵ تریفەی مانگە شەودا
ئاسۆ دەبێ ، گەش پڕشنگدا
تیشکی هەتاو
وەك گوڵی ئاو
ئەبێ ئەبێ عێراق لوتکەی گشت ولاتێ بـــێ
سینگ داستانـــی مەرگ‌و ژیانی ئاوانێ بـــێ
تا ئەو کاتەی بەرەو سەنگەر ئەچم بۆ جەنـــگ
خۆشەویستم لەگەڵما بە وەکـــو تفـــەنگ
نیازت وا بێ
بـــە هیوا بێ
ئەستیرەی عێراق بەرزە لە ئاسمان
لاپەڕەی مێژوو ، خاکی ئەم نیشتمانـــە
تێرە لە خوێنی گەشی لاوانـــە

شعری
سەربەست سابیر زەندی

هەڵبژاردەی ڕەخنەگر لە بەرەوەم «چەند تێبینییەك» دا

جەمال غەمبار

گومان ناکرێ لەو ڕاستی‌یەی کەدیاردە جۆراو جۆرەکانـــی ژیان هەردەم لەبەرەو پێشـــ چوونداو گۆڕانکاریـــی بەردەوام لەباوەشیان دەگرێ، ئەمە لەکاتێکدا سەرئەنجامی ئەو گۆڕانکاری‌و بەرەو پێشـــ چوونە کۆمەڵێك لق‌و پۆپـــی هەمە چەشنەی لێ‌دەبێتەوە.. ئەمەش خۆی لەخـــۆیدا خرۆشاندنی خاڵێکە باسێکـــی سەربەخۆی لێ دەکەوێتەوە .

لەپاشکۆی ڕۆژنامـــەی (العراق)ی ژمارە ٤٦ی نیسانی ١٩٨٢دا کورتە نووسینێکـــی کاك « عوسمان عبدالواحـــد خۆشناو »م خوێنـــدەوە ، دەربارەی بارو دۆخی ئەدەب‌و بەدیارخستنـــی ئـــەو کلاورۆژنەیەی کەپێویستە نووسەران لێیەوە بڕواننـــە ژیانی کۆمەڵ بەگشـــت لایەنەکانی‌یەوە .

جێگای مشت‌و مڕ نی‌یـــە کەسەرتاپا نووسینەکـــەی ناوبراو خستنە ڕووی چەنـــد خاڵێکی گرنگ بوو ، بـــەڵام بەشێوەیەکی کەم‌و کورت‌و نابەکام ، ئەمەشی دەیڵێـــم وەنەبێ حوکمدانێکی ڕەهـــاو سەرپێ‌یی بێت ، چونکـــە لەڕاستیدا تیشك هاویشتنـــە سەر ئەو بابەتە نووسینانەی کەبرای ناوبراو خۆی لەقەرەی داوە خـــۆی لەخـــۆیدا سەرنجدان‌و تێڕامانێکی قووڵی دەوێ ، تاکو سەرەنجـــام نووسینێکی بەپێزو کامڵ بێتە کایەوەو ئەوساش جۆرە قەناعەتێکی مەوزوعی لـــەلای خوێنەران دروست بکات .. نووسەر لەســـەرەتـــاوە ڕووبەڕووی قسەیەکـــی تەقلیدیمان دەکاتەوە ، کاتـــێ دەڵێ ئەدەب ئاوێنـــــەی ژیانی کۆمەڵە ... کەدەڵێـــم تەقلیدی وەنەبێ مەبەســـتم ئەوە بێ کە ئەم قسەیە لەجێ‌ی خۆیدا نی‌یـــەو کارەکـــە بەپێچەوانەوەیە ، بەڵکـــو من پێم وایە کاتێك ئـــەدەب بەو شێوەیە باس دەکەیـــن‌و لەچوارچێوەیەکی وەهادا کۆی دەکەینەوەو دەڵێین ئـــەدەب ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵە ،دەبێ ئەوەش دەستنیشان بکەیـــن کە نایا ئەم ئاوێنەیە تەنیـــا بۆپێچەوانە کردنەوەیەکـــی فۆتۆگرافی‌یانەی بێ ڕتوشـــ یان کەم ڕتوشی ئازارو ژان‌و خەونەکانی کۆمەڵە ، بـــان لەهەمان کاتیشدا (بەتایبەتی لەم چەرخەدا) گەڕانە بەشوێن سەرچاوەی ئەم خەون‌و ژان‌و خۆشی‌و ئازارانـــەداو دۆزینەوەی هاوکێشـــە بنچینەیی‌یەکانی گـــۆڕان‌و پێشکەوتن‌و پەرینەوەیە بـــۆ ئەوبەری خواست‌و هیواکانی کۆمەڵ‌و مرۆڤ ، بەو پێ‌یەی نووسەری هوشیار خـــاوەن تێڕوانینێکی ووردەو ئـــەو دیوی شتەکان تـــەی دەکات‌و دەبینێ ... ئەمە ئەگـــەر بێت‌و ئەو حسابەش بکەیـــن کە نەك تەنیا ئەرکـــی سەرشانی نووسەرە بەڵکـــو پێویستی‌یەکی گـــەورەی سەرشانی گشت مرۆڤێکـــی هوشیاریشە لەئەمڕۆی دوایی دوایی چەرخی بیستەمدا کـــە کێشەی ئێستاکەی کۆمـــەڵ «تەنیا لەخالی شیکردنـــەوەدا کۆنەکاتـــــەوە بەڵکـــو گۆڕانێکیش بهێنێتە کایەوە»، نووسەر دێت چەند خاڵێـــك دەخاتە پێش چاو بەمەبەستی ڕەچاو کردنیان‌و پشـــت‌گوێ نەخستنیـــان ، تاکـــو بەهۆیانەوە ئەو ئامانجـــە بێتە دی کەئەدەب هـــۆو ڕێگایەکە لەو هۆو ڕێگایانەی کەبارو دۆخی هێنانـــەدیی ئامانجەکە دەخوڵقێـــنن . ئەو خاڵانەی بەرچـــاوی خستوون بڕێکیان لەجـــێ‌ی خۆیاندان‌و شایانی ،باسکردنن ، وەکو شارەزابوونـــی زمان‌و ئەرکـــی دەزگـــا ڕۆشنبیری‌یەکان لەپەرەپێدانی زمان‌و ئەدەبی میللەتەکەماندا‌و هەروەها خوڵقاندنـــی جوڵانەوەیەکی ڕۆشنبیریـــی بناغەدار لەڕێگەی چـــاپ‌و بڵاوکردنەوەی نامیلکـــەو سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدەبی .

لەگەڵ ئەمانەدا ، یەك دوو خاڵی تێدایە کەشایانـــی تێڕامان‌و لێ ووردبوونەوەیە ـ کی قووڵن .. نووســـەر دێ‌و دەیەوێ چەندکێشـــەو قاڵبێك بخاتە بەردەمـــی شاعیرو نووسەران‌و بەکورتی‌و بەکوردی بڵێ وا بنووســـن‌و وا مەنووسن .. پێم وایـــە ئێمە لاریمان لەوە نی‌یـــە کەڕەخنەگرێکی شارەـــزاو بەسەلیقە کاتێ لـــەبواری هەڵسەنگاندن‌و لەتەرازوو ـ دانێکی مەوزوعی‌یانەی ئـــەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە لـــە قۆناغێکدا دەنووسرێـــن ، دەشێ بێت‌و لەڕێگـــای شێوازێکی ئەدەبییانـــەو ڕەچاوکردنی مەرجەکانـــی لێکۆڵینەوەو ڕەخنە سازبـــدا ئەوە دەستنیشان بکـــات کەئەرکی نووسەران چی‌یـــەو چی‌نی‌یە .. ! نەك بەو شـــێوە ڕاستەوخۆو ڕاگوزەری‌یـــە بێت وجاڵێ وا بنووســـن‌و وا مەنووسن ! ئەمە ســـەرباری ئەوەی‌کەهاڵێکی زۆر گرنگ لەم بوارەدا خۆی قوت دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئـــەو پەرەسەندن‌و گۆڕانکاریانەی کەئەمڕۆکە بارو دۆخـــی جیهان بەگشتی بەخۆیـــەوە دەیبینێ ، ئیتر چ لەبـــارەی کۆمەڵایەتییەوە بێت یـــان ئابووری یان ڕامیاری یـــان هەر لایەنێکی دیکەوە بێت ، کەبێگومان کۆمەڵگای ئێمەش وەك بەشێك لەمرۆڤایەتـــی بێ‌بەش نی‌یەو ئەمڕۆکـــە کاروبارو خۆشـــی‌و ئازارو ئەمرکە ڕۆژانەکـــان سیماو ناوەرۆکێکی تریان لەخـــۆ گرتووەو هـــەر ئـــەو گۆڕانکاریانەی ئەمڕۆکـــە ڕوو دەدەن وا لەمرۆڤ دەکەن کەدیاردەکان بەجۆرێکـــی جیاواز لەدوێنێ هەڵبسەنگێنێ ، ئیتر چ پێویست بـــەوە دەکات ئێمە بەو شـــێوازە ڕاستەوخۆو لابەلایی‌یـــە بەنووسەرێك یان شاعیرێـــك بڵێین وا بنووســـەو وا مەنووسە . کەسەرەنجـــام ڕاستە ڕێ‌یەکی میکانیکـــی لەبەردەم نووســـەر یان شاعیردا دەخوڵقێنێ !

کاتێك شاعیر ، یـــان نووسەر دەگاتە پلەو ئاستێکی تایبەتیی وەها لەبـــواری تاقیکردنـــەوەو بەهرەی نووسینیدا ، ئەو کاتـــە خۆی هەست بەوە دەکـــات کەچی دەنووسێ وبۆکـــێ دەنووسێت ! ئەوەشـــی دەینووسێ ئەگەر بەپێچەوانەی خواستی جەماوەرەوە بێت‌و دوور بێت لەوانەوە ، ئـــەوە مێژوو لەوسەرەوە حسابـــی خۆی لەگەڵ دەکات‌و ئەوساش مەسەلەکە بەبارێکی تـــردا دەکەوێتەوە !

لەلایەکی ترەوە بـــرای نووسەر کاتێ لەچۆنێتـــی نووسین دەدوێ ، دەڵێـــت : (مەبەستەکەیان ئاشـــرا بێت) یان ، (بەشێوەیەکی وا بنووسرێ زۆربەی گەل.. ... لەمەبەستەکەی حاڵـــی بن) .

دەبێ مەبەستی ئەم برایە لەم (ئاشکرایی نووسینە) چی بێت ؟ ئایا دەبێ ئەوە بێـــت کەشاعیرێك لەکاتی شـــیعر نووسیندا هەروا ڕاپـــۆرت ئاسا ووشەکان بهێنێـــت‌و ڕیزی یکات یان سیمایەکـــی دروشم‌کارانە بداتـــــە شیعرەکەی ؟!

لێرەوەو لەئەنجامـــی ئەو کەم‌و کورتی‌و سەرپێ‌یی نووسینەیەوە گەلێك شتـــی تێکەڵی یەکتری کـــردووە ، نەهاتووە کاڵاو بەرگێکـــی مەوزوعی‌و زانستی‌یانە ببڕێ بەبەر ئـــەم یـــــەك دوو تێبینی‌یەدا ، دەبوو مەسەلەی (تەم‌و مژ لەنووســـیدا)و (مەبەست ئاشـــکرایی)و چۆنێتی نووسین ،(شـــیعر بێت ، یانچیـــرۆك یـــان لێکۆڵینەوە) بەتـــەواوی شی‌بکاتەوە . چونکە ئەمەی نووسەر بەرچاوی خستووە جۆرێکە لەسەرپێ‌یـــی‌و پەلەکردن لەنووسیندا ، یـــان وەکی دی لەکۆمەڵێك قسەی لابەلایی دەچێت کە دوو کەس لەدانیشتنێکی ئاساییـــدا بیکەن .. کاری نووســـین‌و مەرجەکانی نووسینـــی سەرکەوتووی وەها کە هـــەر شتە لەجێگەی خۆیدا دابنێ‌و مەلسەنگێنێ ، هێندە سانـــا نین تاکو بـــەو جـــۆرە ڕاگوزاری‌یە بەلایاندا تێپەڕ بکەین ..

سیتافکەکا بێ خودان

فی دەمی .. نێزیـــك ئێڤارقە ، رونامی گاف ـ گاف ژبەر تاریێ دەرەفیـــت . بازارو جادەو کـــولان ژ وەستـــانا کـــارێ ڕۆژێ بێناخو فەدەدەن‌و دنڤن .. ژ مال دەرکەت سەرگـــەردان و خو هندی ئێك دهاڤێتـــن دابێژی یێ‌جادێ دپێڤیت .

جگارەك ئینـــــا دەرو بەردایێ فرەك لێدا دویکێلەك ژ دەفی دەرکەت ژ هزرێـــت وی شێلوی تر ..

هندەك ئاخفتن دبـــن لێڤیت خو فەدگوتن وەکـــی دویکێلا جگارا وی بـــەرق نەماتێ دچون . هەمـــی ئاخفتنێك وی دهوساتـــە ، دڤیت جارەکێ پەیڤەکا نەمـــر ژ دەفی دەرکەڤیت ، بەلـــێ بەلێ وێڤە ژ کیڤە. پێژنـــەك د دویڤرا دمات ب لڤینەکـــا بێ‌دەستی ل سەر ملێ خـــو زفری ، ژچاڤێت خو بـــاوەر نەکر کاچی‌یە دبینیـــت .. سەرو چاڤا .. ژبیر ـ کـــر شەپرزە ، خوینێ هەڵاڤێتـــە جارەکا دی بەرێ دمەلبـــون بەلێ دەمێ فی دێمی دبینیت پێدفی جو روناهی‌یا نینـــە کو بنیاسیت . دێمەکـــێ خرو سپی ، بەژنەکا زراڤ‌و بلند دژێ شزدە هەڤـــدە سالیدا .. پێدفی نەبـــو هزرێت خو بکەت کانێ کەنگی بو دەماجارا ئێکێ دیتـــی‌و چەوا تیرۆژکا چاڤێـــت وێ جهێ خو ددلێ ویدا کر .. هەر هینگێ هەست پێ‌کـــر کو تشتەکێ نەدیار هـــەر دوکا پێکڤە گـــرێ ددەت و بلی رێکا خاندگەهێ .

ل دور خو زفری کەســـ ژ خو پێڤە نەدیت . بەژتـــا وێ ما لپێش چاڤا هـــەر ئەو چاڤن ئەوێت جار ـ جار ئافری ژێ د دزین ، هـــەر ئەو دێمە ئەوێ گافا چاڤێت وی ڤێکەتن دل‌و هنا ڤێـــت وی دکوزراندن ؟ نیت هەژی ئەو لێڤێت تەرو نازکـــن ئەوێت وی مەیامی هەمیـــێ ل هیڤێ بو پەیڤەك د سەرا بهێت ـ هەرچەند پەیڤەکـــا بـــتنێ ژی بو ـ پەلـــێ ژیا . وێ یا تەحل تـــاری هەمی دئینا .

پێت خو سڤك کـــرن دجادێدا چو خارێ ل سەرملی خو ژ فری وا هەچو لێ فـــێ شەڤێ بـــننێ دێ کیڤەچیت ، جادەو کولانا خەلکـــێ داعویرای ، جادا تـــاری دو ـ سێ مروف یێ لـــێ دچن ئەوژی یێ قەستا مـــال دکەن . چەند پێنگا فەکـــا د دویڤرا چو ل سەرێ کولانێ ز فری ، بەرزە یو .. عەرد کەلاشت‌و چو تێدا .

« تە چی‌یە ؟ وەکـــی سەرخوشا فێ شەڤێ ل فان کولازا . دهێ‌و دچی .. تـــو ل چ د گەرهی ؟ »

ئەڤ ئاخفتنە ژ (زێرەڤانێ شەڤێ) گولێ بو ، بە ترسان‌و نە ل سەرخو :

ـ چـــ .. نە ، چنە : ریا مال‌گرت ، جگارەك دی بێ خودان دگەرهم »

ئینا دەر دبەر یکێت خـــو خەبتی شخاتەك ژێ ئینـــا دەر بەلێ وێ ژی بەختـــێ خولێ خراپ کر ، ژکـــەل ئەو ژی د عەردی وەرکر :

ـ ئەڤە چیە ، ئەڤروکـــە هەمی تشتێ بەرو فاژی‌یە .

سەرێ خو بلند کـــر چاڤێت وی ڤ ستێرا کەتن ، سەرێ خو بو هەردو رەخـــا زفراند ، دەنگەکـــێ نـــزم‌و بگازندەڤە ژ ناڤ خویا تیاوی هات :

« تو بوچی لێ دگەڕ هی .. ماپەیینی دێ چ کـــەی ؟ ماهەر ئەو نەبو دەما تـــو نێزیك دبوی ئەژمانی تـــە نەدگەریا پەیڤەك ژدەڤێ تـــە نەدەردکەت ؟ ! »

دناڤ گەرماتی‌یا ئاخفتـــێ ئێکی ژوان دگوت :

« وەکی سیتافکێ نە ، بەرێ خو بدێ دێ ل‌بەری تە چیت.. پشتا خـــو بـــدێ دێ د دویڤتەڕا هێت » .

نێزیك مال هنـــدەك ترمبێل دهاتـــن‌و دچـــون رونامێت وان دهەلبـــون ، ڤیزیەك ژ هنافێـــت وان دەردکەت هەر وەکی ئـــەو ژی ژڤێ ژیانێ نـــەدرازی . ل بەر روناهی‌یا چافکێـــت ترمبێلەکێ دو مروف پێشـــ چاڤا کەتن ، دلێ وی خـــاڤ بو تەژنك بـــسەر لەشـــدا هاتن هەروەکی جەڕەکـــێ ئاڤا تەزی بـــسەریدا کری .. « ژ کەنگی وەرە ئەڤـــە بویە ؟!

ئەزێ ل دویڤ سیتافکەکا ریا مال‌گرت ، جگارەك دی بێ خودان دگەرهم »

ـ جەلال مصطفی ـ دهۆك

Institut Kurde de Paris

سرڤانتیس

دا بی تۆری ئیسپانی

د. بدرخان سندی

سرڤانتیس ئالایەکێ بلند ل ئاسمانێ تورێ ئسپانی ئو ناڤەکێ گەشە ل بازارێ تورەڤانی‌یا جیهانی ئو ئەو بی خودانێ جیروکا بناڤ‌ودەنگ ((دون کیشوت)) نەو جیروکا ژ پیستێ ئسپانیایی هەزمار لێهات ئو پیستەکێ جیهانی‌ی هەزن کرە بەرخو ، ئو هەتا ئەو زی پیروتەکا ، - ئێدانەیە د ئێکەکرنا توفێ فەلسەفی دتەل توشێ گومیدی .

لوکا فی تورەڤانی ل ئسپانیایێ دهێتە تەمەت لوکا یوریبیدیی ئو ایشیلی ل تورێ رومنی‌دا ئو تەمەت شەکسپیری ل تورێ ئنگلیزی‌دا ئو تەمەت مولیری ل تورێ فرەنسی‌دا .. ئوهەر وەسا ئەو ژ هوزانڤانێ ئسپانی دی‌ڤیکا مەزنترە چونکی هەر وەکی مەگوتێ بەرهەمێ فێ تورەڤانی کراسەکێ جیهانی کرەبەرخو . براستی ژیانا فی تورەڤانی ژیانەکا سەیرو تێکەلاف بی ژ گەلەك رەنگان و رویدانا .. وی گەلەك کارێن کری ئوهەر وەسا گەلەك هەلوێستێن گران یێ دیتی هندە جارا گارێ لەشکریی‌یێ وێ‌کری ئو وەکی لەشکەرکی زیرەك هانە ناسرن ، ئو هندە جارا گەمی‌دان‌بیە . گەمی‌ڤانەکێ نەترس ئو هندە جارا ژی وێ‌گەتی زیندانێ ناری ئو براڤیا رەڤێ کریە .. ئو هندە جارا ژی کرین وفروتن دکر وەکی تجارەکێ هێمن و بێ‌زیان .. ئو هندە جارا ژی وی کەشتەڤانی دکر ئو دگەرها ... ئو هندە جارا ژی دەست بنڤێسینا دکر .. جیروك دنڤیسین یان ژی هوزان دڤەهاند .. ژیانا فی تورەڤانی ژیانەکا تەحل وپر نەخوش بیە ئوقەدرێ وی نەهاتە ناسینێ هەتا گەهشتی‌یە عەمرێ پیراتی‌یێ ..

نافێ‌وی میکویل دی سیرڤانتیس سافدرا بی ژبنە مالەکێ میرابی ل جەرخێ شازدێ مالاوان هاتە هەریما اشبیلیایێ ئو تولەیتولایێ ل هەیڤا دەهی ژ سالا ١٥٤٧ی هاتەسەر دونیایێ .. ل عەمرێ مەکتەبێ دەیك‌وبابێن وی هنارتن مەدریدێ پای‌تەختێ اسپانیایێ دا بخو فێری کارەکێ ببتن چونکی هەرچەند ژبنەمالەکێ مەزن‌بین ومیربین لێ دبەلەنگازبین .. وی چەند سالەکا ل مەدریدێ خواند نافێ سەیدایێ وی وی جوان دی‌هویس بی ئەفی سەیدایی دەرسێن ئەزمانی وتوری‌ددا سیرڤانتیس .. ئو ل بەرهەمێ ڤی سەیدایێ ب بونا مرنا پادیشاها «

«اسپانیایێ وی نافێ شاگردێ خو سیرڤانتیس کر دبێژت « ئێك ژ سرودێن ئی بەرهەمی ببونا مرنا پادیشاها اسپانیایێ شاگردێ‌من یێ‌خوشتڤی سێرڤانتیسی وێ ڤەهاندیی»، بەلێ هینگێ کەسێ پویتە بفی شاگردی نەکر .. ل سالا ١٥٦٩ی سێرڤانتیسی دگەل کاردنیالی ژ مەدریدێ چو رومایێ ئو بوسالەکێ دخزمەتا کاردنیالی‌دا ما بەلی ژیانا کەنیسێ نە بدلی ڤی‌تورەڤانی‌بی .. راستە ژبان ژیانەکا خوش وبی ئاستەنگ‌بی دکەنیسی‌دا ئو ژ گیروگرفتێن بەلەنگازیی‌ی ودەست‌کورتی‌ی دویر بی بەلی وەکی مروڤەکێ هوزانڤان وتورە ڤان حەژ ئاکنجی‌یی نەدکر ئینا ژ خزمەتا کەنیسێ وکاردینالی دەرکەت ، هینگێ اسپانیایێ پەیمانەك دگەل حوکمەتا پاپای ل رومایێ ئو ڤینسیایێ گرێدابی دژ هیزێن دەریایێن تورکان (عوسمانیا) داکو وان هێزا ژ رەخێ رۆژئاڤا دەریایێ سپی دەرێخن ، ئو سێرڤانتیسی دبن ئالایێ هێزا پاپایێ رومایێ ئەوا کو دبن سەرۆئاتی‌یا جنرال کلونا بی هێرش برنەسەر عوسمانی‌یا ئو نافێ وی‌شەری شەرێ «لبانتو »بی ، سێرڤانتیس دوی شەری‌دا برندار بی ئو زیان کەتە دەستێ وی یێ چەبێ ئو بدەستەکێ ما .. بەلێ سیرڤانتیسی دبێژت .. «راستە دەستێ‌من چو بەلی ئەز یێ کەیف‌خوشم چونکی بوجارا ئێکێ من دشەری دا خو دیت کو ئەز یێ کارەکێ گرنك دکم .. کارەکێ ب بەرهەم .. کارەکێ پر ژئاڤ‌رویی (شرف) .. » سێرڤانتیسی لەشکری نەهێلات چونکی وی گەلەك حەژ ژیانا لەشکریاتی‌یێ دکر ئوخەبات ونێکوشان ژ بو وەلاتێ خو، ئو لسالا ١٥٧٥ی سێرڤانتیس دگەمی‌یەکی‌دابی ل ناڤ دەریای سپی وقەستا اسپانیایێ دکر وی ئولەشکرێن دگەل‌دا لێ نەگەهشتە اسپانیایێ چونکی گەمی‌یەك ژ گەمی‌ێن دەریادزا (قراصنە) هێرشی برنە سەر سێرڤانتیسی وهەڤالێن‌وی ئو ئێخسیرکرن .. ئەو دەریادز خەلکێ وەلاتێ مەغرب بین لەو سێرڤانتیسی ب ئێخسیری برنە وەلاتێ جزائر .. لوێرێ کەتە دبن بەندی‌یا دەریادزەکێ البانی (خەلکێ البانیایێ) نافێ وی دالی‌مامی‌بی ئو ئەفی گەلەك حالێ سێرڤانتیسی نەخوش‌کر چونکی سێرڤانتیس گەلەك جارا بزاڤا رەڤینێ‌دکر .. ئوبراستێ بزاڤێ‌وی یێن رەڤینێ چیروکن .. بەلێ دویماهی ژی نەشیا برەڤت ئو هەتا سالا ١٥٨١ی بەردان پشتی کو مروڤێن‌وی پارە پێش سەرێ‌وی‌ڤە هنارتین .. وەسا ئەڤ مروڤێ‌هە نێزیك دەهـ سالا ژعەمرێ‌خو بلەشکریاتی‌یێ ئو ئێخسیریانی‌یێ وێ بری بەری کو نافێ‌وێ بتروڤانی‌یێ بچت .. ئو دەمێ سێرڤانتیسی ژ زیندانێ دەرکەتی عەمرێ‌وی ٣٤ سال بی .

هینگێ وی بریارا ژیانا تورەڤانی‌یێ ونڤیسینێ‌کر ئوبدلەکێ پرئومید وگەشە دەست بنڤێسینی‌کر ئو ئێکەم بەرهەمێ ڤی تورەڤانی پشتی ئازاد یونا‌وی ژ ئێخسیریاتی‌یێ چیروکەك- ببی نافێ وێ « جالاتیا »بی .. راستە ئەڤ چیروکە ناگەهتە لوکا جیروکا « دون‌کیشوت »ی ئەوا کو سێرڤانتیسی پشتی هینگێ نڤێس ، بەلێ بێ‌گومان ژی جیروکا « جالاتیا »یێ چیروکە بنرخ‌بی جوانی وهزرو خەیالەکا دمولەمەند تێدا دیار دبت ... پشتی چاپ‌کرنا ڤێ چیروکێ بدەمەکێ کورت ئەڤی تورەڤانی ژن‌هینات ئونافێ ژناوی « دونا کاتیلانا فوزیدیانو »بی .. ژناوی هندەپارە هەبین .. ئو حالی سێرڤانتیس پیچەکی خوشتر لێهات بەلێ هند پێ نەچو وسێرڤانتیسێ ئەو پارە ژی پیچ‌کرن ئو زفرێڤە حالێ پەلەنگازی‌یێ .. پشتی هینگی ئەڤی نڤیسڤانێ دەست‌بنڤێسینا چیروکێن شانوی‌کر .. بەلێ بەلێ سێرڤانتیسی دڤی رەنگی‌دا ژ نڤێسینێ بسەرنەکەت چونکی هینگێ چیروکێن شانوی‌نە هند برەواج‌بین ، ئووی بخو ژی ددلی کویردا هند حەژ رەنگی باو (الاسلوب الشائع)یێ وی دەمی دنڤیسینێت شانوا نەدکر .. لەو وی‌نڤیسینا جیروکێن شانوی هیلات ئو سالا ١٥٨٨ی چو اشبیلیایێ لوێرێ دەست بکارێ ئابوری‌یێ وکرین‌فروتناکر دگەل هندە مروڤێن‌خو یێن دەولەمەند .. ئو پشکا بێت ئەم دێ‌بەحسی جیروکاوی یا بناڤ‌ودەنگ دونکیشوت کین .

چیرۆك ئەدەبی گەلەکەوە

پیکارەکە

دکتۆر . هیوا عمر احمد
لە ئینگلیزی‌یەوە کردویەتی بە کوردی

مۆسیقا ژەنەگەنجەکە ، چاوە تێرەکانی بریبووە دووری‌یەکەی بەردەمی‌و لە بەرخۆیەوە ئەیووت :

- (تا ئەمەیە ، کە ئەمەوێ بە مۆسیقا دەری ببرم)

بە برتەوبژلەوە ، کەوتە بریتی ڕێگای شارەکە ، کە لە گوڕپسێکی خاکی ئەچوو . قەراغی ڕێگاکە بە کژمەلە بەرد تەنرابوو . شارەکە لە دوورەوە وا دەرئەکەوت ئەتوت ئاگر ویرانی کردەوە . ئاسمانە سوربباوەکەی دەمی زەردەپەڕ بووبووە تەختی ئەو تابلۆیەی ، سوچی هەورە ڕەشەکانو بڕسکانەوەی خاچو قولەو هەوا پێوەکانو لچکی خانووە حوچەکان دروستیان کردبوو . لێرەو لەوێ پەنجەرەکان کە لە دەمی برینی ئاوەڵا ئەچوون ، وەکو پارچە کانزا ئەبریسکانەوە .

درەختی گەورەو بێ‌جولە لە سەر هەردوو لای ڕێگاکە وەکو مەشخەل قیت بووبوونەونەوە، هەور ئاسمانی داپۆشیبوو ، ئەستێرەکانی شاردبووەوە . لەو ئێوارە درەنگو هێمنەدا تەنیا دەنگی هەنگاوەکانی ئەم گەنجە ئەهاتە گوێ . شەوەکە لەگەل ڕەوتی لاوەکەدا کەوتبووە پێش بڕکێ کردن . بە تاریکی‌یە چڕەکەی خانووە سورو سپی‌یە بلاوەکانی لە ئامێز گرتبوو . ئەتووت جیهان لەو تاریکستانی‌یەدا تواوەتەوە ، دوکەل‌کێشو درەختی باغچەکانی سەر گردەکە دوور لە یەك ئەبیتران . گەنجەکە بێ‌دەنگ -و تەنیا ، هێدی هێدی ئەڕۆیشت‌و چاوی لە شارەکە نەنەتروکان ، وەکو شتێکی گرنگی پێ‌بێ‌و دانیشتوانی شارەکە لە زووەوە چاوەڕێی بکەن . ڕووناکی‌یە شیو زەردو سوورەکان بە درەوشانەوە پێشوازی‌یان ئەکرد .

لەگەل ئاوابوونی خۆرەکەدا ، شارەکە بچوکتر ئەبینرا . هەورەبان‌و هەواپێوو خاچی کڵێسەکان دیار نەمان لەوانەیە ئەو کەسەی بناغەی ئەم شارەی دانابێ‌و ، ئێستا پاڵی حەسانەوەی لێ‌دابێتەوە ، یان هەر زوو پەکی کەوتبێ‌و وازی لێ‌هێنابێ یان باوەڕی شانازی‌یەوە خۆی بۆ خۆر بنوێنێ .

تا ئەهات تاریکستانی‌یەکە چڕتر ئەبوو . کوڕەکە وەستاو ئاوڕێکی دایەوەو بە چاوە نەترسەکانی لە دوری‌یەکە ڕاما .

(چ نهێنی‌یەکی تیا پەنهان کراوە ؟!)

ئەووت :

بە خەفەتباری‌و ژانباری‌یەوە بڕی‌و خۆی بڕازێنێتەوەو بە ڕوخابێ‌و بەو داخەوە مردبێ، بەڵام شارەکە ئەژی‌و ئەیەوێ **بگەرە ئەوانەی چاوە ڕوانتن .**

-(ڕۆژە دەستو بردت‌بێ،

مۆسیقا ژەنە گەنجە بەدەم زەردەخەنەیەکی سەر- قالی‌یەوە ، ووتی :

-(هەرگیز ئەمەم بە دەستەکانی لەیەك ئاڵاندو **مۆسیقا بۆ تۆمار ناکرێ)**

چاشماوە ... چاشماوە ... چاشماوە ...

بە سەرەکایەتی -چاشماوە

١ - صدام حسین سەرەك .
٢ - عزة ابراهیم خلیل جێگری سەرەك .
٣ - طه یاسین رەمەزان .
٤ - عدنان خیرالله .
٥ - سعدون شاکرمحمود .
٦ - طارق عزیز عیسی .
٧ - حسن علي نصارالعامري .
٨ - نعیم حمید حداد .
٩ - طه محی‌الدین‌معروف .

دووەم : ئەم گۆرانەدەستوریە لە ٢٨ حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢وە جێ‌بەجێ‌دەکرێ .

بەرەو کۆنگرەی -چاشماوە

٤ - دان‌پیانان بە یەکسانی گشت گەل‌و رەگەزێك بە گەورەو بچووکیانەوە .

٥ - وازهێنان لە کاری هێرش بردن‌و دەسدرێژی‌و بەکارهێنانی هێز .

هەروا ئەو کۆنگرەیە نارەزایی خۆی بەرامبەر بە دامەزرانی پەیمانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو پەیمانی بەغدا دەربڕی، کە لەو ساڵەدا سەریان هەڵدا .

لە ئەنجامی ئەم گۆڕانە سیاسی‌یە ، ئەم جوڵانەوەیە گەلێ لە سەرۆکی دەوڵەتانی سەربەخۆی بۆ لای خۆی ڕاکێشا .. گیانی ئەو کۆنگرەیەش - باندۆنگ - وای کرد کە هەموو لایەك لە دژی ئیمپریالیزم خەبات بکەن‌و تێکەڵاوی نێو کێشەی هێزە گەورەکان نەبن‌و لە پێناوی ئاشتیەکی بەردەوام تێ‌بکۆشن .. وردە وردەو ساڵ دوای ساڵیش ئەو جووڵانەوەیە بوو بە هێزێکی دیاری نێو دەوڵەتان‌و هاتە سەرشانۆی سیاسەتی نێو دەوڵەتانەوەو گەلان رویان تێ‌کرد ..

هەڵوێستی ئەو دوو هێزە گەورەیەش کە لە ململانەدا بوون ، بەرامبەر بەم جووڵانەوەیە و بەرامبەر بە دروشمەکانی ئەم جووڵانەوە یەواکەوتەوە

ئا - ئیمپریالیزم وای لە قەڵەمدا ، کە ئەو دەوڵەتانە بێ‌هێزن‌و پاشە کشەیان لە مەسئوولیەتیان کردوە .

ب - بەرەی سۆشیالیزمییش وای دایە قەڵەم کە ئەم جووڵانەوەیە جۆرە چەترێکەو ئەو دەوڵەتانەی کە سەر بە لەشکرگەی ئیمپریالیزم خۆیان لە ژێریا شاردۆتەوە . کەچی لە دوا ساڵی ١٩٥٥دا، وازیان لەم بیروڕایە هێناو لایەنگیری خۆیان بۆ ئەم جووڵانەوەیە دەربڕی ..

دارانەی ئەنجومەنی نیشتمانی کردوە ، ئەو تاقی کردنەوەیەی کە دەڵێ دانێکی دیموکراتیانەی سەرجەم بوو ڕێ‌ڕەوی حزب‌و شۆڕش‌و سەرکردایەتی پێ‌گەیشتوی تاقی کردنەوەکەو پەرەسەندنی ، دیسان باسی لە بایەخی پەرەپێدانی شێوازی ئەنجومەنی یاسا دانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان کردوە وەك کارێکی دیموکراتی کە تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی قوڵ کردەوە .

کونگرە لە ماوەی لێکۆڵینەوەی وردو قوڵی ڕاپۆرتی سیاسی‌دا پێ‌گەیشتوی ڕاپۆرتەکەی دووپات کردەوە کە لە لایەن سەرکردایەتیەوە ئامادە کرابوو بە شێوەیەکی وردو سەرجەم هەموو ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی لە تاقی کردنەوەی پێشبوی ئەم کونگرەیەدا گرتیوە خۆی‌و بە ئارایەکی بەعسیانەو بە ئەمانەتی مەزرەعیەوە سەلبیاتەکان‌و هەڵەکانی قۆناخی پێشوی دیاری کردبوو .

● جەنگ دژی دوژمنی ئیرانی

ڕاپۆرتە سیاسی‌یەکە بە شێوەی تایبەتی پێ‌ی لە سەر ئەو جەنگە نیشتمانی‌و نەتەوەیە داگرت کە گەلەکەمان دژی دوژمنایەتی ئێران‌و هاوپەیمانی زایونی‌و دوەلی دەیکات‌و لە پال نەوانەی کە لەگەڵیاندا دەوستن لەو خانانەی جنسیەی عەرەبیان هەڵگرتوە .

هەروەها ڕاپۆرتەکە بە لێکۆڵینەوەیەکی خەستی فیکری‌و سیاسی ئەقەللای ئەو لایەنە گومان لێ‌کراوانەی باس کردوە کە ئاین دەکەنە پەردەی رایی کردنی پیلان دژی نەتەوەی عەرەب‌و بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب‌و کاروبارو پەیوەندیەکانی نەتەوەیی‌و نێو دەوڵەتان .

باوەڕی پتەوی -چاشماوە

ولاتدا بەدی‌هاتووەو لە چارەسەری بە ئاشتی‌و کوردو بەو جۆرەی یەکیتی دیموکراتیانەی مەسەلەی نیشتمانی بۆتە راستیەکی چەسپاوو پتەوو ئۆتۆنۆمی گەلەکەمان لە ناوچەی کوردستان حالەتێکی رەسەن‌و داهینەرانەیە بەشداری لە دەوڵەمەند کردنی تاقی کردنەوەی نیشتمانی‌و قول کردنەوەی پەیوەندیەکانی یەکیتی نیشتمانیدا دەکات .

دیسان کونگرە باسی تاقی کردنەوەی نموونەیی لە ئەدەبی گەلەکەوە

هەی شیعری لاتگستۆن هەیوز

عوسمان شەیدا
کردویە بە کوردی

سەربەستی

هەندێ کەس باوەڕیان وایە
کە سەربەسنی دەسوتێنن
کاتێ کتێب دەسوتێنن
هەندێ کەس باوەڕیان وایە
کە سەر بەستی بەند دەکەن
کاتێ «نەهرۆ » بە دیل دەگرن
هەندێ کەس باوەڕیان وایە
کە سەربەستی دەکوژن
کاتێ پێست ڕەشێك دەکوژن
بەڵام سەربەستی بەرانبەر
ئەو مرۆڤانە دەوەستێ
بەڕویانا پێ‌دەکەنێ‌و .. هاوار دەکا :
کەس ناتوانێ من بکوژێ .

مرۆڤێکی سەربەست

دەتوانی ڕەشەبا بگری
دەتوانی کەشتی‌یەك بگری
وەلێ دایە ..
هەرگیزای هەرگیز ناتوانی
من ڕابگری .
دەتوانی کەروێشك کەوی کەی
دەتوانی ورچیش کەوی کەی
وەلێ دایە ..
من دیل بکەی !

ڕاکردن

پێ‌یەکانت لە ناو لیتەی ئەو زۆنگاوە سارده بنێ
هەنگاو بنێ‌و شوێن پێ‌کانت جێ‌مەهێڵە
دەخێرا کە ، ئەی هەڵاتووە ماندووەکە
سەگی ڕاو بە دواتەوەیە ..
« نا .. دەستم بۆ نەبردووە
ئافرەتی سپی بۆ من نین .»
دەخێراکە ، ئەی لاوی پێست ڕەش خێراکە !
با نەتگەنێ‌و بە دارێکا هەڵت‌واسن .

ڕەفسنجانی -چاشماوە

وتوبانە پێمان کە ئامانجی بنەڕەتی کارمان عیراق بێت هەروەها کاربەدەستانی لیبیاش وایان وت‌و ئەنجومەنی بەرگری بالاش هەر لەو باوەڕەدایە !)

ڕەفسنجانی پەردەی لە رووی بازرگانی کردنیش بەمەسەلەی ناردنی هیزەوە بۆ لوبنان لاداو وتی (ناردنی هیزی ئێران بۆ بەرەی لوبنان کارێکی گرانە) .

دەقی وتارەکەی -چاشماوە

عیراقی مەزن بەپێ‌ی بیروباوەڕی حزب‌و شۆڕش‌و بەرین‌کردنی بنکەی تێکۆشەرە بەعسی‌یەکان‌و قوول- کردنی وریایی‌و هەستکردنی گەل بە ئەرکە مێژوویەکانی‌و زیادکردنی سەبرو باوەڕی بە شۆڕش پاش ئەوەی لە پێناویا ولەپیناوی بیروباوەڕیا لە خوێنا قال بوو . بەم جۆرە ئەو قوربانی‌یانەی کە لەم شەڕە بەجەرگەدا پێشکەشمان کردوە بە نرخێکی کەم دەزانرێ ئەگەر بەراوردی بکەین بەو زیانەی کە تووشی عیراق‌و ڕەوتی شۆڕش دەبوو ئەگەر سەرمان بۆ ئەو باری خاوی‌و سەرشۆڕی‌و ورەبەردانە بنەواندایە .

ئەنجا پێشەوا صدام حسین لەکۆتایی وتارەکەیدا وتی :- هاوڕێیان .. من لەوانەم کەباوەڕیان بەوە هەیە کە ئادەمیزادی پڕ باوەڕ ، ئەوەی ویستی هۆشیارو پتەوی هەبێ دەتوانی هەموو ئەو ئیشانە بکا کە لە کاری خوا بەدەرن ، لەبەر ئەوە من لام وایە ئێمە بەیارمەتی خوا ئەزانین ئامانجەکانمان چین‌و دوژمنان یەك لە دوای‌یەك دەکەون‌و هەموو ئەو پیلانانەی دژی عیراق‌و ڕەوت ڕێك دەخرێن گۆڕ دەکرێن وەك هەموو پیلانە گۆڕکراوەکانی پێشووو گەلە مەزنەکەیشمان بە پێشەوایەتی حزبە تێکوشەرەکەمان لەم شەڕەدا سەردەکەوێ‌و لەشەڕەکانی لەمەودوایشدا لە پێناوی ژیانی تازەدا .. بەیارمەتی خوا .

لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتنتانم هەیە لە خەباتی شەرافەتمەندتانا لەوەدا کەدەوری مێژوویی خۆتان لەم کۆنگرەیەدا دەبینن . تکایش دەکەم‌و هیواداریشم کەدوای ئەم کۆنگرەیش هەریەکە لە شوێنی خۆیەوە لەسەر ئەرکە خەباتکارانەکانتان بڕۆن ، بە هێزو باوەڕو سەبرو گیانێکی پڕ بیروباوەڕی بەرزەوە .. خوا سەرتان بخاو سلاوی خواتان لەسەر بێ .

لەبەررووناکی - چاشماوە

ئێران کە صەفەوی‌یەکانو نادرشاو قاجاریەکانو لەدوای هەموشیان . بنەماڵەی پەهلەوی خەویان پێوەنەدی ، ئەم زیندوی کاتەوە بەڵام چونکی ئەوان بەناوی داگیرکەرەوە نەیان توانیوە ئەوکارەبکەن وەبەم ئاواتە بگەن ئەم بەناوی ئیسلامەوە لەم مەلە کەلك‌وەرگرێتو دەستی خۆی بوشێنێ جاتالەم ڕوانگەیەوە خومەینی بێ‌ئەوەی سەیری تەمەنی خۆی وەڕادەی زانیاریو ڕامیاری خۆی وەپلەی ئەمڕۆی ژیانی ناوگەلانی جیهانو ژیانی ناوچەکە بکات، تەماع بەرچاوی گرتبو وهیچی لێك نەئەدایەوە هەرچۆن‌بێت ئەم کارە منداڵانا نەیەی خومەینی عیراقی‌ناچارکرد کە بڕوا بەکژیا وەشەڕی لەخۆی دورخاتەوە تابەلکو چاوو دەمێك بکاتەوەو سەیرێکی دەورویشتی خۆی بکاتو بۆخۆی داساکێتو لەباتی شەڕفرۆشتن بەهاوسێیکی وەك‌عیراق ، بڕوات خەریکی چارەسەرکردنی بکۆڵێتەوە، ئەوداخوازی‌یانەی کەلەپێیناویانا سنگیان نابو بەگوللەوەو ڕژیمی شایان بۆڕوخاند ، بەپێچەوانەوە عێراقیك کەلەپێناوی دابین‌کردنی ئاسایش بۆگەلو وڵاتەکەی خۆی ناچار دەستی دابێتە ئاوا نەبەردێك هەر لەبەر گەلو وڵاتەکەشی تێ‌ئەکۆشی کەتازوە ئەمشەڕە ببڕێتەوە بەلکو خومەینیش ئەمەی بەست‌بێتو ژیربوبێ وە دەس لە سەرەبزوت هەڵخزاندن بکەوێ جا ئالەم ڕوانگەیەوە واتە ڕوانگەی دامرکاندنی خومەینی وە ئاسایش بۆناوچەکە ، عیراق هەرپاش چەن ڕۆژێك لەدەس پێ‌کردنی شەڕ وتی کە ئامانج لەمشەڕە چی‌بوە وەبۆچی شەڕکراوە وەڕای‌گەیاند کە ئەگەر بێتو ڕژیمی ئاخوندی دەس لەم شەڕفرۆشتنو دەس درێژکردنانە هەڵگری وەلەماڵی خۆیا دانیشی وەمافی هاوسێ یەتی بزانێت ئێمە ئامادەین کە شەڕاگرین بەڵام مانگێکو دوانو سێ‌وچوار تێ‌پەڕی وەهەزار دەور لەئێراناگوڕا بەلێ لەم ماوەی شەڕەدا چەندین سەرکۆمارو سەرەکوەزیرو وەزیر گۆڕانو گۆڕانو دەرکرانو لابران بەڵام خومەینی هەروەکو ئەوەی مێشێ مێوانی‌نەبی ئەم ماڵ‌وێرانیانەی هیچ‌نەخستەخۆی‌و ئەمپیرەمێردە لەمەمەوە سەرگەردانیو بەدبەختی ئیرانە خۆی کردە نابەلەد

له ژمارەی داهاتوودا :
- لێکۆلینەوەی ڕۆژنامەنووسی‌و دەنگوباسی هەمەجۆرو لایەڕەی ئەدەب‌و ڕۆشنبیری ژمارەیەکی زۆر نووسەرو ڕۆشنبیر [illegible] نیادەکەن .

Institut kurde de Paris

«٨٠٠» هونەرمەندی کچ و کوڕ بەشداری دەکەن

نەقابەی هونەرمەندانی عێراقیش ، وەك ساڵانی پێشووی و بەشداری کردنی لەگشت بادو بیرەوەریەکی جەژنە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکاندا، لەم ڕۆژانەداو لەمەڵبەندی نەقابە لەبەغدا خەریکی خۆئامادەکردنێکی سەرو مرۆ بۆ ئاهەنگ گێران بەم بۆنە پیرۆزەوە ٠٠٠ هەروەها هەموو لقەکانی لەپارێزگاکاندا خەریکی خۆئامادەکردنن ولەم بوارەشدا گەلێك چالاکی و بەرنامەی هەمە چەشنەی ئامادە کردووە کەبریتین لەهونەری تەشکیلی و مۆسیقاو شانۆو گۆرانی و لایەنەکانی تریش ٠٠٠

بۆ ئەم مەبەستەش ، هونەرمەند «حقی الشبلی» سەرەکی نەقابەی هونەرمەندانی عێراق لەچاوپێکەوتنێکدا رایگەیاند کەوا نزیکەی ٨٠٠ هونەرمەندی کچو کوڕلەسەراپای وولاتدا بەشداری بەرنامەکانی ئەو ئاهەنگە دەکەن کەبەم بۆنەیەوەلەبەغدا ساز دەکرێ ٠٠ هەروەها بریاریش وایە کەهەر لەو مانگەدا ، هەموو لقەکانی نەقابە لەپارێزگاکانی وولاتدا ئاهەنگی فراوان ساز بکەن کەبریتی دەبێ لەکردنەوەی پیشانگای هونەری تەشکیلی و، هەروەها سازدانی ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقاو پێشکەش کردنی شانۆگەری ئەوەی شایانی باسە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و راگەیاندن بەرنامەیەکی فراوان بۆ ئاهەنگەکانی تەموزی پیرۆز دانراوە کەچەندان چالاکی ڕۆشنبیری و راگەیاندن و هونەری دەگرێتەوەو لەرادەی سەرجەمی وولاتدا دەبێت ٠

لە ئاهەنگەکانی تەموزی پیرۆزدا

یادی جەژنەکانی تەمووز لەنزیك بوونەوەدایەو وەزارەتو دامەزراوو ڕێکخراوەکان خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ ئاهەنگێکی گێران بەبۆنەی یادی هەردوو شۆرشی تەموزی پیرۆزەوە ٠ ٠ ٠ پێش چەند ڕۆژێکیش گەلێك هەواڵو راپۆرتمان دەربارەی ئەو چالاکیانەی کە ئەو دەزگایانە لەم بۆنەیەدا پێی هەڵدەستن ، خوێندەوە٠

ئەم کیژۆڵەیەو ئەقینی هونەری جوان

ناظم دلبەند — نووسینگەی هەولێر

دەنگی خوڕەی «ئاشاوە» دەتباتەوە بۆ جیهانێکی پڕ لە ئەفینی ئەوتۆ کە« مەمو زین »ی تیا لە دایك بووبێ ٠٠٠ شاخەسەرکەشەکانی (مەتینو ئامێدی) ئامێزی خۆیان کردۆتەوە بۆ زۆزانان٠٠٠سەر سەنگ بوکی ڕازاوەی سروشتە ، لەم هەوارەدا ئەو کیژۆڵە جوانکیلەمان بینی٠٠٠ دەنگی خۆش بوو لەگەڵ کۆمەڵێك کیژۆڵەی تر ٠٠٠ گۆرانی (ئەز بەفرم ، بەفرم ئەز بەفرێ چیاکەی سوردم)ی دەگوتەوە ٠٠٠

بەهرەیەکی نوێ

● دەنگت خۆشە بۆ سترانێ نابێژی ٠٠٠ ؟

ـ ئەز گەلەك حەشکەم بەلێ چەوا دڤێت ٠٠٠

● لەگەڵ تیپی دهۆك ٠٠

ـ با ئەز بەرێ خۆ بدەمێ ٠٠٠ گەلەك باشە ٠٠٠

● حەز لە دەنگی کام گۆرانی بێژ دەکەی ٠٠٠

ـ سترانا محمد عارفێ جریری و ئایشە شانێ و هەمی ستران بێژا تیپا دهۆکێ ٠٠٠ سەیدایێ « دلشاد »یش ٠٠٠

● تۆ لە قوتابخانە پۆلی چەندی ٠٠ ؟

ـ ئەز لە پۆلا پنجێم ٠٠٠ پێنجا ناڤەندێ ٠٠٠ یا ئەدەبی ٠٠٠

● چ ئارەزووی ترت هەیە ٠٠

ـ بەلێ وەڵلا حەش لە مۆسیقایێ دکەم ٠٠٠

● چ ئالەتێکی موسیقا٠٠

ـ گیتار ٠٠٠

● بەلای تۆوە چۆن دەڕوانی یە زۆزانا سەرسەنگێ ٠٠ ؟

ـ بە من زۆزانا سەرسەنگێ وەکی عەشقا مەمو زینێیە٠٠

● سوپاس ٠٠٠ هیڤی خان ٠٠٠

ـ ئەزیش گەلەك مەمنون لە مەوە ٠٠٠

ئەم کیژۆڵە جوانە ئەوەی کە ئەو ئەقینی هونەری جوانی هەیە ئەوەی کە ئەو ئەقینی هونەری جوانی هەیە

جیهانی ڕەنگاوڕەنگ ٠٠٠ جیهانی ڕەنگاوڕەنگ ٠٠٠ جیهانی ڕەنگاوڕەنگ

ئاخری ٠٠ خۆشەویستی منداڵان دەرکەوت

ئەو پیاوە ڕووخۆشەی کە لە فلیمە کارتۆنەکانی منداڵاندا دەور دەبینێ و ناوی « پەپا »یە ڕاستەو ئیستا لە فەرەنسادا دەژی ٠ ناوی ڕێنێ کۆیە و تەمەنی ٣٦ ساڵەو باسی ئەو کەسە کارتۆنییە دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٩٢٨دا لە سینەمای ئەمەریکادا پەیدابوو ٠

تەلەفزیۆنی فەرەنسا زۆر گوێی دەداتێ و داوای لێ کرد هەندێ پڕۆگرام پێشکەش بکا ٠ لەوە دەچێ وەك ئەو «پەپایە»ی ڕاستی ناو دەرکا ٠٠ تۆ بڵێی ؟

دڵ نەخۆش

گۆرانی بێژی فەرەنسایی

دیف کە خاوەنی گۆرانیی « دڵی نەخۆشم »ی ناودارە لەم دواییەدا هەندێ گۆرانی لەو ئاهەنگە گەورەیەدا وت کە لە «ئۆلیمپیا »دا گێڕرا ٠

دیف لە وێنەی ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنییە بوویەوە کە پاڵەوانیەتیی و ناوی « دیکی بە مەلیکی »یەو لە ڕۆمانەکەی ژنە نووسەر فرانسواز مالێ ـ جۆریسە ٠

هەواباز

بیترستی و مافی ئەبلغیارا وایان لا خۆش بوو پاریی کەیشیان بڕێتیە لای بورجی پیزاوەبکەن ٠

پاریی بەکەیشتیان بڕێتیە لەوەی بە ماتۆرسکیلێکەوە بەسەر تەلێکی باریکدا بڕۆن و جۆرەها یاری پڕ مەترسی لە بەرزی ١٢٠ پێوە بکەن٠ خەڵکیش لەسەر بورجەکەوە سەیری ئەم پاڵەوانییەیان دەکرد ٠

ڕۆمی شنایدەریش ٠٠٠ مرد

کە سەعات حەوت و نیوی بەیانی ڕۆژی شەممەی ٢٩ی ئایار براەدەرەکەی چووە ژوورەکەیەوە سەیری کرد ڕۆمی لە پشت مێزەکەیەوە بە قەڵەمەکەی دەستیەوە کۆچی دوایی کردوە ٠ بەم قەڵەمە ڕۆمی ،دەیویست نامەیە بۆ گۆڤاری «ایف ماگازین » بنووسیت و داوای لێبووردنیان لێ بکا بۆ دواخستنی بەڵێنێك ٠٠

کە داڤیدی کوڕی کەوت و مرد لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا ئیتر بە ئێجگاری سەرەتای نەمانی ڕۆمی دەستی پێ کرد٠ هەموو جارێ دەیوت «پیاوێکم لە ماڵایە » ٠ کە ئەم پیاوەیش کوڕەکەی بوو ٠

چیرۆکی منداڵان

گوێ درێژ و بەفر

جارێکیان گوێ درێژێك ئەوەندە بێ تاقەت بوو ، نەیدەتوانی تاوەکو لای تەویلەکەی بڕوا ٠

وەرز زستان بوو ، سەرماو سۆلەیەکی ئەوتۆ بوو هەموو ڕێگاو بانەکانی بەستبوو٠

گوێ درێژەکە خوێی دا بە زەویداو گوتی : ناڕۆم ئیتر، لێرە ڕادەوەستم٠ چۆلەکەیەکی برسی لە تەنیشتیەوە بە گوێیدا چرپاند :

ـ کەرە ، تۆ لە سەر ڕێگا ڕانەکشاوی بەلکو لە سەر گوماوێکی مەیو ڕاکشاوی ٠ ئاگادار بە ٠

گوێ درێژەکە باویشکێکی داو خەوی دەهات ، خەوی لێ کەوت ، گەرمایی لەشی بەرە بەرە شەختەکەی ژێری دەتواندەوە ، تا شەختەکە شکاو گوێ درێژەکە کەوتە ناوەڕاستی ئاوەکەوە ، خەبەری بوەوە ، بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو وخنکا٠

● ئەم چیرۆکە لە مەتەڵو چیرۆکەکانی (لیوناردو دافینشی)یەوە وەرگێڕراوە٠

عبدالوهاب تاڵەبانی وەریگێڕاوە

جیهانی منداڵان

شیعری بۆ منداڵان

● محمد حسین هەڵەبجەیی٠

گول :

ئەی هەنگی جوان و نەخشین
ئەی سەرچاوەی هیوای ژین
خۆشی من لەوەدایە
شیلەت بۆ بێنمە کایە
من گوڵستان جێگەمە
دڵم هێجگار بێ خەمە
وەرە پێکەوە بژین
ئەی هەنگی جوان و ڕەنگین

هەنگ :

تۆ سەرچاوەی ژیانی
بۆ من ئارامی گیانی
شیلەم ئەدەیتێ سەرجەم
هەنگوین دێنمە بەرهەم
هەنگوینەکەم دەرمانە
بۆ خزمەتی ئینسانە
ئەو ئینسانەی دڵسۆزە
بۆمان جەرگی بەسۆزە

هەنگ و گول پێکەوە :

هەردوو بە جووت هەوڵدەین
غەمی ئینسان وەدەرکەین
ئەویش خزمەتمان ئەکا
دەردمان لە سەرلا ئەبا
بە هاوکاری و یەکگرتن
بڕۆین بەرەو سەرکەوتن
با بەك بگرین هەمیشە
هاوکاری بکەین بە پیشە



گوڵەکانی گوڵ و هەنگ

نیو ملیۆن منداڵی کوڕ و کچ ئەمسان لە وڵاتەکەماندا دەچنە قوتابخانە

لە سەرەتای ساڵی داهاتووی خوێندندا ٤٣٠ هەزارو ٢٤٢ منداڵی کچ و کوڕ لەوانەی یاسای خوێندنی ئەوزیمی دەیانگرێتەوە دەچنە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی یەوە ٠

ژمارەی ئەوانەی پاساکە لە پارێزگای بەغدادا دەیانگرێتەوە ١١٢ هەزارو ٨٩٩ منداڵ و لە نەینەوادا ٤٠ هەزارو ٢٤٦ منداڵ و لە صلاح الدین دا ١٣ هەزارو ١١٥ و لە تەئمیمدا ١٦ هەزارو ٤٠ و لە دیالەدا ٢٠ هەزارو ٥٤ و لە ئەنباردا ١٧ هەزارو ٩٤ و لە بابلدا ٢١ هەزارو ٤٠٨ و لە کەربەلادا ٩ هەزارو ٢٨٨ و لە نەجەفدا ١٤ هەزارو ١٣٦ منداڵ ٠

لە هەمان کاتدا ئەوانەی یاساکە لە پارێزگای قادسیەدا دەیانگرێتەوە ١٦ هەزار و ٤٣١ و لە مثنی ١٨ هەزارو ١٨٩ و لە زی قاردا ٢٣ هەزارو ٢٠٤ و لە واسطدا ١٤ هەزارو ٦٨٨ و لە میساندا ١٢ هەزارو ٧٠٦ و لە بەسرەدا ٣٣ هەزارو ٣٩٥ و لە ناوچەی کوردستاندا لەدهۆکدا ٩ هەزارو ٦٤٣ و لە هەولێردا ٢٠ هەزارو ٥٢٥ و لە سلێمانیدا ٢٦ هەزارو ٨٥١ منداڵی کوڕو کچن ٠

ئەوەی ئاشکرایە خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا خوڕایی و تەوزیمی یە بۆ هەموو ئەو منداڵانەی تەمەنی شەش ساڵەیان تەواو کردووە بەپێی یاسای خوێندنی تەوزیمی ژمارە ١١٨ی ساڵی ١٩٧٦ ٠

ساڵی خوێندنی ٧٨ ـ ١٩٧٩ یەکەم ساڵی جێبەجێ کردنی یاساکە بوو ٦٧٣ هەزار قوتابی کچو کوڕی تیا لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا تۆمار کران و پێشەوایەتی حزب و شۆڕش هەموو پێویستی یەکی خوێندنی بۆ ئامادەکردبوون بە هەموو جۆرێکیەوەو بە خۆڕایی لە کتێب و قاقەزو قوتابخانەو ئامرازەکانی فێرکردن و ڕاپەڕاندن ٠

ڕێبەر مەرەیدوت

چایکراوی نوێ

● ئۆتۆنومی ●

بڵاوکراوەی ئۆتۆنومی کە سەرەکایەتی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان دەری دەکات ژمارەی یەکەمو دووەمی ئەمساڵی دەرچووە بەچەندان باسی بەکەڵك و دەنگوباسی ئەنجومەنو مەواڵە گرنگەکانی ناوچەی کوردستانی تێدایە .

ئەنجومەنی ئەدەبیاتی کورد ٠٠٠

« ئەنجوومەنی ئەدەبیاتی کورد » بریتیە لە بەرهەمی شیعری کۆمەڵێك لە شاعیرە ناودارەکانی کوردی وەك نالی و سالم و کوردی و مەولەوی و شێخ ڕەزاو هەندێکی تریشیان ، کە کاتی خۆی ڕۆڵەی بە وەفای کورد مامۆستا (ئەمین فەیزی بەگ) لە شاری ئەستەمبوڵ چاپ و بڵاوی کردەوە لەم دواییەشدا مامۆستا کاکەی فەللاح ئەم کتێبەی سەر لە نوێ چاپ کردەوەو بەوەش خزمەتێکی چاکی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردو دڵو دیدەی خوێندەوارانی کوردیشی ڕووناك کردەوە ٠ شایانی باسە چاپکردنی ئەم کتێبەو بڵاوکردنەوەی لە لایەن مامۆستا ئەمین فەیزی بەگەوە ئەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری شەست ساڵ لەمەو بەر ٠

Institut Kurde de Paris

هاوکاری

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد / شەقامی الخلفاء / مەیدانی خەلانی

تەلەفون ٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت